# برایەتی گەلان و تانەی براکان

## (ئاپۆئیزم و تانەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)

ژیرۆ زاگرۆس

# برایەتی گەلان و تانەی براکان

(ئاپۆئیزم و تانەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)

## ژیرۆ زاگرۆس

ناوی کتێب: برایەتی گەلان و تانەی براکان(ئاپۆئیزم و تانەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)

ناوی نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٢

**پێشکەش بە "ژینـــــــا" کە پرچی بوو بە چۆپی**

**بۆ سترانی "ژن، ژیـان، ئـــازادی"**

دەنگ بە تۆ نادەم، سەد ساڵە

تەنها فێڵ و درۆ دەکەی

نا دەنگ بە تۆش نادەم، نا نا

تۆ هەر شەڕەپەڕۆ دەکەی

دەنگ بە تۆش نادەم، بۆ کورسی

هەزار شەڕی ناوخۆ دەکەی

دەنگ بۆ ئازادکردنی سەدان دیل دەدەم

دەنگ بۆ وێرانکردنی

سەدان بەندیخانەی وەکوو باستیل دەدەم

دەنگ بۆ لوولەی تفەنگی سەر ترۆپکی قەندیل دەدەم.

لەتیف هەڵمەت /

## پێڕست


پێشـــــگوتن ............................................................................................................ ١

برایەتی گەلان؛ تانەی براکان ............................................................................................ ٩

پێشەکی ....................................................................................................................... ١٠

برایەتی لە گوتاری سیاسەتی کوردیدا(کێ باسی "برایەتی گەلان"ی

نەکردووە؟!)................................................................................................................. ١٦

برایەتی لە هزری سیاسەتی کوردیدا(کێ بیری لای "برایەتی گەلان"ـە

و کێ لای برایەتی کوردان"؟!)............................................................................................ ٣١

برایەتی لە کرداری سیاسەتی کوردیدا (کێ "برایەتی گەلان" دەکا و کێ

"برایەتی کوردان"؟)......................................................................................................... ٤١

١- ڕەهەندی چەکداری: ..................................................................................................... ٤٢

٢- ڕەهەندی سیاسی: ....................................................................................................... ٤٦

٣- ڕەهەندی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ............................................................................... ٥٧

٤- برایەتی لە سیمادا...................................................................................................... ٦٢

لۆژیک و ئامانج و ئەنجامەکانی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆئیزم ......................................................... ٦٦

تـانــە "سەرەتایـی"یەکان.................................................................................................. ٧٧

دژی دەوڵەتی کوردییە!! .......................................... ٧٨
سەردەمی چەک نەماوە! .......................................... ٩١
بۆ ناچنە بەشەکەی خۆتان؟! .......................................... ٩٨
دەستوەردان لە پارچەکانی تر .......................................... ١٠٥
ئاپۆئیزم هۆکاری دەستوەردان و وێرانکاری داگیرکەران .......................................... ١١٤
دژی "سەرمایەداری"یە!! .......................................... ١٢٣
بەهانە "بەنی ئیسرائیلی"یەکان .......................................... ١٣١
پەراوێــز و بانگەوازێک .......................................... ١٤٩

# پێشـــــــــگوتن

وەک دەزانین لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەرەو ئەملاوە کوردستانی داگیرکراو شاهیدی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی گەلێ بزاڤی جۆراوجۆری سیاسی و چەکداری بووە. دیارە هەموو ئەم هێزانە هەرکامە و بە ڕێباز و ڕێکاری خۆیان تێکۆشاون و هەرکامەشیان سەرکەوتن و بنکەوتن، هەڵە و ڕاست، چاکە و خراپە، باشایەتی و جاشایەتی، شانازی و لۆمەیی و بەگشتی سوود و زیانی خۆیان هەبووە. ئەوەی کە سەبارەت بە تێکڕای ئەم هێزە جۆراوجۆرانە هەمیشە و تا ئێستاش لە ئارادا بووە ئەمەیە کە هەرکامە و خۆی بە ڕزگارکەری یەکەم، نیشتمانپەروەری یەکەم، شۆڕشگێڕی یەکەم، جڵەوکێشی یەکەم، پارێزەری یەکەم و چی و چی و چی یەکەمی کورد و کوردستان دەناسێنێ لە بەرانبەریشدا ئەوانی دیکە لەم تایبەتمەندی یەکەمبوونە خاڵی دەزانێ. ئەم هێزانە بە درێژایی مێژووی تێکۆشانیان لەلای خۆیانەوە هەر چییان گوتبێ ڕاستی پەتییە و گوتنی ئەوانی دیکە لێوانلێوە لە خەوش و ناڕاستی. هەر چییان کردبێ ڕێگای ڕاست بووە و کردەوەی ئەوانی دیکە لاروخێچ و ناڕێک. ڕێبازیان ڕێبازی ڕاستەقینەی تێکۆشان بووە و هی ئەوانی دیکە پڕ لە چەوتی. بەکورتی مێژووی پارتایەتی و لایەنگرانی پارتەکانی کوردستان کە مێژووی ناتەبایی گەلی کوردە بە درێژایی سەدەیەک. لەڕاستیدا بە هەڵەدا ناچین

ئەگەر بڵێین ئەم دیرۆکە لە ناتەبایی و ڕکابەری و ڕقەبەری پارتە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری ئەگەر بە دیوێکدا دژایەتیکردن بووبێ تا ئاستی شەڕی خۆکوژی و براکوژی، بە دیوەکەی تریدا شەڕێکی بەردەوامی سارد بووە لەنێوان پارتەکاندا بە سەرۆک و ئەندامان و لایەنگرەکانیشەوە. بەڵام لەنێو نەریتی ئەم شەڕە ساردە بەردەوامەدا نموونەیەکیان زۆر دەگمەنە کە ئەویش شەڕی ساردی نێوان پارت و بزاڤەکانی ترە لەگەڵ تەڤگەری ئاپۆییدا. دەگمەنی ئەم میناکە لەمەدایە کە یەکەم، چۆنکە بە مانای هەبوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان یان ڕێکتر لەنێو هەموو کورداندا تەڤگەری ئاپۆیی تاقە بزاڤی گشتگیری کوردە، لەم شەڕەدا بەریەککەوتنی لەگەڵ هەموو لایەنە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆی هەیە. دووەم، چۆنکە ئاپۆئیزم تاقە ڕەوتێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی کوردییە کە هاوکات ڕەوتێکی هزری فەلسەفی و زانستیشە هەموو کەسێ بەگوێرەی خوێندنەوەی خۆی پێی دەوێرێ ڕەخنەی بکا و تانەی لێ بدا. ئەڵبەتە هیچکام لەم دوو خاڵە گرفتی سەرەکی نین و بگرە دەکرێ وەک دانووستاندن و بەریەککەوتنی دەروونجڤاکی نێو کۆمەڵگایەکی زیندووی ئاسایی سەیر بکرێن. ئەوەی لەم بەریەککەوتنەدا گرفتە و گرفتێکی نارێکیشە و هەر بۆیە دەبێتە مژاری سەرەکی ئەم پرتووکە

ئەمەیە کە بە تێگەیشتنی من بەرەی بەرانبەری تەڤگەری ئاپۆیی بە دوو هۆکاری زۆر گرنگ توانای ئەوەی تێدا نییە لە هیچکام لە دوو بواری هزری(عەقڵانی) و ویژدانی(ئەخلاقی)دا ئەم تەڤگەرە وەک خۆی بخوێنێتەوە، شرۆڤەی بکا و ڕەخنەی بکا. هۆکاری یەکەم بریتییە لە سەرەتاییبونی ئەم بەرەیە لە ناسیۆنالیزمدا. مەبەستم لە "سەرەتاییبون لە ناسیۆنالیزم" لێرەدا بەکورتی ئەمەیە کە هیچکام لە لایەنە جیاجیاکانی ئەوبەری ئاپۆئیزم نە بە هزر و نە بە کردار خاوەن تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی تەواو نین سەبارەت بە نەتەوە، نیشتمان، پرسی داگیربوون، دۆزی ڕاکردنی ئەم داگیربوونە و... هتد. هۆکاری دووەم کە دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە هۆکاری یەکەمیش لە خۆ بگرێ، خاڵیبوونە لە هزر و ئەندێشە. "خاڵیبوون لە ئەندێشە" بەم مانایە بەکار دێنم کە ئەم بەرەیە متوربە نییە بە جیهانبینییەکی هزری تۆکمە و هەمەلایەنە سەبارەت بە پرس و دۆزی نەتەوەیی کورد، بە شێوازێ کە بتوانێ جیهانبینی خۆی ئاراستە بکا و بەپێی ئەو جیهانبینییە ڕێباز و هەنگاوەکانی خۆی شرۆڤە بکا. بۆ وێنە لەحاڵێکدا تەڤگەری ئاپۆیی لەڕێی کتێبەکانی ئاپۆوە بە ئاشکرا فەلسەفەی خۆی دەخاتە ڕوو و هەنگاوەکانی بەم فەلسەفەیە پاساو دەداتەوە و بەگوێرەی ئەوە شرۆڤەیان دەکا، باقی تەڤگەرەکانی دیکەی کوردستان جگە لە

ئەساسنامە و پرۆگرامێکی ڕووتی حزبی سەرچاوەیەکی هزری دیکە نادەن بە دەستەوە تا مرۆڤ بە ڕێکوپێکی و سەداسەد لە دیوی پشتەوەی گوتار و کردارەکانی ئەوان تێبگات...

بە هەرحاڵ با بێمەوە سەر مژاری کتێبەکە. ئەم نڤیسارە هەڵسەنگاندنێکی عەقڵانی و ویژدانی بەشێ لەو ڕەخنە یان ڕێکتر بڵێم ئەو تانە و تەشەرانەیە کە لەلایەن ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و بەتایبەت لەلایەن پارتە کلاسیکییەکانی کوردەوە لە ئاپۆئیزم دەدرێن. بێگومان ئەمە قەت بە مانای لایەنگری یان داکۆکیکردن لە ئاپۆئیزم نییە و مەبەستی سەرەکی بە دیاریکراوی سەلماندنی ناڕەوایی تانەکانە لەسەر ئەم تەڤگەرە هەم لە ڕووی عەقڵانییەوە و هەمیش لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە سەنگێکی زیاتر. هەر بۆیە ئەم نڤیسارە لەسەر دوو هێڵی هاوتەریبی لۆژیکی و ویژدانیدا دەڕوات. بەشێ لە هەیکەلی ئەم نووسینە دانانی تانەکانە لە بەردەم سەرنجی لۆژیکی و بەشێکی دیکەشی خستنیانە لە دۆخێکی ویژدانیدا. بۆ گەیشتن بەم ئارمانجەش تەکنیکە سەرەکییەکان بریتین لە :

یەکەم: لەسەر بنەمای "چۆن بۆ خەڵکی شانازی و بۆ ئەم شوورەیی؟!" هێنانەوەی میناکی هاوشێوەی بابەتی تانەکان

سەبارەت بە بزاڤەکاتی دیکەی کورد، بە مەبەستی وروووژاندنی ئەم پرسیارەی کە "تانەچییەکان بۆچی چاو لە کردارەکانی ئەوانی تر دادەپۆشز و لەسەر هەمان ئەو کردارانە تانە لە ئاپۆئیزم دەدەن؟".

دووەم: لەسەر بنەمای "دژوازی نیشانەی نادروستییە"، دەرخستنی دژوازی لە ناوەڕۆکی تانەکاندا، بە مەبەستی "هەڵسەنگاندنی ئەم تانە و تەشەرانە هەم لە ڕووی عەقڵانی و هەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە".

سێیەم: لەسەر بنەمای "ئەدی خۆت بۆ وات کرد؟"، گەڕاندنەوەی پرسیار و تانەکان بۆ خودی تانەچییەکان، بە مەبەستی ڕووبەڕووکردنی خودی تانەچییەکان لەگەڵ مێژووی خۆیاندا و هێنانە ئارای ئەم پرسە کە "بۆچی لەسەر هەمان ئەو کردارانە ئاپۆئیزم لۆمە دەکەن کە خۆیان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەنجامیان داوە؟".

چوارەم: هێنانە ناوەوەی داوەری و خوێندنەوەی خۆم وەک لایەنی سێیەم لە مژاری هەندێ لە تانەکاندا.

... و وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا مەبەستی هەموو ئەمانە زۆر زیاتر لەوەی بەرسڤدانەوەی بێژەر و ژێدەری تانەکان بێ یان پاکانەکردنی بەردەنگی تانەکان و وەڵامدانەوە لە زاری ئەوانەوە،

دەرخستنی نیاز و ناخی ئەم تانە و تەشەرانەیە وەک بەشێک لە نارێکییەکانی بزاوتی دژەداگیرکاری کۆمەڵگەی کوردی. لەم ڕێگایەدا ئاگام لەم ئەگەرەش هەیە کە گوتنەوەی ئەم ڕاستییانە وەک لایەنگری لێکبدرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا من هێندە تاسە و تامەزرۆی ئەوەمە کە خوێنەر لەلای خۆیەوە بیر بکاتەوە کە لە ڕووی ئەخلاقی و عەقڵانییەوە قسەکانی من دروستن یان نادروست، خەمی ئەوەم نییە کە بە لایەنگرم بزانێ یان نەزانێ. کە واتە با خۆم پێش ئەم مەراقە بکەوم و بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆم سەبارەت بە ئاپۆئیزم ڕوو بکەم. من نایشارمەوە کە بە یەک هۆکاری زۆر گرنگ تەڤگەری ئاپۆیی بە ڕێکوپێکتر لە هەموو ئەوانی دەرەوەی خۆی دەزانم. ئەم تەڤگەرە پێچەوانەی تەواوی تەڤگەرە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان کە بەردەوام باس لە ڕێباز و فەلسەفە و جیهانبینی خۆیان و سەرۆکەکانی خۆیان دەکەن و کەچی کۆپەڕێکی دیاریکراویشیان نییە کە مرۆڤ ئەم فەلسەفە و جیهانبینییەی تێدا بدۆزێتەوە تا بتوانێ بیخوێنێتەوە و شرۆڤەی بکا و لە لۆژیکی پشت سیاسەتەکانی ئەوان تێبگا، ئاپۆئیزم لە کەسایەتی کتێبەکانی ئاپۆدا خاوەن هزرێکە کە مرۆڤ دەتوانێ بە وردی بیخوێنێتەوە و شرۆڤە و شیکاری بۆ بکا و بەگوێرەی ئەم هزرە دیاریکراوە لە لۆژیکی سیاسەتی ئەم تەڤگەرە بە خاس یان

**خراپ تێبگات. دیسانەوە ئەم بۆچوونەشم ناشارمەوە کە بە ڕای من ئاپۆئیزم ئەگەر تا ئێستا نەشیتوانیبێ داگیرکاری لەسەر کورد ڕابکا، لانیکەم بەراورد بە تەڤگەرەکانی دیکەی کورد باشتر توانیویەتی کورد لە دۆخی داگیربوونی خۆی بەئاگا بێنێتەوە و هەروەها پێچەوانەی تەواوی بزاوتەکانی دیکە تەڤگەرێکی تاک ڕەهەند نییە و بەردەوام لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری پرس و دۆزی کورد دەکا... . بە هەرحاڵ بەشێکی تر لە ئامانجی ئەم نووسینە کە لە کۆتا بەشدا وەک پەراوێزێک ئاماژەی پێدەکەم بریتییە لە هەنگاونان بە ئاراستەی ڕەخنەکردن و پڕکردنەوەی گۆشەیەکی زۆر بچووک لە یەکێ لە کەماسییە هەرە گەورەکانی فەزای ڕۆشنبیری کوردی سەبارەت بە دۆزی کورد بەگشتی و سیاسەت و پارتایەتی کوردی لەم بوارەدا بەتایبەتی.**

# برایەتی گەلان؛ تانەی براکان

## پێشەکی

**یەکێ لەو چەمکانەی کە ئاپۆ، تەڤگەری ئاپۆیی و فەلسەفەی ئاپۆئیزم لە هێمایدا هەمیشە دەکەونە بەر تانە و تەشەری هەندێک لە ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکان بریتییە لە چەمکی "برایەتی گەلان". لەم گوتارەدا خۆسەر لەوەی برایەتی گەلان باشە یان خراپ و دروستە یان نادروست، لەنێو ڕەوت و دیرۆکی بزاڤی سیاسی کوردیدا بەشوێن ئەم دەستەواژەیەدا دەگەڕێین بەڵکوو بتوانین بە هۆیەوە سەرەداوەکانی "تانەی برایەتی گەلان" بدۆزینەوە و لە نیاز و مەبەستی ئەم تانەیە تێبگەین. بە مانایەکی تر لەم نڤیسارەدا هەوڵدەدەین ڕەهەندە جیاجیاکانی وەک نزیکایەتی هێزە کوردییەکان، لێکەوتە و دەرهاویشتەکان و هەروەها سوود و زیانەکانی چۆنێتی بەکارهێنان و کێیەتی بەکارهێنەرەکانی چەمکی "برایەتی گەلان" بخوێنینەوە بەشکەم لە ڕێگەیانەوە بتوانین بگەینە کرۆکی "تانەی برایەتی گەلان". یان ڕێکوپێکتر و ڕۆشنتر بڵێم بگەینە ئەمەی کە تانە و تەشەرەکان چەندە عەقڵانی و لۆژیکین، چەندە ئەخلاقی و ویژدانین و چەندە نەتەوەیی و نیشتمانین؟!**

ئەڵبەتە لەم ڕێگایەدا هەر لە سەرەتاوە گرفتێکی گوزارەیی گەورەمان لە بەردەمدایە و ئەویش ئەمەیە کە چەندە مانای "برایەتی" و "برایەتی گەلان" لە فەرهەنگی ئێمەدا ڕوون و ئاشکرایە، بە هەمان ڕادە دژواتای ئەم چەمکانە لە قسەی تانەچییەکاندا نادیار و ناڕوون و تەماوییە. با ڕێکتر و وردتر مەبەستی ئەم قسەیەم شی بکەمەوە. لای ئێمە دەڵێن "قسەکە بجۆ، ئەوسا بیکە". ئێمە دەزانین کە لە فەرهەنگی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی لەنێو فەرهەنگی کوردیشدا واژەی "برایەتی" واتایەکی دیار و ئاشکرایە. "برایەتی" یان "براییکردن" واتە وەکوو برا لە یەکتری ڕوانین و لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوتکردن و بەکورتی ژیانێکی برایانە لەگەڵ یەکتری ژیانکردن. پەیڤی "برادەر" کە بە مانای "برای دەرەوەی ماڵ" دێت دیسان هەر هەڵگری مانای "براییکردن"ـە بە واتای کەسێ کە گەرچی برای ڕاستەقینە نییە بەڵام لەگەڵ هەڤاڵەکەیدا دۆستایەتییەکی برایانە دەژی. کە واتە لە فەرهەنگی ئێمەدا "برایەتی" لە مانای گشتیدا سەنگێکی واتایی بەرینی هەیە و هەڵگری گەلێ واتایە وەک پشتیوانیکردنی یەکتر، دۆستایەتی برایانە، بە هاوبەشی و یەکسانی ژیانکردن، هاوسێیەتی هاوشان، پێکەوەژیانی بێکێشە و... هتد. هەر بۆیە دەستەواژەی "برایەتی

گەلان"یش دەکرێ هەر لە دۆستایەتی بگرە تا یەکسانی، پێکەوەژیان، هاوبەشی و... هتد هەڵگری پانتاییەکی فراوان لە مانا و پەیامی جۆراوجۆر بێ. بێگومان ئەم پەیامانە زیاتر لە مانا فەرهەنگی و زمانییەکە بەگوێرەی بێژەر، شوێن، کات و بارودۆخی هاتنەگۆیان هەڵگری مەبەستی دیاریکراوی خۆیانن. لەڕاستیدا لۆژیکی بارودۆخی کورد پێمان دەڵێ کە هەر بانگێکی "برایەتی گەلان" لەلایەن کوردەوە هەڵهاتبێ هەڵگری یەکێ لەم سێ مەبەست و پەیامە بووە: یا پاڕانەوەیەکی ژێردەستانە بووە بە ئاراستەی "دەوڵەت ـ وڵات ـ گەل"ـەکانی سەردەست تا کورد بە برای خۆیان بزانن و وەک برا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن و ئەم هەموو ستەمەی لێ نەکەن. یان بانگەوازێکی ویژدانی بووە تەنیا بە ئاراستەی گەلانی سەردەست کە ویستوویەتی تەڤگەری دژەداگیربوونی کورد وەکوو تەڤگەرێکی نە دژ بە گەلان، بەڵکوو تەنیا دژ بە ستەمی دەوڵەتانی داگیرکەر پێناسە بکا بەڵکوو سەرنجی بەشێ لەو گەلانە بۆ ئەو ستەمەی کە لێی دەکرێ ڕابکێشێ. یان بانگەشەیەکی مرۆڤدۆستانە بە ئاراستەی جیهانی دەرەوە و بەتایبەت لایەنگرانی مافی مرۆڤ بووە و هەڵگری ئەم پەیامە کە کورد مەترسی بۆ گەلانی تر نییە و ئامادەیە بە برایەتی لەگەڵیان بژی بە مەرجێ مافەکانی بدرێتێ. بەکورتی دروشمی

"برایەتی گەلان" لە هەر لایەنێکی کوردییەوە هەڵهاتبێ پەیامەکەی تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆشن و دیار بووە.

بەڵام لە بەرانبەردا لانیکەم تا ئەو شوێنەی کە من بە دوایدا گەڕاوم، بەپێچەوانەوە ئامانج و پەیامی "تانەی برایەتی گەلان" بە ڕێژەیەکی زۆر ناڕوون و تەماوییە. تانەدەران کاتێ تانە لە "برایەتی گەلان" دەدەن و دەیخەینە بەر گومان یان پرسیاری ئاراستە دەکەن یان تانە و تەشەر و جنێوی پێدەدەن، بە وردی و بە دەقیقی ڕۆشنی ناکەنەوە مەبەستیان چییە و پێشنیاریان چیبە. بۆ وێنە ناڵێن کام چەمک، ڕێباز، ڕێکار یان ڕەفتار بە دژ یان بە جێگرەوەی "برایەتی گەلان" دەزانن تا گەلی بندەستی کوردی پێ هانبدەن و داوای لێ بکەن بەشوێن ئەوەدا بڕوات؟. باس لەوە ناکەن جگە لە تەڤگەری ئاپۆیی کێی دیکە باسی "برایەتی گەلان"ی کردووە و ئەگەر کەسێ باسی کردووە بۆ ئەوانیش لۆمە ناکرێن و تانەیان لێ نادرێ؟. ئایا ئەو لایەنەی کە خۆیان سەر بە ئەوانن لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا وەستاون؟. ئەسڵەن "برایەتی گەلان" لەبەر چی بۆ کورد خراپ و زیانبارە و ئەگەر وایە بۆ خۆیان نابنە هەڵگری "دژایەتی گەلان"؟!. ئایا "برایەتی کوردان" و "برایەتی گەلان" پەیوەندییان پێکەوە چییە، دژی یەکترین یان

هاوئاراستەن؟. ئەو کوردانەی "بڕایەتی گەلان" دەکەن مرۆڤی خراپترن یا ئەو کوردانەی کە "دژایەتی کوردان" دەکەن؟. کێ بە کردەوە دژی "برایەتی کوردان"ـە و کێ زیاتر "برایەتی گەلان" دەکات؟... و هتد. هەر بۆیە لە یەکەم ڕووبەڕووبووندا ئەم تانەیە بەڕاستی "قسەیەکی نیوجۆ"یە کە نیاز و مەبەستی ئەوانەی کاوێژی دەکەن دەخاتە بەر گومان. لەم ڕوویە لەم نڤیسارەدا ناچارین لە ڕەهەندی مانایی جیاوازەوە بڕوانینە "تانەی برایەتی گەلان". بە گوتنێکی سادەتر ئامانجی ئەم بەشە زیاتر لەوەی سەلماندنی دروستی یان نادروستی "برایەتی گەلان" بێ لە هەر مانایەکیدا، شیکاری "تانەی برایەتی گەلان"ـە لەڕێگەی شیکردنەوەی دیرۆک و لۆژیکی "برایەتی گەلان" لەنێو بزاڤە جیاجیاکانی کورددا تا لە سۆنگەی ئەخلاقی و ویژدانی و هەروەها هزری و عەقڵانییەوە خوێنەر لە ناخ و ناوەڕۆکی ئەم تانەیە نزیک بکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا جارێکی تر وەبیر دێنمەوە کە لێرەدا چەندە مەبەستم ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک و مەبەستی "تانەی برایەتی گەلان"ـە، نیو ئەوەندە مەبەستم سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستی یان دروستی و نادروستی "برایەتی گەلان" نییە و هەر لەم

**دەسپێکەشدا بە ڕاشکاوانە نایشارمەوە کە تا ئەو ڕۆژەی کە داگیربوون لەسەر کورد و کوردستان ڕانەبێ، وەک خۆم هەم بە هەست و هەم بە هزر قەت قەت باوەڕم بە برایەتی لەگەڵ گەلانی فارس و تورک و عەرەب نەبووە و نییە و نابێتیش.**

## برایەتی لە گوتاری سیاسەتی کوردیدا(کێ باسی "برایەتی گەلان"ی نەکردووە؟!)

"سوێند دەخۆم بە خودا، بە قورئانی پیرۆز، بە نیشتمان، بە شەرافەتی گەلی کورد، بە ئاڵای بێگەردی کوردستان سوێند دەخۆم کە هەتا دوا هەناسەی ژیانم و دوا تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لەڕێگەی مانەوەی ئازادی کورد و بەرزکردنەوەی ئەو ئاڵایە کە مایەی شانازی هەموو کوردێکە کۆشش بکەم و دوا نەکەوم. بە سەرۆک کۆماری کوردستان و یەکگرتنی کورد و ئازەربایجان شانازی دەکەم و کۆشش دەکەم بۆ مانەوەی ئەم ئامانجە"[١]. ئەم دێڕانە دەقی سوێند خواردنی پێشەوا قازی محەمەدە لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمارێکی کوردیدا. کە واتە لە ئەدەبیاتی زارەکی سیاسەتی کوردیدا باسکردن لە برایەتی و دۆستایەتی و یەکێتی لەگەڵ گەلانی تر پێشینەی هەیە و شتێکی تازە نییە و پێشتریش باسی لێوە کراوە. بەڕاستی ئایا ئەم نموونەیە لە باسکردنی برایەتی گەلان لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیدا بوویەرێکی ئاوارتەیە و تەواو، یان دیاردەیەکی گشتگیر و باوی بزاڤی سیاسی کوردییە. بە مانایەکی ڕێکتر، گەلۆ زاراوەی "برایەتی گەلان"،

١ـ قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد، ل. ٣٠

هەمواتاکان و دژواتاکانی لە کوێی مێژووی زارەکی سیاسەتی کوردیدا جێدەگرن؟. یان وردتر بڵێین، ئایا سەرۆکێکی ناسراوی کورد هەیە بە ئاشکرا بانگەشەی دژایەتی گەلانی فارس و تورک و عەرەبی کردبێ؟، کام سەرکردەی دیاری کورد هەیە بانگەوازی دژایەتیکردنی ئەم گەلانەی بەرز کردبێتەوە؟، کامە شۆڕشگێڕێکی ناوداری کورد هەیە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لە گەلانی داگیرکەر کردبێ؟، کام پارتی گرنگی کوردی بانگەشەی برایەتی و پێکەوەژیانی لەگەڵ گەلانی فارس و تورک و عەرەب نەکردووە؟، کام سەرۆک و ئۆرگانی پارتێکی کوردی ڕۆژێ لە ڕۆژان گوتارێکیان پێشکەش کردووە کە تێیدا لەسەر دژایەتی گەلان قسەیان کردبێ؟... و هتد. با بە چەند میناکێکی نزیک لە ئاوێنەی مێژوودا تۆزێ بەشوێن ئەم مەراقەدا بگەڕێین تا بزانین کێ باسی برایەتی گەلانی نەکردووە؟!.

- عەبدولرەحمان قاسملوو لە گوتاری ڕاگەیاندنی ئاشکرای حدکا لە کۆبوونەوەی جەماوەی مەهاباد لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا دەڵێت: "سڵاو لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئێران و گەلی کورد کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان پێکهێنا. سڵاو لە برایەتی فارس، ئازەربایجانی، بەلووچ، تورکمان، ئاسووری، ئەرمەنی و کەلیمی، هاوخەباتانی ئێمە لە شۆڕشی ئێراندا... تاوانبارکردنی گەلی

کورد بە جیاوازیخوازی، تەجزیەتەلەبی گۆڕانییەکی کۆنە... لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، دووپاتەی دەکەمەوە، لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا هیچ هێزێکی سیاسی جیاوازیخواز و تەجزیەتەلەب نییە... گەلی کورد بە تێکڕایی داوای مافی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکات".

ـ ئەمە دەقی گوتاری مەسعوود بارزانییە لە یەکێ لە کۆنگرەکانی پارتیدا: "ئێمە لەم کۆنگرەیەدا دەمانەوێ بە عەرەب و تورک و فارس بڵێین کە کورد چاوی لە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و یەکسانە لەگەڵ ئێوەدا. ئێمە نامانەوێ دژایەتی هیچ گەل و دەوڵەتێکی دراوسێ و ناوچەکە بکەین، بەڵکوو دەمانەوێ دژمنایەتی بە تەواوەتی نەهێڵین و بگەینە ڕێکەوتنێکی تەواو و چارەسەرێکی ئاشتییانە و عادیلانەی کێشەی کورد. چۆنکە لەو باوەڕەداین بەو شێوەیە نەتەوەی کورد و سەروەت و سامانەکانی کوردستان دەتوانن بەشدارییەکی زۆر گەورە بکەن لە پێشخستنی ناوچەکە و لە بەرزکردنی ئاستی ژیانی هەموو گەلانی ناوچەکە. کورد دەیەوێ هۆکاری سەقامگیری بێت و دەیەوێ هۆکاری بەهێزکردنی دیمۆکراسی بێت لە ناوچەکەدا. هیچ لەوانەش بە چەک ناکرێن، بەڵکوو پێویستیمان بە ئاشتییە".

**ـ جەلال تاڵەبانی لە باسی چۆنێتی هەڵسوکەوتی کورد سەبارەت بە کەرکووک دەڵێت: "ئێمە دەبێ هەڵنەچین، حەماس نەمانگرێ، دروشمی شۆڤینی نەدەین، بە جۆرێ کار بکەین کە وا خەڵک تێبگا ئێمە بەڕاستی باوەڕمان بەوەیە کەرکووک شاری برایەتی کورد و تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوورە... دەبێ تورکمان هەست بکا کورد بەشی دەدا، مافی دەداتێ، ڕێزی دەگرێ، قسە کافی نییە بڵێین برایەتی کورد و تورکمان و... دەبێ بە کردەوە پێیان بسەلمێنین، بە برا تورکمانەکانمان، برا عەرەبەکانمان، برا عەرەبە ڕەسەنەکانمان، برا کلد و ئاشوورەکان کە ئێمە بەشیان دەدەین. کەرکووک بە هی خۆمان دەزانین، هی هەمووومان، نەک بە هی کورد دەزانین... ئێمە دەبێ هیچ وەختێک کاردانەوەی شۆڤینیمان نەبێ. دێت دەڵێ کەرکووک تورکمانە، پێبکەنە، بڵێ کاکە کەرکووک هی تورک و عەرەب و تورکمان و هەمووومانە... بە زمانی گوڵەکە قسە بکەن دایمە...".**

**بێگومان دەتوانین سەدان نموونەی دیکەی لەم گوزارشتانە بێنینەوە کە سەرکردەکانی کورد تێیدا هەم لە کاتی بێهێزی و هەمیش لەکاتی بەهێزیدا بەردەوام و بە ئاشکرا باسی برایەتی گەلان و بەتایبەتی برایەتی لەگەڵ گەلانی داگیرکەردا دەکەن. ئەم**

سێ نموونەیەم بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە ڕێک لە هەستیارترین و گرنگترین و بەهێزترین چرکەساتەکانی تێکۆشاندا ئاراستە کراون. قاسملوو لەحاڵێکدا سڵاو لە برایانی فارس دەکا و داخوازی پێکەوەژیان لە گەلی فارس و دوڵەتی ئێرانی دەکا کە ئەوان لە بۆشایی دەوڵەتێکی بەهێزدا دەژین و لە بەرانبەردا کوردی ڕۆژهەڵات لە بەورەترین ساتەکانی شۆڕشی بەهێزی جەماوەری خۆیدا دەژی. بارزانی لە شوێن و کاتێکدا پەیامی دڵنیایی و برایەتی بۆ گەلان و دەوڵەتانی داگیرکەر دەنێرێ کە بۆ هەر پارتێکی سیاسی عەقڵانیترین کاتەکان و گرنگترین شوێن و کاتی داڕشتنی بڕیار و ڕاسپاردەکانە بۆ ئایندە. تاڵەبانی وەختێ ئامۆژگاری کورد دەکا بۆ پەیڕەکردنی برایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا کە هەم خۆی وەک سەرکۆماری وڵات و هەم کورد و بەتایبەتی پارتەکەی ئەو لەوپەڕی دەسەڵاتدان و تەواوی کەرکووکیان لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتدایە. کورت و کورمانجی، بە درێژایی خەباتی پارتایەتی کوردی، قسەکردن لە برایەتی گەلان ئەگەر گوتاری زاڵی تەواوی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی نەبووبێ، بێگومان تا ئاستێکی نزیک لە گشتگیری یەکێک بووە لە گوتارە هەرە باوەکانی ئەم گۆڕەپانە و ئاپۆ تەنیا ڕوخساری دیاری ئەم گوتارە نییە. ئەڵبەتە کاتێ باس لە سیاسەتی کوردی دەکەین، بێگومان هەمووشمان دەزانین کە یەکێ

لە هەرە بەهێزترین باڵەکان و هەرە کاریگەرترین دەزگاکانی ئەم گۆڕەپانە بریتییە لە خودی پارتی کوردی. هەر بۆیە پێویستە لە کارنامەی پارتە کوردییەکانیش سەبارەت بە جۆری مامەڵە و نزیکایەتییان لەگەڵ چەمکی برایەتی گەلاندا بکۆڵینەوە تا زیاتر ڕاستییەکانمان بۆ دەرکەوێ. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەم بوارەدا دیسان ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە ناوەڕۆکی بەرنامەی چەند پارتێکی دیاری کوردی دەکەین کە ئاراستە و مەودای جیهانبینی ئەوان سەبارەت بە برایەتی گەلان بە ئاسانی ڕوون دەکاتەوە.

- پرۆگرامی پەدەکە: چەسپاندن و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا و کارکردن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو مەسەلە ناوخۆییانە بەپێی دەستوور بدۆزرێنەوە کە لەنێوانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵدا هەڵپەسێردراون[٢]. (دیارە لێرەدا مەبەستی پەدەکە لە نیشتمان عێراقە و ئەگەر خۆیانی بەئەنقەست لێ گێل نەکەن، هەر ئەمە لە خۆیدا بەشی خۆی ئاماژەی گرنگی تێدایە بۆ تانەدەرانی برایەتی گەلان).

---

٢- برگەی ئامانجە نیشتمانییەکان، مادەی ١٠، ل.٨

**- پرۆگرامی پەدەکە: چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوەژیان و گیانی لێبوردەیی لەنێوانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی گەلدا[٣](دیسان لێرەشدا مەبەست گەلی عێراقە).**

**- پرۆگرامی پەدەکە: پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لەنێوانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش و...[٤]**

**- پرۆگرامی حدکا: حزبی دیمۆکراتیش وەک حزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان سیکۆلاریزم و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ گەلان و ئایینەکانی دیکەی وەک سیاسەتی نەگۆڕ لە ساڵی ١٣٢٤ەوە لە بەرنامە و ئەساسنامەی خۆیدا گونجاندووە[٥].**

---

٣- بڕگەی ئامانجە نیشتمانییەکان، مادەی ١٧، ل. ٩

٤- بڕگەی ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، مادەی ١٩، ل. ١٠

٥- کۆنگرەی ١٦، پێشەکی، ل. ٣ی دەقی فارسی ئەساسنامە

- پرۆگرامی یەنەکە: [یەکێتی] تێدەکۆشێت لەپێناوی ئاشتی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، ... ، پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر...[٦] .

- بەرنامەی حدک: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران بە بەردی بناخەی دامەزراندنی ئێرانێکی دیمۆکراتیکی فیدرال دەزانێ[٧].

- بەرنامەی حدک: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان باوەڕی بە ئیدەئالەکانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و دۆستایەتی نێوان گەلان هەیە[٨].

- پرۆگرامی گۆڕان: دامەزراندنی بنەماکانی وتووێژێکی شارستانی لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردستان و نوێنەرانی تورکمان و عەرەب و کلدوئاشوری لە ناوچە دابڕاوەکاندا لەسەر بنەمای ئینتیمای هاوبەش بۆ نیشتمان، هاوسێیەتی لە جوگرافیا و مێژوودا، شەراکەت

---

٦ـ کۆنگرەی ٤، ئامانجە گشتییەکان، بەندی ١، ل. ١٥

٧ـ کۆنگرەی ١٥، فەسڵی ١، مادەی ١، بەندی ٣، ل. ٨

٨ـ کۆنگرەی ١٥، فەسڵی ١، مادەی ١، بەندی ٥، ل. ٨

و بەرژەوەندی یەك تەواوکەر، دور لە دەمارگیری، دور لە هەر جۆرە گوتارێك کە بۆنی شۆڤینیزم و توندڕەویی لێ بێت[٩].

بێگومان هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێ تێبگات کە دەستەواژەگەلی وەک "یەکێتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا"، "پێکەوەژیان و گیانی لیبووردەیی"، "ڕێزگرتنی عێراق"، "پەیوەندی دۆستانە لەنێوانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ"، "پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ گەلان و ئایینەکانی دیکە"، "یەکێتی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان گەلان"، "دۆستایەتی نێوان گەلان" و... هتد لێوانلێون لە داخواز و بانگەشە و بانگەواز بۆ برایەتی گەلان و بەدیاریکراویش لە جۆری برایەتی لەگەڵ فارس، لەگەڵ تورک و لەگەڵ عەرەب. هەموو ئەم ئاماژە ئاشکرا و گرنگانە گوزارە لە ڕاستییەکی ڕووت دەکەن و ئەویش ئەوەیە کە بانگەشە و بانگەوازی برایەتی لەگەڵ گەلانی داگیرکەر قسەی سەر زاری زۆرینەی هەرە زۆری تەڤگەرەکانی کوردستان بووە. ئەم ڕاستییە لەپاڵ ڕەفتاری جووت ستاندارد و هەڵاوێردکارانەی تانەدەرانی "برایەتی گەلان" سەبارەت بە تەڤگەری ئاپۆیی گومانێکی ئەخلاقی و ویژدانی و پرسیارێکی هزری و عەقڵانی بەرهەم دێنێت و ئەویش:

---

٩ـ بەشی ١، تەوەری ١، بەندی ٥، ل. ٣

"بۆچی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی چاو لە برایەتی گەلانی تەڤگەرەکانی دیکە دادەخا و تەنیا لۆمەیی و سووکایەتی و گاڵتە بە برایەتی گەلانی تەڤگەری ئاپۆیی دەکا؟!". لە بەشەکانی داهاتوودا لە ڕەهەندی جیاوازی دیکەشەوە شوێنی هەردوو گەوهەری عەقڵانی و ئەخلاقی ئەم پرسیارە دەکەوین بەشکەم ناخی ڕاستەقینەی ئەم ڕەوتە بناسین، بەڵام پێش ئەوە با بە تێبینییەک هەر لێرەوە هەوڵبدەین تۆزێ لە جیاوازییەکانی تەڤگەری ئاپۆیی و بزاڤەکانی دەرەوەی ئەم تەڤگەرە تێبگەین.

تێبینی: جیهانی سیاسەتی ئەمڕۆ لە ناخی خۆیدا چەندە قڕێژ، ناشیرین، ستەمکار و پڕ لە ناڕێکییە، بە هەمان ڕادە لە ڕواڵەتدا جیهانێکە لێوانلێوە لە شاردنەوەی ناڕێکییەکانی خود و پڕاوپڕە لە خۆ جوانکردنی ساختە. لەم جیهانە بێڕەوشتەدا وڵاتان داگیر دەکرێن بەناوی ئازادییەوە. خەڵکانی ئازادیخواز لە سێدارە دەدرێن بە بیانووی تیرۆرەوە. سامانی بندەستان تاڵان دەکرێن لە پۆششی بازرگانیدا. ئایینداران قڕان دەکرێن لەژێر ئاڵای دەقە پیرۆزەکاندا. ژینگە تێکدەدرێ بە ناوی مۆدێرنیزمەوە. فەرهەنگەکان لەناو دەبرێن بەناوی پەروەردەوە. هێرش دەکرێ بەناوی پاراستنەوە. ئاژاوە دەنرێتەوە بەناوی بەرژەوەندییەوە و... هتد. بەکورتی لە

سیاسەتی ئەمڕۆدا ئەوەی لە خراپە هەیە، دەکرێ بەڵام بە پۆششێک لە جوانکاری ساختە. لەم جیهانەدا کە هەموو کەسێ لە هەوڵی ئەوەدان بە هەر شێوازێک ناخی نارێکی خۆیان ڕێکوپێک نیشان بدەن، ناشیرینییەکانی خۆیان شیرین بنوێنن، جۆرێ هەڕەشە بکەن وەک ئەوەی لە ترسا هاوار دەکەن، جۆری گەزی خۆیان بدەن وەک ئەوەی ئەوانن ئازاریان پێدەگات، گەلۆ کام مرۆڤی عاقڵ و ژیر بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆی ڕێگای هەڕەشە و جنێو و دژایەتی ئاشکرا دەگرێتە بەر، لەحاڵێکدا کە هیچ دەسەڵاتێکیشی نەبێ بۆ جوانکردنی سیمای خۆی لەم جیهانی بەرژەوەندیخوازە بێ ئەخلاقەی ئەمڕۆدا. ئەگەر سادەتر بدوێین، چوار دەوڵەت نەتەوەی داگیرکەر سەد ساڵە ستەم نەماوە لە کوردی نەکەن، بەڵام یەکجاریش بە زاریاندا نەهاتووە کە بڵێن بەڵێ ئێمە کوردستانمان داگیر کردووە و کورد دەکوژین و قڕانی دەکەین و سامانەکەیان تاڵان دەکەین. بەپێچەوانەوە بەردەوام بە درۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمەی تورک برای کوردین و هاووڵاتی یەک نیشتمانین، ئێمەی فارس هاونەژادی کوردین و پێکەوە هاونیشتمانی یەک وڵاتین، یان ئێمەی عەرەب برای ئایینی کوردین و لە وڵاتدا وەک یەک دەژین. ئێستا ئێمەی کورد کە تەواوی دەوڵەتانی دنیا هاوکاری داگیرکەرانمان دەکەن و بە جۆرێ

لە جۆرەکان دژمنایەتیمان دەکەن، بەپێی کام عەقڵی سیاسی هاوار بکەین کە ئێمە دژی گەلانی فارس و تورک و عەرەبین و دەمانەوێ ئەم گەلانە سەرکوت بکەین؟. هەم نموونەی ئەمجۆرە ڕەفتارانە زۆر نزیک و بەردەستن، هەمیش ئەنجامەکەی لەبەر چاوی ئێمەدا دیار و ئاشکران. با بە دوو میناکی نزیک لە خۆمان دەست پێبکەین. باسی داگیرکەرانی خۆمان نەبێ، دەوڵەتی ئیسرائیل وێڕای ئەوەی دڕندایەتی قەت قەت ناگاتە دڕندەیی هیچکام لە داگیرکەرانی کوردستان، ئەویش هیچ ستەمێک نەماوە دژی خەڵکی فەلەستین نەیکردبێ، بەڵام هەمیشە باس لە برایەتی جوولەکە و عەرەب دەکا و وەک ستەمدیدە خۆی نیشان دەدا. لەم لاوە عەرەبەکان هەر بە هەڕەشەی بێ بنەما دژی جوولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئاسانی خۆیان لە چاوی جیهان تیرۆریزە کردووە و ئەوە دۆخی ئیسرائیل و ئەمەش دۆخی فەلەستین!. نموونەی دیکە، ئێران لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابردوودا نەیوێراوە تەنانەن یەک فیشەکیش ئاراستەی ئیسرائیل بکا، بەڵام جارجار بە درۆشمگەلی پووچ هەڕەشەی سڕینەوە و لەناوبردنی جوولەکە دەکا. کەچی لەم لاوە ئیسرائیل لەژێر درۆشمی برایەتی جوولەکە و ئاریایی هەرکاتی ویستبێتی بەم سیاسەتە بە ڕواڵەت ئاشتیخوازانەیە گورزی خۆی لە ئێران داوە و کەسیش

بەرینەگرتووە و ئیدانەشی نەکردووە. ئەنجامی هاوکاتی ئەم دوو ڕەفتارەش لە هیچ کەسێ شاراوە نییە و گشت کەسێ دەزانی دۆخی ئێران و ئیسرائیل بەرانبە بەیەک لەچاو سیاسەتی جیهانیدا چۆنە!. ئێستاکە لە جیهانێکدا کە ئەم ڕێسا نەنووسراوەیە بەسەریدا حوکم دەڕانێ، ئەگەر دۆخی گەلان و دەوڵەتانێ بە پێگە پشتیوان وەها بێ لە یاریکردن بە دروشمەکانی برایەتی یان دژایەتی گەلان، دۆخی کوردی بێ پشتیوان دەبێ چۆن بێ؟!. لەسەر ئەم بنەمایە من پێم وایە دروشمی "برایەتی گەلان" درۆشمێکی گونجاوە لەگەڵ لۆژیکی سیاسەتی جیهانیدا و لەم جیهانە بێ ئەخلاقەدا بانگەشەی "دژایەتی گەلان" بۆ گەلێکی وەک کورد کە لە هاوکێشەکانی سیاسەتی جیهانیدا جێپێیەکی گرانی نییە جۆرێکە لە خۆکوژی سیاسی یان لانیکەم ڕێگەخۆشکەرە بۆ تیرۆریزەکردنی لەلایەن دەوڵەتانەوە. ئەگەرچی ئەم دروشمە بە هەڵکەوت یەکێکە لەو خاڵە هەرە دەگمەنانەی کە فەزای گشتی بزاڤی پەرتەوازە و ناکۆکی سیاسەتی کورد بە شێوازێکی زۆر سەیر لەسەری کۆکە، بەڵام لەم بوارەدا یەکەم جیاوازی گەوهەری لەنێوان تەڤگەری ئاپۆیی و ئەوانی دیکەدا ئەمەیە کە ئەم تەڤگەرە پێش هەموو شتێ لە ناوخۆدا لە سەروو هەمووانەوە بە ڕژدی بەشوێن "برایەتی کوردان"ـەوەیە، ئمجا لە پەیڕەوکردنی ڕێبازی "برایەتی

گەلان"یشدا توانیویەتی ئەم ڕێبازە بۆ دەرەوەی گەلانی داگیرکەر و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین درێژ بکاتەوە. هەر لەسەر ئەم سیاسەتەیە کە دەبینین ئەمڕۆ هەر لە وڵاتانی ئارژانتین و مەکزیکەوە بگرە تاکوو ئەفغانستان و ئافریقا، تا وڵاتانی ئەوروپی و ڕووسیا، هەم لەنێو خەڵکی ئاساییدا، هەم لەنێو شۆڕشگێڕان و ئینتەرناسیۆنالیستەکاندا و هەمیش لەنێو زانایانی گەورەی جیهانیدا ئەم تەڤگەرە هەوڵدەدا پرسی کورد بناسێنێ و پشتیوانی بۆ بدۆزێتەوە و بێگومان لەم بوارەدا لە هەموو بزاڤەکانی دیکەی کوردی زۆر لەپێشە و هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە لەسەر بنەمای ئەم ستراتیژییە هیچ بزاڤێکی کوردی هێندەی ئاپۆئیزم نەیتوانیوە دۆزی کورد جیهانی بکاتەوە و بە شێوەیەکی سنووردایش بووبێ بیگەیەنێتە گەلانی جیهان. خاڵی گرنگی دووەم ئەمەیە کە لە هاوکێشەی  برایەتی گەلان"دا تەڤگەری ئاپۆیی تەنیا تەڤگەرێکە پەیڤی "کورد" وەک خۆی بەکار دێنێ، لەحاڵێکدا زۆرینەی ئاڵایە ڕەهای بزاڤەکانی دیکە ئەم پەیڤە لە مانا جێیی و هەرێمییەکەیدا بەکار دێنن و لە گفتوگۆ لەگەڵ دەرەوەی کورددا لە ڕواڵەتی ناوەکانی "کورد" و "کوردستان"دا لە هێمای تەنیا بەشەکەی خۆیاندا باسی دۆزی کورد دەکەن. بۆ وێنە لە ڕستەی "فەرانسا دۆستی کوردە" تەنیا مەبەستیان کوردی ڕۆژهەڵاتە و کاریان نییە

**چۆن دژایەتی بەشەکانی تر دەکات. یان کاتێ دەڵێن "ئامەریکا پشتیوانی لە کورد دەکات" مەبەستییانە بڵێن پشتیوانی باشوور دەکات و گرنگ نییە چۆن دژایەتی بەشەکانی تر دەکات و... هتد.**

## برایەتی لە هزری سیاسەتی کوردیدا(کێ بیری لای "برایەتی گەلان"ـە و کێ لای برایەتی کوردان"؟!)

**لەم بەشەدا لەنێو هزری لایەنە جیاجیاکانی سیاسەتی کوردیدا بە شوێن چەمکی برایەتیدا دەگەڕێین تا بەرسڤی ئەم پرسە بدۆزینەوە کە جێگە و پێگەی "برایەتی گەلان" و "برایەتی کوردان" لە کوێی جیهانبینی و ئەندێشەی ئەم هێزانەدایە. یان بە مانایەکی ڕێکتر و وردتر لە نێوان دووتای ئەم دوو جۆرە برایەتییەدا ئاراستەی کێ بەرەو کامیانە و کێ لە کامیانەوە نزیکترە؟.**

**بێگومان یەکێ لە ئەنجامە هەرە نالەبارەکانی دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی جیاوازدا ئەوە بوو کە تەڤگەری جیاجیای دژەداگیرکاری سەرهەڵبدەن و لە ئەنجامی ئەمەشدا تێڕوانین و ڕێکاری جیاوازی چارەسەری بێنە ئاراوە. لەم ڕوویەوە ڕەنگە دۆزی کورد یەکێک بێ لە دۆزە هەرە دەگمەنەکانی داگیربوون لە جیهاندا. لەپێناو ئەم دۆزە ئاڵۆزەدا هەر لە خودموختاری و ئۆتۆنۆمی بگرە تا مافی چارەنووس، فیدراڵیزم، کۆنفیدراڵێزم و تەنانەت هەتاکوو دەوڵەتی سەربەخۆش، کورد هەمیشە بە تێگەیشتنی جیاجیا لە بارودۆخی خۆێ هەمیشە بە ڕێباز و ڕێکاری جیاجیا بە شوێن چارەسەری کێشەی خۆیدا گەڕاوە. بێگومان ئەم**

جیاوازییەی تێڕوانین و تێگەیشتن لە دۆخی داگیربوون و لە ئەنجامدا جیاوازی لە ڕێکارەکان بەردەوام یەکێک بووە لە ناڕێکییە ناوخۆییە هەرە وێرانگەرەکانی سیاسەت و بزاڤی دژەداگیرکاری کوردی. بەڵام بەداخەوە ناڕێکییەکی گەورەتریش لەنێو ئەم بزاڤەدا بوونی هەیە. ئەم ناڕێکییە گەورەیە بریتییە لە دروستبوون و جێگیربوونی کوردستانێکی بچووکی پاشکۆی یەکێ لە چوار "دەوڵەت ـ وڵات"ی کەزایی لە هزری سیاسەتی کوردیدا. لەم تێگەیشتنەدا هزر و جیهانبینی زۆربەی هەرە زۆری پارتە سیاسییە کوردییەکان لەمەدا چەقی بەستووە کە پارچەکەی ئەوان بەشێکی مافخوراوی وڵاتی سەردەستە، ئەوان نوێنەر و داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ئەو پارچەیەن، بەرپرسیارەتی ئەوانە ڕێگەچارەی بۆ بدۆزنەوە و لە چوارچێوەی وڵاتی سەردەستدا مافەکانی ئەو پارچەیە بگەڕێننەوە، هیچ هێزێکی پارچەکانی تریش مافی دەستوەردانی پارچەکەی ئەمانی نییە و ئەمانیش هیچ کارێکیان بە پارچەکانی دیکەوە نییە. بەکورتی هزری زاڵی سیاسەتی کوردی بریتییە لە جیهانبینی "هەر پارچە بەشێ لە وڵاتی سەردەستی خۆیە و هەر لایەنێکیش دەمڕاستی پارچەکەی خۆیەتی". ئەم تێڕوانینە بە درێژایی مێژووی پارتایەتی کوردی هیچ بوار و دەرفەتێکی نەهێشتووەتەوە بۆ هاوخەباتی و هاوئاراستەیی

لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا و تەنیا هاوبەشی تەڤگەرەکانی ئەم پارچانە بریتی بووە لە لێکچوونێکی زارەکی کوشندە و خەڵەتێنەر کە ئەویش بەکارهێنانی چەواشەی پەیڤی "کوردستان" بووە کە ئەم هێزانە بە تەنیا یان لە دووتوێی دەستەواژەگەلی وەک "ئیقلیمی کوردستان"، "هەرێمی کوردستان"، "کوردستانی ئێران"، "کوردستانی عێراق" و... هتددا تەنیا و تەنیا بۆ گوزارەکردن لە پارچەکەی خۆیان بەکاریان هێناوە. لە هەبوونی نموونە زەقەکانی شەڕی براکوژی نێوان هێزە جیاجیاکاندا کە لە بەشی داهاتوودا زیاتر باسی دەکەین، چیتر لێرەدا پێویست بە هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەکی دیکە نییە بۆ سەلماندنی ئەمەی کە ئەنجامی هەرە گەورەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە ڕاستەوخۆ دوورکەوتنەوە بووە لە "برایەتی کوردان" بە ئاراستەی "برایەتی گەلان"ی داگیرکەر و بگرە زۆربەی کاتەکانیش بە ئاراستەی "برایەتی دەوڵەتان"ی داگیرکەر. لێرەدا کاتێ دەڵێم دەوڵەتانی داگیرکەر مەبەستم نە جیاکردنەوەی ئەم دەوڵەتانەیە لەگەڵ گەلەکەیاندا، بەڵکوو مەبەستمە دەست بخەمە سەر ناڕێکترین و ناشیرینترین جۆری برایەتی لەگەڵ گەلانی داگیرکەردا کە زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردییەکان بە درێژایی مێژوو پەیڕەویان کردووە. چۆنکە من وەک خۆم گەلانی داگیرکەر و دەوڵەتانی داگیرکەر لەیەک

جیا ناکەمەوە و دواجار ئەم دەوڵەتانە بە بەشێک لەم گەلانە دەزانم. بە هەرحاڵ لەوانەیە کەسانێک هەبن کە ئەمجۆرە تێڕوانینەی فەزای سیاسەتی کوردی گرێ بدەن بە ڕاسەڵەی بارودۆخی کوردستان و بە ڕاستبینی ئەم فەزایەوە. بێگومان ئەمە ئەگەرچی بەشێ لە ڕاستی تێدایە، بەڵام گرفتە گەورەکە نییە. گرفتی گەورە ئەمەیە کە ئەو بەشە لە فەزای گشتی سیاسەتی کوردی کە بارگاوییە بە تێگەیشتنی پارچەیی لە دۆزی کورد، تەنیا لە پارچەبوون و پارچەگەراییدا ڕاستبینە و دوای ئەمەش نەتەنیا وەک یەک پارچە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا ناکا، تەنانەت بە "یەکچارەنووس"یشی نازانێ.

لەم بەینەدا تەڤگەری ئاپۆیی بە ئاشکرا لەوانی تر جیاوازە. ئەو ئەگەر تاقانە ڕەوت نەبێ، یەکێکە لە ڕەوتە دەگمەنەکانی کوردستان کە باوەڕی بە "یەکچارەنووسی" گەلی کورد هەیە. دوو لە سەلمێنەرەکانی ئەم ڕاستییە بریتین لە سەربەخۆییخوازی و دواتریش کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک. هەڵگرتنی دروشم و داخوازی سەربەخۆیی بۆ کوردستانی گەورە هەر لە خۆیدا ئاماژەیەکی ئاشکرای بەهێزە بەوەی کە تەڤگەری ئاپۆیی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بە یەکچارەنووس سەیر دەکا. زۆربەی هەرە زۆری

بزووتنەوەکانی تر هیچکات باسی دەوڵەتی سەربەخۆیان نەکردووە و لایەنیکی وەک پەدەکەش کە باسی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات، قەت و قەت مەبەستی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەبووە بۆ تەواوی کوردستان و کوردستانی تەنیا لە باشووردا کورت دەکاتەوە. دوو جار ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور خۆی گۆیای ئەم ڕاستییەیە. بە هەرحاڵ تەڤگەری ئاپۆیی لە دوای گرتنی ئاپۆ ئارمانجی سەربەخۆیی گۆڕی بۆ ڕێگەچارەیەکی تر کە بریتی بوو لە کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک. بەڵام لە کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیکیشدا دیسان بە ئاشکرا داخواز و بانگەوازی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان کرا. کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک بە ڕوونی باس لە پرسی هاوبەشی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، داوای بەدەستهێنانی مافی کورد لەم چوار بەشە دەکات و ڕێگەچارەی هاوبەشیش بۆ هەر چوار پارچەکە پێشنیار دەکات. بەکورتی بنەمای فکری هەردوو ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە و کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک یەکچارەنووسی گەلی کوردە پێکەوە. لە دەرەوەی تەڤگەری ئاپۆیی زۆرینەی نزیک لە ڕەهای هێزە دیارەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هیچیان خۆیان وەک نوێنەری کوردستانی گەورە دەرنەخستووە، بەڵکوو تەنیا بەشوێن چارەسەری دۆزی کورد لە

پارچەکەی خۆیان بوونە. وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا بەرنامە و ئایدۆلۆژیای زۆرینەی نزیک لە ڕەهای هێزە کوردییەکان بە ئاشکرا نیشانی دەدات کە بێ ئەملا و ئەولا هەر هەموویان خۆیان تەنیا وەک نوێنەر و دەمڕاستی پارچەکەی خۆیان دەزانن و بەرنامەی هەر هەمووشیان تەنیا و تەنیا باس و داخوازی چارەسەری کێشەی کورد دەکەن لە پارچەکەی خۆیاندا. لە هیچ کەسێ شاراوە نییە کە ئەمە بە پلەی یەکەم بە واتای داخوازی پێکەوەژیانی هاوبەش، یان دەقیقتر برایەتی لەگەڵ گەلانی داگیرکەر دێت. کورت و کورمانجی، پێچەوانەی تەواوی هێزەکانی دەرەوەی خۆی کە پرۆژە فکرییەکانی هەموویان لە چوارچێوەی پارچەی خۆیاندا بووە و هیچکامیان بیریان لە چارەسەری دۆزی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان نەکردووەتەوە، تەڤگەری ئاپۆیی تاقە تەڤگەرێکە تا ئێستاش لە هزری خۆیدا وەک یەک پاکێج لە کێشەی هەر چوار پارچەی کوردستان دەڕوانێ و پرۆژەی فکری خۆشی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش دەکا. بێگومان زۆر بیردۆزی دیکەی ئاپۆ هەن کە بە ئاشکرا باس لە برایەتی کوردانی هەر چوار پارچە دەکەن. خودی چەمکی "کۆما جڤاکێن کوردستان" بە ئاشکرا بەشی خۆی تەماحی یەکپارچەبوونی کوردی تێدا دیارە. چەمکێکی تر بریتییە لە بیرۆکەی "کۆنفیدراڵیزمی ژێرین و ژۆرین" کە لە

پەیمانی کەجەکەشدا بە جۆرێ لە جۆرەکان ئاماژەی پێکراوە. ئەم پەیماننامەیە دەڵێت: "[کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک] بۆ کوردستانیش لەجیاتی بینینی مافی چارەی خۆ نووسین وەک ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەبێ ئەوەی سنووره سیاسییەکان بکاتە گرفت و ئەو سنوورانە بە بنەما بگرێت، بزووتنەوەی ئاواکردنی دیمۆکراسی خۆیەتی. لە پێکهاتە و قەوارەکانی کوردان کە لە ئێران، تورکیا، سووریا و تەنانەت لە عێراقیش پێکدێت تەواوی کوردان دێنە لای یەکتری و فیدراسیۆنی خۆیان ئاوا دەکەن، یەکدەگرن و لە سەرەوە کۆنفیدراسیۆنی خۆیان پێشدەخەن"[10]. بێگومان ئەمە لووتکەی خەونەکانی تەڤگەری ئاپۆیی نییە بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی کوردان و هەم کتێبەکانی ئاپۆ و هەم پەیماننامەی کەجەکە بە ئاشکرا نیشانی دەدەن کە ئەم بزاڤە خەونی زۆر گەورەتریشی پێیە بۆ دروستکردنی برایەتی کوردان. یەکێ لە لووتکەکانی ئەم خەونە کە لە پەیماننامەی کەجەکەدا هاتووە ئەو شوێنەیە کە هەرکام لە کۆمەڵەی کوردانی ئەورۆپا و کوردانی سۆڤیەتی پێشوو وەک پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان پێناسە دەکا و دەڵێ: "گۆڕەپانەکانی ئەورۆپا و

---

١٠ـ پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، ل. ٤

کۆمەڵەی دەوڵەتانی سەربەخۆ(سۆڤیەتی پێشوو) هەریەک وەکوو پارچەیەک سەیر دەکرێ، لە میانەی ڕەچاوکردنی هەلومەرجی واقیعی ئەم گۆڕەپانانە بە شێوەی بنەماکانی ڕێکخستنی پارچەکان، کۆمەڵگای کوردی نیشتەجێی ئەم ناوچانە، بە ڕێکخستنی دیمۆکراتییانەی خۆیان دەگەیەنرێن..."[١١]. هەر ئەم پەیماننامەیە لە شوێنێکی تردا سەبارەت بە چۆنێتی یەکگرتنی چوار پارچەی کوردستان بە وردی دەڵێت: "دەرحەق یەکێتی کۆنفیدراڵی دیمۆکراتییانەی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان کەجەکە ئیرادەی خودی گەل بە بنەما دەگرێ و بەگوێرەی بنەماکانی کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک ئەم ئیرادەیە دەخاتەڕوو. یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکرات ئامانجە. لە پەیوەندی نێوان پارچەکانی کوردستان هاوکاری و یەکێتی مەرجە. ئەم یەکێتی و هاوکارییە لە ڕێگای ئۆرگانە هاوبەشەکانی بڕیاردان، جێبەجێکردن و چاودێری گەل لە گشت پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەدی دێت، ئەمەش لە ڕێگای سیاسەتە هاوبەشەکانی ئابۆری و پەروەردە،

١١- پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، مادەی ١٨، ل. ٥٧

چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە هاوبەشەکان و بەرگری ڕەوای هاوبەش پێشدەکەویت"[١٢].

بێگومان هێنانەوەی ئەم میناکانە قەت بە مانای داوەریکردنی هزر و چەمکەکان نییە لە ڕووی نادروستی و دروستییەوە، بەڵکوو تەنیا بەراوردکردنی ئاپۆئیزمە لەگەڵ سەرچاوەکانی تانەی سەر "برایەتی گەلان" لەنێو بزاڤی سیاسی کوردیدا، ئەویش بە مەبەستی ئاشکراکردنی ئەمەی کە کێ زیاتر بیری لای برایەتی کوردان و کێ لای برایەتی گەلانە؟!... .

کۆتا قسە تا ئێستا، بێگومان لەبەر ئەوەی کە خاوەن هەموو هزر و گفتارێک بە ئاسانی دەتوانێ بە پاساوگەلی وەک "فکرەکەی من بە هەڵە لێکدراوەتەوە"، یان "مەبەستی من لە فڵانە قسە شتێکی تر بووە"، یان "بیرۆکە و قسەکانی من چەواشە کراون" و هاوشێوە ئەمانە نکۆڵی لە هزر و قسەی خۆی بکا، میناک هێنانەوە لە بواری گفتار و هزردا هیچکات ناتوانێ سەلمێکی سەداسەد مسۆگەر و یەکلاکەرەوە بێ بۆ نیشاندانی ئەوەی کێ بە شوێن چیدایە. هەر بۆیە لێرەشدا هەروەک بەشەکەی پێشوو چیتر باس لە میناکی

١٢- پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، مادەی ٤٥، ل. ٧٨

**زیاتر ناکەین و لەباتی ئەمە لە بەشی داهاتوودا لەنێو کرداری تەڤگەرە جیاوازەکاندا لە جۆر و شێواز و ئاراستەی برایەتی ئەم تەڤگەرانە دەکۆڵینەوە.**

## برایەتی لە کرداری سیاسەتی کوردیدا (کێ "برایەتی گەلان" دەکا و کێ "برایەتی کوردان"؟)

پێشتر ئاماژەیەکی کورتم بەمە دا کە ئەگەرچی بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی ڕاوەستەی کەسەکان سەبارەت بە هاوکێشەیەکی دیاریکراو پێویستە سەرەتا لە هزر و گفتاریان سەبارەت بەو هاوکێشەیە بڕوانین، بەڵام دواجار ئەمە کردارە کە ڕاسەڵە و کرۆکی ڕاوەستەی مرۆڤ لەنێو هاوکێشەکان و سەبارەت پێیان بە ڕوونی دەردەخا. بە مانایەکی دیکە کردار ئاوێنەی ڕاستەقینەی شوێن و ئاراستەی مرۆڤە لە هەر هاوکێشەیەکدا و ڕێگای هەرە بەردەست و هەرە دروست بۆ داوەریکردنی جۆری نزیکایەتی و ڕاوەستەی کەسەکان تێگەیشتنە لە کرداری ئەوان لەنێو هاوکێشەکاندا. لەسەر ئەم بنەمایە لەم بەشەدا ڕەهەندە جیاجیاکانی کردار و هەڵسوکەوتی لایەنە جیاوازەکانی سیاسەتی کورد لەگەڵ چەمکی "برایەتی" دەخەینە بەر سەرنج تا بەڕاستی بۆمان دەرکەوێ بە مانای نزیککردنەوەی کورد لە نەتەوییبوون کامە لایەن نزیکترە لە "برایەتی کوردان"ـەوە، بە مانای تێکدانی نێوماڵی کورد و ئاژاوەنانەوە لە نێوخۆدا کام لایەن زیاتر بە ئاراستەی "دژایەتی کوردان" دەجووڵێتەوە و بە مانای خزمەتکردن بە گەلان و

دەوڵەتانی داگیرکەر کامە لایەن زیاتر پەیڕەوی "برایەتی گەلان" و تەنانەت "برایەتی دەوڵەتان" دەکا؟!.

١- ڕەهەندی چەکداری:

مەسعوود بارزانی ساڵی ٢٠٠٣ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "دەیلی نیووز"ی تورکیدا دەڵێت: "ئەگەر دوای قوربانیدانی سێ هەزار شەهید لە شەڕ دژی پەکەکە هێشتا هەندێک کەس لە تورکیا وا بیربکەنەوە کە ئێمە دژمنین، ئەوە کارەساتە. ئێمە خوێنمان بەخشی تا دەسەڵاتدارانی تورکیا باوەڕمان پێ بکەن...". ئەم دەقە زیاتر لەوەی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی سادە یان بەرسڤێکی سیاسی بەرپرسێک بێ بە ڕوونی گوزارەیەکی تەواو ڕۆشن و باڵانمای یەکێ لە نارێکییە هەرە گەورە و کوشندەکانی تەڤگەری سیاسی کوردییە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا. ئەم نارێکییە کە تا ئەم ساتەوەختەش لە ئارادایە بریتییە لە خۆخۆری و براکوژی کورد بە دەستی کورد. نارێکییەک سەداسەد پێچەوانەی "برایەتی کوردان" کە دەکرێ ناوی بنێین "دژایەتی کوردان". نموونەکانی ئەم "دژایەتی کوردان"ـە هێندە زۆرن و هێندە لەبەر چاون کە بڕوا ناکەم کوردێ هەبێ ئاگای لێیان نەبێ و هەموو کەسێ دەتوانێ دەیان نموونەیان لێ بێنێتەوە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە شەڕەکانی سەرەتاکانی ١٩٨٠ی کۆمەڵە و دیمۆکرات لە ڕۆژهەڵات لەسەر ئایدۆلۆژی و دەسەڵات،

شەڕەکانی دوای ١٩٦٦ دوای جیابوونەوە لە پارتی و دروستبوونی یەکێتی، شەڕی ١٩٧٨ حەکاری لەنێوان پارتی و یەکێتی کە لە نەریتێکی دڕندانەی خراپتر لە نەریتی داگیرکەران دیلە کوردەکان بە ئارپیچی بە دەستی کوردەوە کوژران، شەڕی ١٩٩٤ تا ١٩٩٧ی باشوور بە سەرکێشی پارتی و یەکێتی، شەڕی پارتی و یەکێتی لەگەڵ پەکەکە لە ئۆپەراسیۆنی ساندویچی ١٩٩٢ و هاوکاری تورکیا، درێژەدان بە هاوکاری تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی چەلیک لە ١٩٩٥ کە تا ئێستاش بە جۆرێ لە جۆرەکان درێژەی هەیە، شەڕەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ی یەکێتی و هێزە ئیسلامییەکان، شەڕی ١٩٩٣ی پارتی و حسک، شەڕی ١٩٧٩ی پارتی و قیادە نوەقەتە لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات کە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی خەساند... و هتد. ئەمانە تەنیا چەند میناکێکن لە مێژووی کارەساتباری "دژایەتی کوردان"ی هێزە سیاسییە جیاوازەکان کە زۆرجار ڕاستەوخۆ لەپێناو برایەتی لەگەڵ گەلان و دەوڵەتانی داگیرکەردا بووە. بێگومان ئەوەی تۆزێ ئاگایی و ئەڵبەتە ویژدانیشی هەبێ دەتوانێ لە هەناوی ئەم دیرۆکە نەگبەتە خوێناوییەدا بە ئاسانی بگاتە ئەم ئەنجامە بەراوردییە کە لەنێوان تەواوی هێزە دیارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا لەڕووی سەربازییەوە تەڤگەری ئاپۆیی کەمترین کردەوەی "دژایەتی کوردان"ی ئەنجام داوە و لەم

زەمینەیەدا کارنامەی ئەگەر بە تەواوەتی سپی نەبێ، لە زۆرینەی ڕەهای ئەم هێزانە سپیتر و پاکترە. لەڕاستیدا هەتا ئەم ساتەوەختەش زیاترین "دژایەتی کوردان" و زیاترین "برایەتی گەلان" و لەوانەش خراپتر زیاترین "برایەتی دەوڵەتان"ی داگیرکەری کوردستان ڕێک لەلایەن ئەو هێزانەوە دەکرێن کە بەناوی کوردایەتی خەریکی بەڕێوەبردنی سەرەتاییترین شێوازی ناسیۆنالیزمن و بە هەڵکەوت هەر ئەوانیشن کە زۆرترین تانە و تەشەر لە "برایەتی گەلان"ی لە جۆری ئاپۆیی دەدەن. ئاشکرایە کە مەبەستم لێرەدا زیاتر لە هەمووان هێزەکانی باشوور بەگشتی و بەتایبەت پەدەکە و ئەو هێزانەشە کە لە پارچەکانی تر گرێدراو یان دەستەمۆی ئەوانن. لە بیرمان نەچێ کە بێدەنگکردنی هێزی سەربازی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کەردستان لەلایەن دەسەڵاتی باشوورەوە لەپێناو پاراستنی ئێراندا وێنایەکی تری ئەمجۆرە تێڕوانینەیە.

بەکورتی کاتێ لە دوو سەری بازەی برایەتی دەڕوانین، زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە تەڤگەری ئاپۆیی بە مەودایەکی دوور لە ئەوانی دیکە زۆر نزیکترە لە "برایەتی کوردان". ئەم نزیکبوونە تەنیا لە ڕێژەی کەمی بەڕێوەبردنی شەڕی براکوژی یان

لە هاوکارینەکردنی دەوڵەتانی داگیرکەر دژ بە لایەنە کوردییەکانی تر کورت نابێتەوە، بەڵکوو دیوی دیکەشی هەیە کە پێویستە ببینرێن و بخوێنرێنەوە تا ڕاستییەکان هەرچی ئاشکراتر دەرکەون. بۆ وێنە کاتێ هەڵوێستی گەریلا لە کەرکووک، شەنگال و ڕۆژاوای سەردەمی داعش بەراورد دەکەین بە دژمنکاری و خیانەتی هێزەکانی باشوور لە تەڤگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دوای ڕووخانی پاشایەتی کە دەکرا ببێتە هەلێکی زێڕین بۆ سەرهەڵدانی کیانێکی سیاسی لەم بەشەی کوردستان، باشتر دەتوانین ڕاوەستەی ئەم دوو ڕەوتە سەبارەت بە "برایەتی کوردان" لەگەڵ یەکتری هەڵسەنگێنین و پێکەوە بەراوردیان بکەین. دیوێکی تری خوێندنەوەی جیهانبینی هێزە کوردییەکان سەبارەت بە یەکگرتن و "برایەتی کوردان" لە بواری لەشکریدا بریتییە لە خوێندنەوەی ڕاوەستەی ئەوان لەمەڕ دروستکردنی هێزی سەربازی هاوبەشی کوردی. تاکوو ئێستا هەم "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان(کەنەکە)" و هەمیش "کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە)" بە ئاشکرا و بە لێدوانی فەرمی داوای دروستکردنی هێزی پاراستنی هاوبەشی کوردییان کردووە، لەحاڵێکدا نەتەنیا هیچ هێزێکی تری دەرەوەی تەڤگەری ئاپۆیی ئەمجۆرە بانگەوازانەی لێ نەبینراوە، بەڵکوو هیچکام لەوانە بە فەرمی بەرسڤی ئەرێنی ئەم

بانگەوازەشیان نەداوەتەوە. بەداخەوە پێویست بە هیچ لێگەڕینێکی قووڵ و ورد ناکا تا بزانین بەرانبەر بەم تێڕوانین و هەنگاوانەی تەڤگەری ئاپۆیی سەبارەت بە یەکخستنی هێزی پاراستنی هاوبەشی کوردی هەناسەیەکی بەهێزی پێچەوانەش بوونی هەیە. ئەم هەناسەیە کە تاکوو ئەم ساتەوەختەش لەلایەن هێزە کوردییەکانی دیکە و بەتایبەتی هێزە کلاسیکییەکانی نوێنەری ناسیۆنالیزمی سەرەتاییەوە پەیڕەو دەکرێ، دەتوانین لە وێنایەکدا کورتی بکەینەوە. ئەم وێنا نەگبەت و ئابڕووبەرانەیە بریتییە لە نەبوونی هێزێکی سەربازی نیشتمانی و پڕەنگبوونەوەی میلیشای حزبی و تەنانەت میلیشای کەسی سی ساڵ دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان. ئیتر بڕوا ناکەم پێویست بکا پرسیارە سەرەکییەکە لێرەشدا دوبارە بکەمەوە کە کێ لایەنگری "برایەتی کوردان" و کێ برەودەری "دژایەتی کوردان"ـە؟...

### ٢- ڕەهەندی سیاسی:

یەکێ لە دیالۆگە بەناوبانگەکانی ئاپۆ گفتوگۆیەکی دوو لایەنەیە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی "دادگای مێژوو". ئەم کتێبە ئەگەر بە ناوەڕۆک ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی مێژووی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی بێ، لە هێمادا گوزارەیەکی دەگمەنە لە

دەسپێشخەرییەک کە لە ژیانی سیاسی و جڤاکی سەرکردەکانی ئێمەدا ئاوارتە و نامۆیە. ئەم دەسپێشخەرییە بریتی بوو لە پرۆسەیەکی بانگهێشتکردنی هونەرمەند، ڕۆشنبیر، شۆڕشگێڕ، سیاسەتمەدار و بەگشتی کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە دۆز و پرسی کورد. ئەم هەڵمەتە یەکێکە لە یەکەمین هەنگاوەکانی تەڤگەری ئاپۆیی بۆ نزیککردنەوەی چینی نوخبەی کورد لە تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی داگیربوونی کوردستان، یان لانیکەم بۆ نزیککردنەوەی خۆی لە چینی نوخبەی کوردی. ئەڵبەتە ئەم هەڵمەتە بە دیوەکەی تریدا هەمیشە لەنێو شەقامی ئاسایی کوردیدا لە ئارادا بووە. نموونەشی تێکەڵاوی بێوێنەی ئاپۆیە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژاوای کوردستاندا. بە هەرحاڵ ئەوەی کە مێژووی سەرکردەکانی کورد پێمان دەڵێ بەداخەوە "ئاپۆ"یان لێ دەرکەین، هیچ سەرکردەیەکی سیاسی دیکەی کورد ئەگەر نەڵێین بیری لە خۆ نزیککردنەوە لەگەڵ نوخبە و شەقامی کوردیدا نەکردووەتەوە، بێگومان بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو هەنگاوی کرداری بۆ هەڵنەگرتووە. نەبوونی خەونی تێکەڵبوون لەگەڵ شەقام و نوخبەی کۆمەڵگەدا لەلای سەرکردە و پەیڕەوی ئەوەش لەلای پارتی

سیاسی کوردی بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک یەکێ بووە لەو هۆکارانەی کە سەرکردە و پارتی کوردی هیچکات قۆناخی ناوچە و پارچەکەی خۆی دەرباز نەکات و هیچکات بیری لە دروستکردنی سیوان و لێڤەگەڕێکی نیشتمانی گشتگیر نەکاتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە ئاپۆ تاقە سەرکردەی سیاسییە کە نە لە چوارچێوەی پارچەیەکدا، نە لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا، بەڵکوو لەسەر ئاستی کوردانی جیهان هەمیشە هەوڵی نزیککردنەوە و نزیکبوونەوەی نەتەنیا لەگەڵ چینی نوخبە بەڵکوو لەگەڵ شەقامی کوردیشدا داوە. لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینەدا ئاپۆ تەنیا سەرکردەیەکە بیری لە دروستکردنی سیوانێکی گشتگیری نەتەوەیی کردبێتەوە کە بتوانێ نوێنەرایەتی گشت کورد بکات و لەکۆتاییدا بەرهەمەکەشی دەبێتە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان(کەنەکە)". بێ هیچ گومانێک کەنەکە تا ئەمڕۆ بەرینترین سیوانێکە کورد توانیبێتی دروستی بکات و ئەویش لەسەر دەستی تەڤگەری ئاپۆیی ئەنجام دراوە. وەک لە بەرچاوە تەواوی تەڤگەرەکانی دەرەوەی ئاپۆیی نەتەنیا قەت نەیانتوانیوە، یان ڕێکتر بڵێین نەیانویستووە تەنانەت کوردەکانی پارچەکەی خۆیانیش لەیەک نزیک بکەنەوە، بەڵکوو لە هێمای کارەساتی وەک دابەشبوون و پارچەبوون لەنێو خۆیاندا، یان لە هێمای شەڕەکانی

براکوژیدا، یان لەڕێگەی هاوکاریکردنی داگیرکەران و... هتد، خۆیان وەک یەکێ لە هۆکارە هەر بەباندۆرەکانی لەتبوون و دابەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵیان گێڕاوە. بەڵام پێچەوانەی هەموو ئەم تەڤگەرانە بزاڤی ئاپۆیی یەکەمین بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستانە کە دەستی کردووە بە ڕێکخستنی هەموو کوردانی جیهان لەژێر سیوانێکی نەتەوەییدا. دروستکردنی کەنەکە ئاماژەیەکی زۆر گەورەیە کە تا ئەم ساتەوەختە جگە لە تەڤگەری ئاپۆیی هیچ تەڤگەرێکی کوردی نایەوێ و ناخوازێ بە ئاراستەی کۆکردن و بەدیهێنانی برایەتی هەموو کوردانی جیهان هەنگاو بنێ. ئەڵبەتە زۆرجار ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکان بە بیانووی ئەمەی کە کەنەکە هەوڵی کۆکردنەوەی خەڵکە تەنیا لە دەوری ئاپۆئیزم و تەڤگەری ئاپۆییدا، دەیانەوێ لە بایەخی ئەم هەوڵە کەم بکەنەوە. بەڵام هەموو کەسێکی عاقڵ دەتوانێ بپرسێ کە ئەوانی دیکە بۆ هەوڵی کۆکردنەوەی کورد نادەن با لە دەوری خۆشیان بێ؟!. یان ئەگەر مەبەست یەکگرتن و کۆکردنەوە بێ کە خەونێکی دێرینی کوردە، ئیتر کەی گرنگە کورد لە دەوری کامە لایەن کۆ دەبێتەوە؟!. دواجار ئەگەر مەبەست کۆکردنەوە بێ لە دەوری ئاپۆئیزمدا، چۆن لەلایەن ئاپۆوە پێشنیاری هاوسەرۆکی کەنەکە ئاراستە و پێشکەشی کەسێکی وەک مەسعوود بارزانی دەکرێ؟!.

بە هەرحاڵ تاکوو ئەمڕۆ هیچ ڕێکخراو و پارت و سەرکردەیەکی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی نییە کە کەنەکە سەری لێ نەدابێ و بانگهێشتی دروستکردنی یەکێتی کوردی لێ نەکردبێ، بەڵام تاکوو ئەم ساتەوختەش زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی کورد نەتەنیا خۆیانی لێ بەدوور دەگرن و پێشوازی لێ ناکەن، بەڵکوو هیچکامیشیان ئامادە نین دەسپێشخەرییەکی هاوشێوە بنوێنن. گەلۆ مژاری کەنەکە مەراقێکی لۆژیکی و پێوانەیەکی بەردەست نییە تا تانەدەران پێی بپرسن "بۆ لایەنەکانی تر تەڤلی کەنەکە نابن؟!". یان "بۆ لایەنەکانی تر هەوڵی دروستکردنی کەنەکەیەکی تر نادەن تا کورد لە دەوری کۆ بکەنەوە؟". بێگومان شوێنگرتنی ئەم پرسیارانە زۆر ئاسانتر لە تانەدان مرۆڤ دەگەیێنێتە بەرسڤی ئەمەی کە کێ لە "برایەتی گەلان" و کێ لە "برایەتی کوردان"ـەوە نزیکترە؟!.

جیا لە نموونەی کەنەکە هەنگاوی سیاسی دیکە زۆرن بۆ نیشاندانی نیاز و سەلماندنی خواستی تەڤگەری ئاپۆیی بۆ "برایەتی کوردان". لە بەرانبەریشدا دەتوانین بە ئاسانی میناکی زۆر بدۆزینەوە لەو هێزە کوردییانەی کە لەلایەک بە ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی خۆیان خەباتێکی لێوانلێو لە "دژایەتی کوردان" دەژین و کەچی لە لایەکی

تریشەوە بە ڕواڵەتێکی ساختە لە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپارێزی تانە لە "برایەتی گەلان"ی ئاپۆئیزم دەدەن. بۆ وێنە تەڤگەری ئاپۆئیزم هەر لە سەرەتاوە بە فەرمی دانی بە کیانی هەرێمی باشووری کوردستاندا ناوە، لەحاڵێکدا تا ئەم چرکەساتەش دەسەڵاتی ئەم هەرێمە ئامادە نییە کیانی ڕۆژاوای کوردستان بە فەرمی بناسێ. لەمە زیاتر و وەک نموونەیەکی تر، لەسەر بنەمای بیرۆکەی "کۆنفیدراڵیزمی ژوورین" دەسەڵاتی ڕۆژاوا هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانییەوە بانگەوازی دروستکردنی هاوپەیمانی سیاسی لەگەڵ باشوور کردووە، بەڵام تا ئێستا نەتەنیا پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵکوو بە لێدانی خەندەق و پڕڕەنگکردنەوەی سنوورە دەسکردەکانی نێوان باشوور و ڕۆژاوا و هەروەها گەمارۆی ئابۆری وەڵام دراوەتەوە. لە کۆتاییدا نابێ ئاماژە بە کۆنفرانسە جۆراوجۆرەکانی کەنەکە و تەڤگەری ئاپۆیی سەبارەت بە دۆزی کورد نەدەین کە تێری خۆیان ئاماژەی گرنگیان بە ئاراستەی "برایەتی کوردان" تێدایە. دەیان کۆنفرانسی گشتی سەبارەت بە دۆزی کورد، کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی بۆ هەرکام لە بەشەکانی باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، کۆنفرانسی ژنانی کورد، کۆنفرانسی ئیسلامی دیمۆکراتیک، کۆنفرانسی کوردانی فەیلی، کۆنفرانسی نەتەوەیی دژ بە داگیرکاری، کۆنفرانسی ڕۆڵی میدیاکار

**لە ستراتێژی ئاسایشی نەتەوەیی، کۆنفرانسی هەڵەبجە و ئەنفال، کۆنفرانسی کۆمەڵکوژی دەرسیم و... هتد، هەموو ئەمانە میناکی گرنگن کە بە ئاشکرا گوزارە لە خەونی "برایەتی کوردان" دەکەن لە سیاسەتی تەڤگەری ئاپۆییدا. بە هەڵکەوت لەم ساتانەی کە خەریکی ئەم دێڕانەم، دوایین نموونەی زیندووی هەردوو بەرەی دژایەتی و برایەتی کوردان بە شێوەیەکی هاوکات لە ئارادایە. لەحاڵێکدا کە دوێنێ ٢٣/٧/٢٠٢٢ دەسەڵاتی باشوور و بە دیاریکراوی پەدەکە بە توندی ڕێگرییان لە خۆپیشاندانی شەرمەزارکردنی تۆپبارانی شوێنێکی گەشتیاری لە زاخۆ بەدەستی دەوڵەتی داگیرکەری تورکەوە کرد و پارێزگاری هەولێریش بە ئاشکرا وەک ئاماژەیەک بۆ پەکەکە گوتی ئەمانە دەستی دەرەکییان لە پشتە و با بڕۆن لە ئامەد خۆپیشاندان بکەن، کەچی ئەمڕۆ ٢٤/٧/٢٠٢٢ لە ساڵوەگەڕی ٩٩ ساڵەی کۆنفرانسی لۆزاندا دیسان هەر بە دەستپێشخەری تەڤگەری ئاپۆیی کۆنفرانسێک خەریکە بەڕێوە دەچێ وەک بەرکوڵ و پێشهەنگاوی لەدارخستنی کۆنفرانسی سەدساڵەی لۆزان کە بڕیارە ساڵی ٢٠٢٣ ڕێکبخرێ. کە بە گوتەی "عەبدوڵا دەمیرباش"ی شارەداری پێشووی سووری ئامەد بانگی پێکهێنانی یەکێتی کوردە لە هەمان ئەو هۆڵەی کە کوردی تێدا پارچەپارچە کرا و بە قسەی "مەریوان وریا قانع"ی ڕۆشنبیر هەر**

ئەمە لە خۆیدا مانایەكی ڕەمزی گەورەیە. دیسان لێرەشدا دەبینین لەلایەك لە سەرووی هەموویانەوە ئەو ڕەوتە كەزاییيەی خاوەن عەقڵییەتی ڕێگری خۆپیشاندانەكەی هەولێر، بەشێكی گەورەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی دیسان ئامادە نییە و لە بەرانبەردا هێزە ئاپۆئیيستەكان هەموویان ئامادەن...

پێم وابێ نموونەكانی سەرەوە تێری ئەوە دەكەن كە مرۆڤ بخەنە دۆخێكی ویژدانییەوە. لەڕاستیدا ئانوساتی پێزانینی ئەم ڕاستییانە زیاتر لەوەی ئانوساتی بەئاگاهاتنەوە بێ لە ڕاستی، چركەساتی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ ویژدانی خۆیدا. بەرانبەر بەم میناكانە ئەگەر مرۆڤی كورد بتوانێ لەنێو تێكڕای هێزە سیاسییەكانی دەرەوەی تەڤگەری ئاپۆیی نموونەیەك بدۆزێتەوە كە سێمینارێكی بەستبێ نەك بۆ داكۆكیكردن سەبارەت بە پارچەكەی خۆی بەتەنیا، بەڵكوو سەبارەت بە دۆزی داگیربوونی پارچەیەكی تری كوردستان، یان سەبارەت بە دۆزی داگیربوونی كوردستان وەك یەك نیشتمانی یەكگرتووی داگیركراو، بێگومان مافی ئەوەی هەیە بپرسێ بۆچی تەڤگەری ئاپۆیی "برایەتی كوردان" ناكا و بەشوێن "برایەتی گەلان"دا دەگەڕێ؟.

با بە میناکی دیکە لەگەڵ خوێنەردا هەوڵبدەین تۆزێ زیاتر ئەم دۆخە ویژدانییە بژین. وەک دەزانین لە سەروبەری سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکانی سووریادا دوو بەرەی جیا لەنێو ڕۆژاوا سەریانهەڵدا. بەدەی "ئەنەکەسە" هەر لە سەرەتاوە کەوتە باوەشی سوپای سووریای ئازاد و بەرەی "پەیەدە"ش کەوتە کۆنترۆڵکردنی شارەکانی ڕۆژاوا و چەند شارێکی تر. پرسیارێکی سادە، گەلۆ پەیەدە لە هێزەکانی سووریای ئازاد کە دەیانگوت سووریا وڵاتیکی عەرەبییە و ئامادە نەبوون لە لووتکەی بێهێزیشدا دان بە مافی کوردانی ڕۆژاوادا بنێن خراپتر بوون کە ئەنەکەسە حاشای لێکردن؟!. ئەو کاتە ڕەنگە کەسانێک باوەڕیان وا بووبێ کە پەیەدە لە سوپاس سووریای ئازاد بۆ کورد خراپترە و بۆیە ئەنەکەسە چووەتە پاڵ داگیرکەرانی کوردستان. بەڵام پێشهاتەکانی دواتر ڕاستییەکی زیاتریان دەرخست. سوپای سووریای ئازاد و هاوپەیمانی نیشتمانی سووریا لەگەڵ تورکیا عەفرینیان داگیر کرد و ئەنەکەسەش هاوکاریان بوو. دۆخی عەفرینی دوای داگیربوون بۆ خۆی گەورەترین بەرسڤە کە "پەیەدە"ی ئاپۆیی برایەتی لەگەڵ داگیرکەران دەکات یان "ئەنەکەسە"ی سەر بە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی. نموونەیەکی تر لە بەشێکی تری کوردستان، وەک دەزانین تاکوو ئەم ساتەوەختە هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی فارسی

**دەرەوەی ئێران بە فەرمی دانی بە مافە ڕەواکانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا نەناوە. زۆرینەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە هێندە نادیمۆکراتە کە بە ئاشکرا دەڵێ ئامادەیە بۆ دژایەتیکردنی هەر بزاڤێکی شووناسخوازی و مافخوازی کورد لەپاڵ کۆماری ئیسلامیدا شەڕ بکات. بەداخەوە زۆرێک لە هێزە کلاسیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای زانینی ئەم ڕاستییە بە ئاسانی دەچن لەگەڵ ئەم ئۆپۆزسیۆنەدا کۆدەبنەوە و دانووستان دەکەن، بەڵام وەک داردەستی هێزی دەرەکی(!) پەکەکە چاو لە پژاک دەکەن و ئامادە نین لەگەڵیدا دابنیشن و گفتوگۆ بکەن. با بڵێین پژاک داردەستی پەکەکەیە، گەلۆ پەکەکە هێزی دەرەکییە؟!، گەلۆ پژاک بۆ کورد لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خراپترە؟! ئایا نوێنەرانی نەتەوەیەک کە کوشتنی سەرکردەکانی وەک سمکۆ، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی لە کارنامەیدایە زیاتر لە پژاک و پەکەکە جێی باوەڕن کە لەگەڵیان دادەنیشن؟!، ئایا لەم دانووستاندنانەدا توانیویانە بە فەرمی دانپێدانانی مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لەژێر زمانی ئۆپۆزسیۆنی فارسی ڕابکێشن؟!. گەڕان بەشوێن بەرسڤی ئەم پرسانە بێگومان دەتوانێ بە ئاسانی بەرسڤی مەراقی "کێ برایەتی کوردان دەکا و کێ برایەتی گەلان دەکا؟" بداتەوە. دیسانەوە نموونەیەکی تر و ئەمجارە لە پەیوەندی نێوان پارچەکان و دەوڵەتانی داگیرکەردا، لە**

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا کاتێ سەلاحەدین دەمیرتاش وەک بەربژێری هەدەپە بوو بە ڕکابەری ئەردۆغان، جیا لە چەندین پارتی وەک هوداپار لە باکووری کوردستان کە دەنگیان بە ئەردۆغان دا مەسعوود بارزانیش بە ئاشکرا کەوتە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەردۆغان و وێڕای پارتەکانی نزیک لە خۆی داوای لە خەڵکی باکووری کوردستانیش کرد کە دەنگ بە ئەردۆغان بدەن. من هیچ گومانێکم نییە کە بارزانی وەک هەموو ئەو کارانەی هەفتا ساڵە کردوویەتی و دەیکا، ئەم کارەشی بەناوی "کوردایەتی" دەخەملێنێ و وەک لووتکەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە کوردی دەفرۆشێتەوە، بەڵام پێویستی ویژدانی و ئەخلاقی "تانەدەرانی برایەتی گەلان"ـە کە پێش هەموو تانەیەک ئەمە ڕوون بکەنەوە کە چۆن هەدەپە بۆ کورد لە ئاکەپە و مەهەپە زیانبارترە، یان چۆن ئەردۆغان بۆ کورد لە دەمیرتاش دڵسۆزتر و سوودمەندترە، ئەم کارەی بارزانی و پارتی لە کوێی سێ ڕێیانی "برایەتی کوران" و "برایەتی گەلان" و "دژایەتی کوردان" جێدەگرێ؟ و هتد... . بێگومان مێژووی کورد لێوانلێوە لە نموونەی جۆراوجۆری دیکە کە دەتوانن شوێن و پێگە و ئاراستەی هەموو هێزە کوردییەکان لە مژاری ئەم نقیسارەدا دیاری و لەگەڵ یەک بەراوردیان بکەن، بەڵام کورد گوتەنی "قسە هەزارە و یەکی بەکارە"، ئەگەر نموونەکانی سەرەوە

**نەتوانن چاوڕۆشنی بدەن، پێم وا نییە هیچ شتێکی تر بتوانێ ئەم کارە بکا.**

### ٣- ڕەهەندی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی

**یەکەم هەنگاوی گرنگ و لەڕاستیدا گرنگترین هەنگاوی تەڤگەری ئاپۆیی بۆ ڕاکردنی سنوورە ڕۆحی و فەرهەنگییەکانی نێو جڤاکی کوردی و دروستکردنی کوردستانێکی فەرهەنگی دەربەست لە سنووری داگیرکەران بە ئاواکردنی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی مەدتیڤی دەستی پێکرد. ئەمڕۆ ئەگەرچی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کورد بوونەتە خاوەن تەلەڤزیۆنی ئاسمانی، بەڵام بەداخەوە هێشتا کوردستانی ڕاستەقینەی گەورە لە سیمای هیچکام لەم تەلەڤزیۆنانەدا نابینرێ و ئەو میدیایانەی باشووریش کە چەند ساڵێکە دەپەرژێنە سەر پارچەکانی تر، زۆربەیان ئەگەر نەڵێین هاوکاری ڕاستەوخۆی دەوڵەتانی داگیرکەرن(کە بە تێگەیشتنی من هەن) نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی دەکەن و ئامانجی سەرەکییان ڕقەبەریکردنە لەگەڵ تەڤگەری ئاپۆییدا. بە هەرحاڵ جیا لەم ئامارژە کورتە لەبەر ئەوەی کە لە سەرەوە ڕەهەندی سیاسی کردارەکانی تەڤگەرە جیاجیاکانی کورد باسی لێوە کرا و بە زانینی ئەمەی میدیای کوردی تا سەر ئێسقان گرێدراو و گوێڕایەڵ و زمانحاڵی پارتەکەی خۆیەتی، با چیتر لەسەر ڕەهەندی سیاسی**

میدیای کوردی نەڕۆین و بەکورتی تیشک بخەینە سەر لایەنی فەرهەنگی میدیای کوردی.

لەحاڵێکدا تەڤگەری ئاپۆیی ئەمڕۆ تەنانەت توانیویەتی بۆ هەرکام لە پارچەکانی کوردستان میدیای تایبەتی خۆی دابمەزرێنێ، هیچ تەڤگەرێکی تر تا ئێستا بوێری ئەوەی بە خۆی نەداوە بە کاناڵێکی تایبەت ڕاستەوخۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بە بەردەنگ بگرێ. ئەم کەماسییە نەتەنیا سەبارەت بە کوردستانی گەورە، بەڵکوو تەنانەت دەکرێ هەر لە چوارچێوەی باشووریشدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کوردی لەم بەشە بکرێتەوە. ئەم دەسەڵاتە ڕەنگە دەگمەنترین دەسەڵاتی ئەم جیهانە بێ کە میدیایەکی زمانحاڵی خۆی نییە. لایەنێکی تری هەڵسەنگاندنی میدیا جیاجیاکانی کورد لە ڕووی پارچەییبوون یان کوردستانیبوونەوە پرسی زاراوەکانە. هەتاکوو ئەم ساتەوەختە تەنیا میدیایەکی کوردی کە توانیبێتی پەرژابێتە سەر هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بە هەموو زاراوەکان بەرنامەی هەبووبێ میدیای تەڤگەری ئاپۆییە.

با تۆزێ لە میدیا گەڕێین و لەڕێگەی هەندێ مەراقی سادەی دیکەوە لە بواری جیاجیای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەشوێن

برایەتی کوردان لەنێو جووڵانەوە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بگەڕێین تا بزانین ئەم برایەتییە خەمی کام لایەنە و کێ لە هەمووان زیاتر مشووری بۆ دەخوا. یەکێ لەو هێما جڤاکییانەی کە دەتوانین چاوچنۆکی و ڕژدی تەڤگەری ئاپۆیی بۆ بەدیهێنانی یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کوردی تێدا بدۆزینەوە نەورۆزە. لەڕاستیدا ئەستەمە مرۆڤ سەیری نەورۆزی ئاپۆیی بکا و تەنیا مانای بۆنە و جەژنێکی پەتی لێ وەربگرێ. لەحاڵێکدا زۆر لایەنی سیاسی کوردی و بە دیاریکراوی هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان ئاگایانە یان نائاگا هەوڵدەدەن هاوتەریبی دەوڵەتانی وەک ئێران نەورۆز بێننە ئاستی بۆنەیەکی خێزانی بۆ گەشت و سەیران، نەورۆزی متوربەکراو بە فەلسەفەی ئاپۆئیزم کە خەریکە لە هەموو بەشەکانی کوردستان گەشە دەکات ئەمڕۆ بووە بە یەکێ لە بزوێنەرە هەرە دیارەکانی جڤاکی کوردی بەرەو بەئاگاهاتنەوە و بەپیرەوەچوونی بەکۆمەڵی خەڵکی کورد لەو واتایەی کە ئاپۆئیزم نەورۆزی پێ پێناسە دەکات، واتە لە هێمای ئاگری نەورۆزدا بەرخوەدان. بەڵام ئایا تەڤگەری ئاپۆیی تەنیا لە مژاری نەورۆزدا دەیەوێ کوردان بێنێتە لای یەکتری، ئایا بزاڤەکانی تری دەرەوەی ئاپۆئیزم ڕۆژێ لە ڕۆژان توانیویانە یان ویستوویانە کارێکی هاوشێوە بکەن؟. با بە هەندێ تێڕامان بۆ ئەم بەرسڤە بگەڕێین. با

بفکرین لەنێو هەموو بزاڤە جیاجیاکانی کوردستاندا کام پارتی کوردی تا ئێستا توانیویەتی لە زۆربەی شارەکانی ئەورۆپا ڕێپێوانی سەدان هەزار کەسی ڕێکبخا، کام هێزی کوردی توانیویەتی نەورۆز بکاتە هێمایەکی گەورەی بەرخۆدان و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان نەورۆزی سەدهەزار کەسی و ملیۆن کەسی بەرپا بکا، کێ بۆ کوردانی تاراوگەنشین فستیڤاڵی هەزارانی کەسی لەدار دەخا کە بە ئاشکرا گوزارشت لە تەنانەت شارەکانیش دەکات، کێ بۆ کوردانی تاراوگە دەیان مزگەوت و جەمخانەی دروست کردووە و ئاوڕی لە ئایینە جیاوازەکان داوەتەوە، میدیاکانی کام لایەن گرنگی بە تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردی داوە، هەر لە ئامەدەوە تا گوندەکانی قەفقاز و سۆڤیەتی پێشوو کێیە کە ماڵی هونەرمەندان و دەنگبێژانی ئاوا کردووە؟ و... هتد. ئەم پرسیارانە کە بە ڕواڵەت سادە دەنوێنن لە گەوهەری خۆیاندا هەڵگری ڕێکوپێکترین وێنا و نیگارەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەراقەی کە کێ زیاتر لە هەمووان لە خەمی برایەتی و نزیککردنەوەی کورداندایە. هیچکەس ناتوانێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکا کە هەموو ئەم کارانە بۆ هەر مەبەستێک بن و لەپێناو هەر چییەکدا بن، لە گەوهەری خۆیاندا ناتوانن هیچکات خاڵی بن لە بووژانەوەی ژیانی جڤاکی پارچەکراوی کوردی و کۆکردنەوەی

کوردان لە دەوری یەکتری. لە بەرانبەر ئەم ڕاستییانەدا پرسیارێکی سادەی تر دێتە ئاراوە و ئەویش: بۆ لایەنی تر ئامادە نین وەکوو ناوەندی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵ بگێڕن هەوڵنادەن خەڵکی لە دەوری یەک کۆ بکەنەوە با بۆ خۆشیان بێ؟. ئایا کام هێزی کوردی تا ئێستا ویستوویەتی ماڵێک بۆ کوردانی دەرەوەی وڵات بکاتەوە، لەحاڵێکدا تەڤگەری ئاپۆیی دەیان کۆمەڵە و کۆماڵ و ڕێخستن و فیدراسیۆنی جۆراوجۆری بۆ ئۆرگانیزە کردوون؟. بەکورتی کۆکراوەی هەموو ئەم پرسیارانە ئەمەیە کە کام هێزی کوردی زیاتر لە تەڤگەری ئاپۆیی هەوڵی ڕێخستی جڤاکی کوردی داوە و کێ هێندە ئەم تەڤگەرە لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟... .

ئمجا با بە دیوەکەی تری برایەتی، واتە برایەتی گەلانیشدا لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە بڕوانین. ئایا بەشداریکردنە بەردەوامەکانی سەرکردەکانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە میدیا فارسییەکان، لەحاڵێکدا ئامادە نین سەر بکەن بە میدیاکانی تەڤگەری ئاپۆییدا، نیشانەی دژایەتی لەگەڵ کوردان و برایەتی لەگەڵ فارسدا نییە؟. ئایا بانگهێشتکردن و ڕێکخستنی کۆنسێرت و میوانی بۆ هونەرمەندانی فارس و تورکێ کە زۆرێکیان بۆ خۆیان فاشیستن، لەلایەن دەسەڵاتی باشوورەوە نیشانەی برایەتی

لەگەڵ ئەم گەلانەدا نییە؟. فرۆشتنی خانوو و زەوی بە عەرەبی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی هیچ، ئایا داڵدەدانی سەرانی بەعس لەم شارانە بۆ دەیان ساڵ دژایەتیکردنی کوردان نییە و برایەتی گەلی عەرەب هیچ، برایەتی لەگەڵ بەعسییەکاندا نییە؟...

## ٤- برایەتی لە سیمادا

بێگومان ئەگەر بە هەر هۆکارێک مرۆڤ نەتوانێ کرۆکی جووڵانەوەیەک بخوێنێتەوە، هەر هیچ نەبێ دەتوانێ لە سیما و هەیکەلدا هەندێکی کەم لە ڕاستییەکانی ناخی ئەو جووڵانەوەیە تێبگا. ئەم تێگەیشتنە بەتایبەتی سەبارەت بە جووڵانەوەیەکی وەک تەڤگەری ئاپۆیی کە بە هەمان ڕادەی ناوەڕۆک گرنگی بە هێما و ڕواڵەت دەدات، گەلێ ئاسانترە. یەکێ لە ڕواڵەتەکانی تەڤگەری ئاپۆیی بریتییە لە بەشداریکردنی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەم بزاڤەدا. لەڕاستیدا ئەم دیاردەدیە نیشاندانی برایەتی کوردانە لە فیداییترین شێواز و وێنای خۆیدا. ئەڵبەتە لێرەشدا وەک هەموو بوارەکانی دیکە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی هەمیشە ویستوویەتی ئەم لێبوردانەترین برایەتییە بە جۆرێ لە جۆرەکان چەواشە بکا و بە وروژاندنی پرسیاری نارێک و ناتەواو بیخاتە بەر گومان. بۆ وێنە یەکێ لە پرسیارە هەرە نارێکەکان کە بەتایبەتی لەلایەن ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە

دەکرێ ئەمەیە کە "بۆچی ڕۆڵەی ڕۆژهەڵات دەبەن و لە باکوور دەیدەن بە کوشت؟"، بەڵام نەتەنیا دیوەکەی تری قەت باس ناکەن بەڵکوو دەشیشارنەوە. لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی قەت ئاماری گەریلا شەهیدەکانی باکوور لە پارچەکانی دیکە بڵاو ناکەنەوە. بۆ وێنە ناڵێن چەند گەنجی باکووری لە ڕۆژاوا شەهید بوونە، چەندێکیان لە شەنگال و کەرکووک خۆیان فیدا کردووە؟! و... هتد. ئەڵبەتە ئەم تێکەڵکردنەی ڕۆحی کوردبوونی هەر چوار پارچە لەیەک ڕێبازدا تەنیا لە بواری گەرلایەتیدا نییە و لە بوارەکانی دیکەش بە ئاشکرا دیارە.

کاتێ سەیری دەزگایەکی وەکوو کەنەکە دەکەین جیا لە ئەندامەکانی، تەنانەت سەرکردایەتیشی وێنای هەموو بەشەکانی کوردستان دەکا. هەر لە "عیسمەت شەریف وانلی" خەڵکی ڕۆژا و یەکەم سەرۆکەوە بگرە تاکوو "زەینەب موراد"ی خەڵکی باشوور و کوردی فەیلی کە ئێستا هاوسەرۆکە، دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی کەنەکە لەنێوان چوار پارچەی کوردستاندا ئاماژەیەکی گرنگ و ڕۆشنە لە کوردستانیبوونی ئەم دەزگایە. وێنایەکی دیکەی پڕڕەنگبوونی برایەتی کوردی و تۆخبوونی کوردستانیبوون لە سیمای تەڤگەری ئاپۆییدا کە پێشتریش

ئاماژەیەکی پێدرا ئامادەبوونی هەمیشەیی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردییە لەسەر شاشەی میدیای ئاپۆیی. دەتوانین بڵێین بە زاراوەی لۆڕیشەوە، میدیای ئاپۆیی تا ئەمڕۆ تاقە میدیای کوردییە کە گرنگی بە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی دابێ و لەم بوارەشدا دەگمەنە. دواجار نابێ ئاماژە بە یەکێ لە گشتگیرترین وێناکانی دروستکردنی کوردستانێکی یەکپارچە نەکەین کە بێگومان هیچکەس ناتوانێ گرنگی و کاریگەری ئەم وێنایە لانیکەم لە ڕووی زمانییەوە بشارێتەوە. سیما و زاری ئاپۆیی ڕۆژانە دەربڕی دەستەواژەکانی کوردستانی باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایە کە بەرانبەر بە دەستەواژە کلاسیکییەکانی کوردستانی عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا بە ئاشکرا هەڵگری مانایەکی بەهێز و قووڵن لە یەکپارچەیی کوردستان و یەکێتی و "برایەتی کوردان". بێگومان ئاپۆئیزم ڕەهەندێکی پڕڕەنگی "برایەتی گەلان"ی دەرەوەی کوردیشی تێدایە کە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی تانەلێدانیشی هەر ئەمە بێ. لە میانەی باسەکەی بەشی داهاتوودا تۆزێ زیاتر سەرنج دەخەینە سەر ئەمجۆرە لە "برایەتی گەلان"ی ئاپۆئیزم.

لە کۆتاییدا ئەمە قسەیەکی هەڵە و دوور لە ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین بێ هیچ گومانێک تەڤگەری ئاپۆیی لە هەموو ڕەهەندەکانی ئایدۆلۆژی، سیاسی، جڤاکی و فەرهەنگی هەم بە زارەکی، هەم بە هزر و هەمیش بە کردار زۆر زیاتر لە هەموو تەڤگەرەکانی دیکەی کورد بە شوێن برایەتی کورداندا بووە. پرسیارێ کە تانەدەرانی برایەتی گەلان پێویستە ڕاشکاوانە بەرسڤی بدەنەوە ئەمەیە: ئەگەر برایەتی گەلان وەک جێگرەوەیەکی خراپی برایەتی گەلان دەبینن و وەک ئالتێرناتیڤێکی نەشیاو سەیری دەکەن کە بە زیانی کورد دەشکێتەوە، بۆچی بەدەم ئەم هەموو بانگەوازی و ئاماژە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی "برایەتی کوردان"ی ئاپۆئیزمدا ناچنەوە؟!

## لۆژیک و ئامانج و ئەنجامەکانی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆئیزم

لەڕاستیدا پێم وایە ئەوەی تا ئێستا پێشکەش کراوە تا ڕادەیەکی باش بتوانێ ڕامان، هەڵوێست و ڕاوەستەی تەڤگەرە جیاجیاکانی کورد لەمەڕ پرسی "برایەتی(برایەتی لەگەڵ کوردان، برایەتی لەگەڵ گەلان و برایەتی لەگەڵ دەوڵەتان)" ڕۆشن بکاتەوە و لەگەڵ یەکتری بەراوردیان بکات و لە کۆتاییدا پێمان بڵێ لە هەڵبژاردنی دووڕێیانی "برایەتی ـ دژایەتی"دا بەرەو هەرکام لە سێکوچکەی "کوردان ـ گەلان ـ دەوڵەتان"، کێ بە کام ڕێگادا دەڕوات و ڕووی لە کوێیە. بەڵام با بۆ وەبیرهێنانەوەش بووە جارێکی تر قسەکانی پێشوو لە وێنایەکدا کورت بکەینەوە.

یەک: ئاپۆئیزم قەت  برایەتی دەوڵەتان"ی داگیرکەری نەکردووە بۆ "دژایەتی کوردان". بۆ وێنە تەڤگەری ئاپۆیی دەیان ساڵ لەگەڵ دەوڵەتی سووریا پەیوەندی هەبووە، بەڵام نەتەنیا لەسەر حیسابی گەلی کوردی ڕۆژاوا نەبووە و خیانەتی لێیان نەکردووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ژێربەژێر بەجۆرێ ئەو خەڵکەی هۆشیار کردووەتەوە کە بەرهەمەکەی ئەمڕۆ دیارە و پێویست ناکا ئاماژەی پێبدەین. ئەڵبەتە بە خۆشحاڵییەوە هێزی دیکەش هەن کە ئەمجۆرە ڕەفتارەیان لێ وەشاوەتەوە. حدکا سەرەڕای

پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی هیچکات خیانەتەتێکی گەورەی لە گەل و هێزەکانی باشوور نەکرد لەپێناو بەعسدا. بەڵام بەداخەوە لە کەسایەتی هێزەکانی باشووردا نموونەی پێچەوانەمان زۆرن کە "برایەتی دەوڵەتان"ی داگیرکەریان کردووە بۆ "دژایەتی کوردان". نموونەکانی وەک ٣١ی ئاب لەبەر چاون و کەمیش نین.

دوو: ئاپۆئیزم قەت دژایەتی کوردان"ی نەکردووە بۆ "برایەتی دەوڵەتان"ی داگیرکەر. ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆرێک لە هێزەکانی تر ڕاستەوخۆ دژی کورد وەستاونەتەوە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتێکی داگیرکەر نزیک ببنەوە. بۆ وێنە نموونەکانی کوشتن، تیرۆرکردن و ڕادەستکردنی شۆڕشگێڕان و پەنابەرانی کورد بە داگیرکەران(وەک میناک هەر لە سلێمان موعینی و دوکتۆر شڤان بگرە هەتاکوو مستەفا سەلیمی و عومەر بارتان لەم ساڵانەی دواییدا)، یان شەڕکردنی ڕاستەوخۆ هاوشانی داگیرکەران دژی هێزە کوردییەکانی دیکە لە کارنامەی زۆر لایەندا هەیە بۆ ئەوەی داگیرکەران وەک دۆست قەبوولیان بکەن(نموونەی لێدوانەکەی بارزانی بۆ دەیلی نیووزی تورکی لەبیرمانە).

سێ: ئاپۆئیزم لە بواری "دژایەتی ناوخۆیی کوردان"یشدا بەراورد بە هێزەکانی تر مێژوویەکی گەلێ پاکتری هەیە. شەڕە براکوژییە

ناوخۆییەکانی هێزەکانی دەرەوەی تەڤگەری ئاپۆیی کە لە ناڕێکترین خەسڵەتەکانی زۆرێک لە بزاڤە کوردییەکانە لە بەرچاوترین بەڵگەکانن کە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە تەڤگەری ئاپۆیی لە ناوخۆدا کەمترین "دژایەتی کوردان"ی نواندووە.

چوار: ئەوەی دەمێنێتەوە پرسی "برایەنی گەلان"ە لەگەڵ دەرەوەی کورددا. لە کۆتایی بەشی پێشدا باسمان لەمە کرد کە سیمای تەڤگەری ئاپۆیی ئەگەرچی بە زۆری "برایەتی کوردان"ی پێوە دیارە، هەڵگری ڕەنگێکی تۆخیشە لە "برایەتی گەلان"ی دەرەوەی کورد. ئەمجۆرە برایەتییە تەنیا لە سیمادا نییە و لە گوتار و هزر و کرداریشدا بەدی دەکرێ. لەمەو دوا لەسەر لۆژیک، چۆنێتی، ئاراستە، ئامانج و ئەنجامەکانی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆئیزم دەوەستین تا بزانین بەراورد بە هێزەکانی تری کوردی چەندە سەرکەوتنی ڕێژەیی بەدەست هێناوە.

وەک دەزانین یەکێ لە ئامانج و ئەنجامە هەر خراپەکانی داگیرکاری لەسەر کوردستان دوورخستنەوە و دوورکەوتنەوەی بەشێکی بەرچاوی کورد بووە بە ئاستەی شار و ناوچەکانی گەلانی سەردەست. بەشی هەرە زۆری ئەم هەڵکەندن و هەڵکەنینەی کورد

لە زێدی خۆی بەرەو شارەکانی دیکە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا هاتووەتە ئاراوە و بووەتە هۆکاری دروستبوونی کۆمینی گەورە گەورە لە کۆمەڵگای کوردی لەو شارانەدا. بۆ وێنە کوردەکانی تاران، کوردەکانی ئەستەمبۆڵ، کوردەکانی حەڵەب و شام، کوردەکانی بەیرووت، کوردانی تاراوگەنشینی ئەورۆپا و.. هتد. بەشێکیش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر و لە پرۆسەی جیاوازی دیرۆکیدا لە نموونەکانی وەک کوردانی سۆڤیەت، کوردانی فەیلی بەغدا، کوردانی خۆراسان و... هتد چەندین گراڤی گەورە لە جڤاتی کوردی لە دەرەوەی کوردستانی ئەمڕۆ دروست کراون. ئەم ڕاستییە دیمۆگرافییە کاتێ دەکەوێتە پاڵ خەسڵەتێکی گرنگی تەڤگەری ئاپۆیی دەتوانێ لە گۆشەیەکی جیهانبینی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆ نزیکمان بکاتەوە. پێچەوانەی سۆسیۆلۆژی گشتی جڤاکی کوردی کە ئەوەی لەدەست بچێ یان لەبەر چاوی نەمێنێ ئیتر دەستی لێ بەردەدا و فەرامۆشی دەکا، تەڤگەری ئاپۆیی هەمیشە ویستوویەتی خۆی بگەیەنێتە هەموو کوردێ لە هەموو شوێنێکی جیهان. بێگومان هەم ڕەوەندی کوردی لە درەوەی کوردستان و بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وڵاتانی داگیرکەر نابێ ڕەها بکرێن تا لە دایکی نیشتمان داببڕێن، هەمیش لە نەبوونی هاوسێیەکی دۆست و پشتیوان بۆ کوردستان ئەم ڕەوەندە دەتوانێ

بۆ تەڤگەرە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان ببێتە قووڵایییەکی گەورەی ستراتێژی و سەرچاوەیەکی مەزنی گوشار لەسەر داگیرکەران. بەڵام ئایا بە دژایەتیکردنی تورک لە ئەستەمبۆڵ، عەرەب لە حەڵەب و بەغدا و فارس لە تاران دەکرێ ئەم ڕەوەندە بەڕێخستن بکرێ و ئەم هێزە ڕێکبخرێ؟، بێگومان نا. ئەگەرچی ئەم ڕێبازە هەتاکوو ئەمڕۆ بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و باشوور سەرکەوتوو نەبووە و دەکرێ وەک کەماسییەکی تەڤگەری ئاپۆیی ببینرێ، بەڵام ئایا بەبێ "برایەتی گەلان" دەکرا کورد دەنگی کوردانی دانیشتووی ئەزمیر و ئەنکەرە و شارەکانی دیکەی تورکیا یان تاک و تەرا تورکە چەپ و دیمۆکراتەکان کۆ بکاتەوە تا ژمارەی کورسییەکانی لەنێو پارلەماندا زیاد بکا، دەکرا کوردانی حەڵەب و شام دژ بە سیاسەتەکانی بەعس بهێنرێنە سەرشەقام، دەکرا لە شارەکانی ئەستەمبۆڵ و ئەنکەرە پارلەمانتار ڕەوانەی پارلەمان بکرێ تا لەوێ لەڕێگەی یاساکانی ئەو دەوڵەتەوە کەرتێکی دیکەی تێکۆشان ئاوا بکرێ و... هتد.

خاڵێکی تر، هیچکام لە لایەن و پارتە کلاسیکەکانی کورد نە تا ئێستا داوای دەوڵەتیان کردووە و نەیش تا ئەم ساتەوەختە داوای دەکەن، هەر بۆیە لەڕێگەی ئەم پاراتانەوە ئەوپەڕی کورد بتوانێ

لە چوارچێوەی وڵاتانی هەییدا مافێکی نیوبەند بەدەست بێنێ. گەلۆ لە ئەگەرێکی وەهادا کورد لەگەڵ بارودۆخی شارێکی وەک ئورمیە یان کەرکووک چی بکا؟. ئایا هێزی ئەوەمان هەیە بەو دەوڵەتۆکەی لە چوارچێوەی ئێراندا بەدەستی دێنین تورک لە ئورمیە دەربکەین؟. با فرە دوور نەچین و لەسەر ئەگەرەکان گرەو نەکەین، خۆ دۆخی کەرکووک لە هاوکێشەی نێوان دەوڵەتی ناوەندی عێراق و دەسەڵاتی پارتە کلاسیکییەکانی کورد لەبەر چاوە. دەسەڵاتی کلاسیکی کوردی لە کەرکووک نەتەنیا نەیتوانی لەڕێی سیاسی و سەربازییەوە دەوڵەتی ناوەندی ناچار بکا دەست لە کەرکووک هەڵبگرێ، بەڵکوو نەشیتوانی لەڕێی یاساییەوە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکا و کوردستانیبوونی کەرکووک مسۆگەر بکا. خراپتر لەمانە، وێڕای زیاتر لە ٢٠ ساڵ هەژموونی سیاسی و سەربازی بەسەر کەرکووکدا ئەم هێزە کە خۆی هەڵگری یەکەمی دروشمی برایەتی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بووە نەیتوانیوە بە کردار ئەم دروشمە جێبەجێ بکا بەڵکوو لانیکەم لایەنگری بەشێک لە عەرەب و تورکمان بەدەست بێنێ.

ئەڵبەتە لە بەرانبەر ئەمەدا ئێمە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیکەشمان هەیە کە دەتوانێ ئاسانتر و ڕۆشنتر مانا و ئامانج و

ئەنجامەکانی "برایەتی گەلان"ی تەڤگەری ئاپۆییمان نیشان بدا. نموونەکانی دەسەڵاتداری کورد بەسەر شارەکانی وەک ڕەقا و منبج لە سووریا زۆر بە ڕۆشنی گۆیای هەموو شتێکن. لەمە گەڕێین کە کورد هەر بە خەیاڵیش نەیدەتوانی بیر لەمە بکاتەوە کە دەستی بگاتە شارێکی وەک حەسەکە چی جای ڕەقا و منبج، کەچی ئەمڕۆ کورد بەسەر ئەم ناوچە عەرەبییانەدا هەژموونی فەرمانڕەوایی هەیە و بە شێوازێکیش ئیدارەی دەدات کە ئەو خەڵکە نەتەنیا بە داگیرکەری نازانن و دژی ناوەستنەوە، بەڵکوو پشتیوانی و پێشوازیشی لێدەکەن. دەبینین کە شارەداری منبج دەبێتە شارەداری نموونەی جیهانی. ئەم نموونەیە کە بە ڕوونی وێنایەکە لەو ئایندەیەی کە تەڤگەری ئاپۆیی لە یەکەم دەرفەتدا دەتوانێ بۆ کورد بیخوڵقێنێ، نیشانی دەدا گرفت لە برایەتیدا نییە و بەڵکوو لە شێوازی جێبەجێکردنیدایە، هەم لە ناوخۆی کورد و هەمیش لەگەڵ دەرەوە. لە بواری جیاوازی دیکەدا نموونەی تریشمان هەیە کە دیسان دەتوانێ میناکی بەراوردی بێ لەنێوان تەڤگەری ئاپۆیی و ئەوانی دیکەدا. یەکێ لەو "برایەتی گەلان"ـەی کە هێزە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناژیرانەترین شێواز بۆ دەیان ساڵ ئەنجامیان دەدا بریتی بوو لە داڵدەدانی ئۆپۆزسیۆنە فارسەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە

تاکوو ئەم دواییانە. ئەگەر بە ڕەهایی قسە نەکەین، زۆربەی هەرە زۆری ئەو فارسە دژبەرانەی کۆماری ئیسلامی کە پارتەکانی ڕۆژهەڵات بە تێگەیشتنی برایەتی دەربازی ئەورۆپایان کردن ئەمڕۆ بە ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنە فارسییەکانی دەرەوەی ئێران دەبینرێن چۆن لەوێوە زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دژایەتی مافە ڕەواکانی کورد دەکەن. یان لە نموونەیەکی تردا کوردانی باشوور بۆ دەیان ساڵ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبیان بەخێو دەکرد بە هیوای ئەوەی لە دواڕۆژی دوای کەوتنی بەعس پشتیوانی کورد بکەن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنە لەسەر کورسی دەسەڵاتی عێراقدا و لە کەسایەتی کەسانێکی پاوانخوازی وەک نووری مالکی گەورەترین هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر کیانی باشوور. ئەم ناشییانە بەکارهێنانەی "برایەتی گەلان"ی هێزەکانی باشوور لە گەلێ بواری دیکەشدا لەبەر چاوە. بۆ وێنە تورکمانەکان کە بەناوی برایەتییەوە پێنج کورسی پارلەمانی باشوور و سکرتاریەتی پارلەمانیشیان پێدراوە، ئەمڕۆ لە هەڵوێستێکی هەڕەشەئامێزدا داوای پانزدە کورسی پارلەمان و ٣٠%ی پۆستە حکوومییەکانی هەرێمی باشوور دەکەن. ئەمە جیا لەو سووکایەتی و هەڕەشانەی کە بە ئەنتریکی تورکیا بانگەشەی "کەرکووک شارێکی تورکمانە"یان دەرباز کردووە و گەیشتوونەتە "هەولێر شارێکی تورکمانییە" و...

هتد. لە بەرانبەریشدا ئەنجامی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆ لە هێمای شەرڤانانی ئینتەرناسیۆنالیستدا بە نێونەتەوەییکردنی دۆزی کوردە. ئەمڕۆ هیچکەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکا کە تەڤگەری ئاپۆیی یەکەم هێزی کوردییە کە توانیویەتی تا ئاستێکی باش دۆزی کورد بگەیەنێتە نەتەوەکانی تری جیهان. بیرمان نەچێ گۆشەیەکی دیکەی "برایەتی گەلان" لە دیدی تەڤگەری ئاپۆییەوە بریتییە لە قسەکردن بە زمان و لە زمانی نەتەوەکانی ترەوە. لەڕاستیدا ئەوەی کە تەڤگەری ئاپۆیی دەیکا تەنیا قسەکردن نییە لە برایەتی گەلانی فارس و تورک و عەرەب وەک لەبیربردنەوە و چاوپۆشی لە تاوانەکانی ئەوان، بەڵکوو بە دیوێکدا کەڵک وەرگرتنە لە هێزی دژەستەمکاری ئەم گەلانە، هەرچەندە بچووکیش بێ. بۆ وێنە پارتی هەدەپە چەندین پارلەمانتاری ناکوردی تێدایە کە پارێزوانی و داکۆکی لە مافی کورد دەکەن. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاشکرا لەژێر باندۆری ئاپۆئیزمدا دەنگێکی باش لەنێو ڕۆشنبیرانی عەرەبدا بە ئاراستەی داکۆکیکردن لە کورد بەرز بووەتەوە. بە دیوێکی تریشدا قسەکردنە بە زمانی گەلانی وەک لاس، چەرکەس، ئەرمەنی، ئاسووری، کلدانی، سوریانی و... هتد بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئاوڕی وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ سەر کوردستان. بۆ وێنە لە ئەنجامی ڕێزگرتنی ئەم کەمینانە لە

ڕۆژاوای کوردستان ئەنجومەنی داکۆکی لە ئایینەکان لە ئامەریکا داوا دەکات ئەم ڕێوەبەرییە بە فەرمی بناسێنرێ. نموونەیەکی سەرکەوتووتر و ئەڵبەتە بچووکتر لەباری سەنگ و گرنگییەوە بریتییە بە فەرمی ناسینی ڕێوەبەری ڕۆژاوا لەلایەن پارلەمانی کاتالۆنیاوە...

خاڵێکی کۆتایی و زۆر گرنگی تر کە تانەدەرانی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆ بە ئەنقەست باسی لێوە ناکەن و لە کاتی تانە و تەشەردا حەز دەکەن بیشارنەوە چەمکی "پاراستنی ڕەوا"یە. وەک پێشتریش ئاماژەی پێکراوە لە پەیمانی کەجەکەدا بە ئاشکرا لە ئاواکردنی "برایەتی گەلان"دا ئەم تەڤگەرە پێش هەر شتێ "برایەتی کوردان" بە بنەما دەگرێت[١٣] و لەسەر ئەم بنەمایە هەمیشە داوای پاراستنی ڕەوای هاوبەشی کوردان دەکات. "پاراستنی ڕەوا" کە یەکێکە لە چەمکە هەرە بنەڕەتییەکانی کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک و هەرە پێشمەرجەکانی برایەتی لەگەڵ گەلانی سەردەستدا، بە ئاشکرا پێش هەموو شتێ داخوازی بەهێزکردنی کورد دەکات لە ناوخۆدا، ئەڵبەتە پڕ ئاشکرایە لە ئەگەری یەکگرتن و بەهێزبووندا چیتر ئەوە کورد نییە کە پێویستی بە بانگەشەی برایەتی گەلانە،

١٣ـ پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، مادەی ٤، بەندی "س"، ل. ٣٠

**بەڵکوو گەلانی تر خۆیان دێن و داوای برایەتی لە کورد دەکەن. کە واتە تانەدەرانی "برایەتی گەلان"ی ئاپۆ پێویستە بەر لە هەموو تانە و تەشەر و لۆمەکردنێک وەڵامی ئەمە بدەنەوە کە چییان کردووە بۆ بەهێزکردنی کورد وەک کیانێکی نەتەوەیی یەکپارچە؟!.**

# تـــانـــه "سەرەتايــی"يەكان

## دژی دەوڵەتی کوردییە!!

یەکێ لەو بانگەشە هەرە باوانەی کە بۆ ڕەشکردنەوەی ئاپۆئیزم بەردەوام بەکار دەهێنرێ ئەمەیە کە گوایە "ئاپۆئیزم دژی دەوڵەتی کوردییە". ئەم ڕستەیە لەلایەک لەلایەن نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و لە زاری پارتە کلاسیکەکانەوە بەردەوام لە قەوان دەدرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکانێکی نەخوێندەوار بەبێ تێگەیشتن لە ئاپۆئیزم و تەنیا لە ڕواڵەتی ڕستەی ڕەق و وشکی "ئاپۆ دژی دەوڵەتی کوردییە" کاوێژی دەکەنەوە. ئەم ڕەوتە لەنێو جڤاکی کوردیدا بەجۆرێ بانگەشە دەکا چمان دەوڵەتی کوردی دوودەستی پێشکەش بە کورد کراوە و ئاپۆئیزم نەیپەژراندووە و دەستی بە ڕوویەوە ناوە. یان بەشێک لە کورد لەپێناوی دەوڵەتی کوردیدا تێکۆشاون و ئاپۆئیزم ڕێگەی لێ گرتوون و نەیهێشتووە دەستیان پێی ڕابگات. بەڵام ڕاستییەکە چییە؟.

١- لە واتایەکی نەرمدا ڕستەی "ئاپۆئیزم دژی دەوڵەتی کوردییە" مانای ئەمە دەدات کە هێزەکانی تری کوردستان بەشوێن دەوڵەتی کوردییەوەن و ئەمە ئاپۆئیزمە کە بە تاقی تەنیا سازی ناسازی لێدەدا و دەڵێ دەوڵەتی کوردیم ناوێ. لەڕاستیدا مێژووی بزاڤی

**سیاسی کوردی ڕێک پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێ. لەم بزاڤەدا جگە لە تەڤگەری ئاپۆیی کە بۆ دەیان ساڵ هەڵگری درۆشمی کوردستانی گەورە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بووە، هیچ پارتێکی دیاری دیکەی سیاسەتی کوردی و بەتایبەت ئەوانەی کە ئەمڕۆ تۆمەتی دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردی دەخەنە پاڵ ئاپۆئیزم، بە ئاشکرا داوای دەوڵەتی کوردییان نەکردووە. نە بە قسەی زارەکی، نە بە ئایدۆلۆژی، نە بە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی و نەیش بە کردار. بەپێچەوانەوە هەموو پارتە کوردییەکان، هەر لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵات و شیووعییەکانی باشوورەوە بگرە تا دیمۆکراتەکانی هەر چوار پارچە، تا سۆسیالیستەکان، تا ئەنجومەنی ئەنەکەسە، تا پارتە ئیسلامییەکان و... هتد، هەر هەموویان بە تێکڕایی کوردستانەکەی خۆیان بە بەشێ لە وڵاتانی سەردەست زانیوە و دەزانن. دەستەواژەی "کوردستانی خۆیان"م لێرەدا لەبەر ئەوە بەکارهێنا کە هەموو ئەم هێزانە نە بۆ کوردستانی گەورە بەڵکوو تەنیا لەپێناو پارچەکەی خۆیاندا تێکۆشاون و ئەڵبەتە زۆرێکیشیان ڕاستەوخۆ دژی پارچەکانی دیکەش وەستاونەتەوە. ڕێکوپێکترین سەرچاوە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە بریتییە لە پرۆگرامی پارتە کوردییەکان کە تێیاندا تاکوو ئەم ساتەوەختەش دروشم و ئامانجەکان بە ئاشکرا داڕێژراون بۆ**

خودموختاری، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم، مافی چارەی خۆ نووسین، دابینکردنی مافی نەتەوەیی، مافی چارەنووس، نامەرکەزی و... هتد لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا.

کە واتە تانەی "دژی دەوڵەتبوون"ی ئاپۆئیزم لە یەکەم هەنگاودا دەبێ ڕاوەستەی ئەخلاقی خۆی لەم بارەیەوە ڕوون بکاتەوە. یانی بەر لە هەر تانە و لۆمەکردنێکی ئاپۆئیزم بەرسڤی ئەمە بداتەوە کە یەکەم، کێ تا ئێستا داوای دەوڵەتی کوردی کردووە جگە لە تەڤگەری ئاپۆیی؟. دووەم، بۆچی تانەدەران هیچ لایەنێکی تر لەسەر بەدوادانەچوونی دەوڵەتی کوردی لۆمە ناکەن و تەنیا ئێخەی تەڤگەری ئاپۆیی دەگرن؟!. ئەم قسەیە زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە بۆ لایەنگر و ئەندامانی پارتەکانی دەرەوەی ئاپۆئیزم ڕاستە. بە مانایەکی دی هەر سەمپاتێکی حیزبی لە کوردستان ئەگەر لەسەر بەشوێنەوە نەچوونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە، بەبێ لۆمەکردنی پارتەکەی خۆی بکەوێتە تانەلێدان لە ئاپۆئیزم، بێگومان ئەوە سەرچاوەیەکی مەترسیداری دابەشبوون و ئاژاوەیە لەنێو خەڵکدا و دەبێ تانە و لۆمەکانی بە توندترین شێوە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر خۆی.

٢- مانایەکی وشکتری "دژایەتی دەوڵەتی کوردی" ئەمەیە کە بڵێین ئاپۆئیزم بەرانبەر بەو لایەنانەی ویستوویانە دەوڵەتی کوردی دروست بکەن وەستاوەتەوە یان دەوەستێتەوە. لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی کە دەڵێن ئاپۆئیزم دژی دەوڵەتی کوردییە بە شێوازێ ئەم بانگەشەیە دەکەن کە گوایە ئاپۆئیزم تا ئێستا چەندین جار ڕێگری لە دەوڵەتخوازان کردووە و نەیهێشتووە بگەن بە ئامانجەکەیان، ڕێگەی لێیان گرتووە و هەوڵەکانی لەبار بردوون. لەحاڵێکدا وەک لە سەرەوش ئاماژەی پێکرا تا ئێستا هیچ هێزێکی دیاری کوردی نەهاتووەتە مەیدان و بڵێ من بەشوێن دەوڵەتی کوردییەوەم تا ئەو کاتە بزانین تەڤگەری ئاپۆیی ڕێی لێ دەگرێ یان نا. بە مانایەکی تر ئەگەر بمانەوەی بە زمانی لۆژیک قسە بکەین، بانگەشەی "دژبە دەوڵەتبوونی"ی ئاپۆئیزم بە مانای ئەمەی کە "ئەگەر کەسێ داوای دەوڵەتی کوردی کرد، ئەوسا تەڤگەری ئاپۆیی دژی دەوەستێتەوە" گوزارەیەکی شەرتییە کە تا ئەم ساتەوەختە چاوەڕێی هەڵهاتنی مەرجەکەیەتی و هەر بۆیە کەس ناتوانێ لەسەر بەشی دووەمی داوەری بکات. ئاپۆئیزم سەرباری تەواوی ڕەخنە و گلەییەکانی لە دەوڵەتۆکەی باشوور و سەرباری ئەو هەموو خیانەتەی کە ئەم دەوڵەتۆکەیە بە ئاشکرا دژ بە تەڤگەری ئاپۆیی و دژ بە بەشەکانی تری کوردستانیش

ئەنجامی دەدا، تەڤگەری ئاپۆیی تەنانەت دژی ئەم دەوڵەتۆکەیەش نەوەستاوەتەوە و تەنانەت پشتگیریشی لێ کردووە. شەڕەکانی دژ بە داعشی پەکەکە و یەپەگە لە باشوور بەڵگەی کرداری ئەم ڕاستییەن. بەڵگەی تر لێدوان و دیمانە فەرمییەکانی تەڤگەری ئاپۆیین کە بە ئاشکرا پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاندووە لە هەرجۆرە دەسکەوتێکی کورد لە هەموو پارچەیەک، بە نیمچەدەوڵەتی باشووریشەوە کە هەموو کەس دەزانن دەوڵەتی کوردی نییە بە مانای نوێنەرایەتی و هەموو کوردستان، بەڵکوو لە زۆر شوێن و بواریشدا دژی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی کورد کار دەکات. بۆ وێنە خودی ئاپۆ بە ئاماژەدان بەم دەسەڵاتەی باشوور دەڵێت: "من دژی دەوڵەتی بۆرژوایی کوردی نیم، بەڵام ئێمە دیمۆکراسی بەسەریدا دەسەپێنین"[١٤]. هەروەها کەنەکە دەڵێت: "کەنەکە پشتگیری دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات و هەر دەستکەوتێک لە هەر بەشێکدا بە سەرکەوتن بۆ هەموو کوردستان دەزانێ. بۆیە داوا لە هەموو

١٤ـ عەبدوڵا ئۆجالان، هاووڵاتی ئازاد، وەرگێڕانی فارسی، ٢٠٠٦، ل. ٦٢

**پارت و ڕێکخستنەکانی کوردستان دەکات کە ڕۆڵی ئەرێنی ببینن لە پشتگیریکردن و پاراستنیان"[١٥].**

**٣- لێرەدا خاڵێکی ئاڵۆزی ئاوارتەی چەواشەکراو هەیە کە پێویستە ڕۆشن بکرێتەوە کە ئەویش ئەو بانگەشەیەی دەوڵەتی کوردییە کە لەلایەن ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و بۆ وێنە بە دیاریکراوی لەلایەن پەدەکە و وەک خۆیان دەڵێن ڕێبازی بارزانییەوە مانۆڕی لەسەر دەدرێت. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم جووڵانەوەیە قەت قەت داوای دەوڵەتی کوردی بۆ کوردستانی گەورە نەکردووە و مەبەستی لە دەوڵەتی کوردی ئەگەر نەڵێین دووسێ پارێزگای باشوورە، لەوپەڕی خۆیدا سنوورەکانی باشوور تێناپەڕێنێت. جیا لەمەش، ئەم ڕێباز و جووڵانەوەیە بە درێژایی مێژووی خۆی لە هەموو پارچەکانی خواردووە، لە هەموویان خیانەتی کردووە، لەگەڵ هەموو داگیرکەرەکاندا هاوکاری کردووە لەپێناو ئەو دەوڵەتۆکەی کە خۆی لە خەیاڵیدا بووە. کەواتە ئەم بزاڤەش قەت بەشوێن دەوڵەتی کوردیدا نەبووە و ڕێفراندۆمی باشووریش نیشانیدا کە ستراتیژی و جیهانبینی ئەم ڕەوتە بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتۆکەی خۆی چەندە قووڵە و تا چەندیش بەبڕیارە پارێزگاری لێ بکات. پارتی ئازادی**

---

١٥- بەندی ٢ی ئەنجامنامەی کۆنگرەی ١٥ی جڤاتی گشتی کەنەکە، ٢٠١٥

کوردستان(پاک)یش نموونەی تری ئەمجۆرە نمایشکردنەیە. ئەوانیش دەڵێن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان تێدەکۆشن، کەچی مەبەستیان لە کوردستان تەنیا ڕۆژهەڵاتە. بەداخەوە کەم نین ئەو کوردانەی کە بە بیستنی ناوی کوردستان لەلایەن بزاڤە جیاجیاکانی کوردستانەوە یەکسەر خەیاڵی کوردستانی گەورە دەیانگرێ و ئەم هێزانە بە ڕزگارکەری یەکەم و کۆتایی ئەم کوردستانە دەزانن، لەحاڵێکدا هەموویان مەبەستیان لە کوردستان پارچەکەی خۆیانە و لەڕاستیدا هەر بە ناوی کوردستان کورد پارچەپارچە دەکەن. بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری سەمپاتەکانی پەدەکە لە ڕۆژهەڵات هەر بەم وشەی کوردستانە دەخەڵتێن کە مەبەستی ئەم پارتە لێی تەنیا ناوچەکەی خۆیەتی و بەڵام ئەوان بە خەیاڵ وەک کوردستانی گەورە دەیخوێننەوە!.

٤- هەندێ لایەنیش هەن کە بە شاردنەوەی هزری ئاپۆیی سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت و پڕڕەنگکردنەوەی ڕەنگدێری "کوردی"، بە جۆرێ وێنای دەکەن کە ئاپۆ و تەڤگەری ئاپۆیی تەنیا "دەوڵەتی کوردی" ڕەد دەکەنەوە و دژایەتی لەگەڵ دروستکردنی "دەوڵەتی کوردی"دا دەکەن. لەحاڵێکدا ئاپۆئیزم بەر لە هەموو شتێ دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەوەستێتەوە و تا ئاستی

"کاربەڕێکەر" داوای لاوازکردنیان دەکا. چەند نموونەی خوارەوە دەتوانن جیهانبینی و ستراتیژی ئەم تەڤگەرە لەم بارەیەوە بە ڕوونی شرۆڤە و شی بکەنەوە.

یەک: لەسەر بنەمای ئەو شۆڕشە کشتوکاڵییەی کە لەناو سیستەمی ژینگە(ئیکۆسیستەم)ی بنارەکانی چیای زاگرۆس ئەنجام دراوە مرۆڤایەتی تاوەکوو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم هاتووە. لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیەدا شۆڕشی پیشەسازی بەدیهات کە دووەمین شۆڕشی مەزن بوو. ئەم شۆڕشە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هەرچی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەییە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بووە گەورەترین و جدیترین کۆسپ لە بەردەم ئازادی، دیمۆکراسی و پەرەسەندنی کۆمەڵگا[١٦].

دوو: پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسین کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەوت، وەک مافی ئاواکردنی دەوڵەت لێکدراوەتەوە و دەرکی پێکراوە. ئەو دەوڵەت نەتەوانەی لەم چوارچێوەیەدا ئاوا کران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەمپەرێکی مەزنن لە بەردەم

١٦- پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، ل. ٢

پێشکەوتن و مۆدێلی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی ئاوا کراوە کورتی هێناوە و بەڕێوە ناچێ. شەڕی کەنداو و ڕەوشی عێراق بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن[١٧].

بێگومان هەرکەس تۆزێ مێشکی بە سەرەوە هەبێ بە ئاسانی دەتوانێ تێبگا کە ئەگەر ئەم گوزارانە هەڵگری دژایەتییەک بن، ئەوە دژایەتیکردنە لەگەڵ "دەوڵەت"دا، نەک دژایەتیکردن لەگەڵ "دەوڵەتی کوردی"دا. ئەڵبەتە ئەم پەیماننامەیە زۆر شوێنی دیکە بە گوزارەی ڕاشکاو و بێپەردە بەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەتانی داگیرکەر دەوەستێتەوە و تەنانەت تا ئاستی هەڕەشەکردن نییەتی خۆی بەرانبەر بەم دەوڵەتانە ناشارێتەوە. بۆ وێنە:

یەک: [یەکێ لە ئامانجەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان بریتییە لە:] لەسەر بنەمای دیمۆکراتیزەکردنی دەسەڵات، راکێشکردنی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان بۆ ناو ریفۆرمێکی ڕیشەیی،

١٧ـ پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، ل. ٣

بچووککردنەوەیان و گەیاندنیان بە ئاستێک کە بەرامبەر بە دیمۆکراسی هەستیار بن[١٨].

دوو: ڕەوشی شەڕی بەرگری ڕەوا: لە حاڵەتێکدا دەوڵەت بە شێوەیەکی هەستیار پەیوەندی بەرامبەر چارەسەری دیمۆکراتییانە نیشان نەدات و شانسی پێ نەدات، فاکتەرێکی دیکەی فشار لە دەست گەلدا نەمێنێت، یاساکان بە شێوەیەکی یەکسان پەیڕەو نەکرێ، پەیوەندی بەرامبەر ڕۆڵی دیمۆکراسی بۆ چارەسەری نیشان نەدرێ، تەواوی چالاکییە ئاشتیخوازەکان بێ ڕۆڵ بکرێ، ڕاپەڕین و شەڕی گەریلا لەسەر بنەمای بەرگری گەوهەری دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە. لە ڕەوشێکدا هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و کرداری بەرامبەر سیستەمی کۆما جڤاکێن کوردستان پێش بکەوێت یان لە بواری سیاسی چەوسانەوە، لە بواری ئابووری برسێتی و بێکاری و تاڵان، لە بواری کولتووری سڕینەوە و وەک خۆ لێکردن و لە بواری سەربازی داگیرکاری بەسەر کۆمەڵگای

١٨ـ پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، بڕگەی "و" لە مادەی ٤، ل. ٢٩

کوردستاندا بسەپێنرێت، شەڕی پاراستنی ڕەوا دەبێتە حاڵەتێکی پێویست[١٩].

سێ: لەمە بەدواوە سێ ماف(یاسا) لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت: یاسای یەکێتی ئەورۆپا، یاسای دەوڵەتی ناوەندی و یاسای کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتی. ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا(دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان لەسەر کوردستان) کە دەوڵەتی ناوەندین بەو ڕادەیەی یاسای کۆنفیدراڵی گەلی کورد بناسن و دانی پێدا بنێن، ئەوا گەلی کوردیش یاساکانی ئەوان دەناسێ و دانی پێدا دەنێ و لەم چوارچێوەیەشدا بۆ تەبایی و ڕێککەوتن هەنگاو دەهاوێژێ[٢٠].

با لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و بە مەبەستی بەراوردکردنی تەڤگەری ئاپۆیی لەگەڵ باقی جووڵانەوە کوردییەکاندا لەسەر مژاری "دەوڵەت" ئەمەش لەبیر نەکەین کە مێژووی بزاڤی سیاسی کوردستان نیشاندەدا هێزە دیارەکانی دیکەی دەرەوەی ئاپۆئیزم هەر هەموویان ئەگەر دژایەتییەکیان سەبارەت بە دەوڵەت نواندبێ، ئەوە نەک بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی

---

١٩- پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، مادەی ٣٢، ل. ٦٧

٢٠- پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان، ل. ٦

لەسەر ڕووخانی ئەو دەوڵەتانە، بەڵکوو دژایەتیکردنیان بووە بۆ گۆڕینیان لە چوارچێوەی هەمان ئەو وڵاتانەدا تا دواتر داوای وردەمافێکیان لێ بکەن. دوو نموونەی زیندووی بەرچاو لەم بوارەدا بریتین لە ڕەفتاری پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ڕووخانی پاشایەتی و هاتنەئارای کۆماری ئیسلامی و هەروەها پارتەکانی باشووری کوردستان دوای ڕووخانی دەوڵەتی بەعس و دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی لەسەر دەستی ئەم پارتانە.

٥- لەکۆتاییدا، ئەوەی لە ئارادایە نە دژایەتی دەوڵەتی کوردی، بەڵکوو پێشنیارێکی جیاواز لە دەوڵەتە بۆ چارەسەری دۆزی کورد کە لەلایەن ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردییەوە بەئەنقەست چەواشە کراوە و دەکرێ. ڕاستییەکە ئەمەیە کە وەک چۆن هەموو سەرکردە و پارت و تەڤگەرەکانی دیکەی کورد هەرکامەیان ڕێگەچارەی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد گرتووەتە پێش و ئەڵبەتە هیچکامیانیش داوای دەوڵەتی کوردییان نەکردووە و هەمووشیان تەنیا بیریان لە پارچەکەی خۆیان کردووەتەوە، ئاپۆ و تەڤگەری ئاپۆییش بەمە گەیشتوون کە چارەسەری دۆزی کورد لە "کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک"دایە، نەک لە "دەوڵەتی کوردی"دا و ئەڵبەتە لەم پێشنیارەشدا دیسان تەڤگەری ئاپۆیی پێچەوانەی

تەواوی بزاڤەکانی دیکە باس لە کوردستانی گەورە دەکات، نەک تەنیا لە باکوور. کە واتە تا ئەم ساتەوەختە تەڤگەری ئاپۆیی بە پلەی یەکەم تاقە نوێنەری کوردستانی گەورەیە و تاقە هێزێکە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد لە هەر چوار پارچە تێدەکۆشێ و پێشنیاری چارەسەری بۆ هەموو پارچەکان پێیە. لە بەدبینانەترین حاڵەتدا تەنیا ڕەخنەیەک دەکرێ ئاراستەی ئاپۆئیزم بکرێ ئەمەیە کە بۆچی دروشمی خۆی لە "دەوڵەتی کوردی" گۆڕیوە بۆ "کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک" و ئەمە زۆر زۆر جیاوازە لەو تۆمەت و تەشەرە چەواشەیەی کە گوایە "ئاپۆئیزم دژی دەوڵەتی کوردییە".

## سەردەمی چەک نەماوە!

**ئەمڕۆ یەکێ لەو دەنگە هەرە بەرزانەی کە بەردەوام لە ناوخۆی کوردەوە و بەتایبەتی لەلایەن هێزەکانی باشوور و بەتایبەتیتر لەلایەن پەیڕەوانی بارزانی و پەدەکەوە ڕووبەڕووی پەکەکە و تەڤگەری ئاپۆیی بەرز دەکرێتەوە ئەمەیە کە گوایە سەردەمی چەک بەسەر چووە و ئەم تەڤگەرە پێویستە دەست لە چەک هەڵبگرێ و ئیتر شەڕی سیاسەت بکات. با لە ڕەهەندی جیاوازەوە بزانین ئەم داخوازییە چەندە ئەخلاقی و ویژدانییە، چەندە عەقڵانییە و هەروەها چەندەش کردەنییە.**

**١- وەک دەزانین زیاترین بانگەوازی چەکدانانی تەڤگەری ئاپۆیی لەلایەن هێزەکانی باشوور و بە دیاریکراوی لەلایەن پەدەکەوە دەکرێ. پرسیارێکی سەرەتایی کە لێرەدا وەک مەراقێکی ویژدانی دێتە ئاراوە ئەمەیە کە ئەگەر بەڕاستی هێزەکانی باشوور وەک پرەنسیپ بڕوایان بە کاری سیاسی مەدەنی هەیە، بۆچی دەرفەت نادەن تەڤگەری ئاپۆیی لە باشوور ئازادانە کاری سیاسی بکا؟. بێگومان ڕێگریکردنی ئەم تەڤگەرە هەر لە "پەچەدەکە"وە تاکوو "تەڤگەری ئازادی" خۆی گوزارەیەکی ڕوونە لەمەی کە دەسەڵاتدارانی باشوور وەک پرەنسیپ قەت باوەڕیان بە کاری**

**سیاسی نییە، یان لانیکەم کاری سیاسی بۆ تەڤگەری ئاپۆیی بە ڕەوا نابینن.**

**٢- دوای ئەمە و بەر لە هەموو شتێک، ئەگەر سەردەمی چەک نەماوە و چەکداری خراپە، بۆچی بانگەشەکەران خۆیان چەک دانانێن؟. وەک دەزانین هەرێمی باشووری کوردستان هەم هەرێمێکی دانپێدانراوی یاساییە، هەم سیستەمی نێودەوڵەتی دانی پێدا ناوە و لە چوارچێوەی عێراقدا پارێزراوە و هەمیش خۆی دەتوانێ هێزی سەربازی نیشتمانی خۆی هەبێ. بەڵام هێزەکانی باشوور لەحاڵێکدا ڕێگری لە دروستبوونی هێزێکی نیشتمانی لەم بەشە دەکەن، خۆیان ئامادە نین دەست لە چەک هەڵبگرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆیان پڕچەکتر دەکەنەوە. ئایا دۆخی عێراق بۆ چەکدانان لەبارترە یان هی تورکیا و ئێران و سووریا؟.**

**٣- ئەگەر سەردەمی چەک و دابی چەکداری نەماوە دروستکردنی هێزی چەکداری وەک "پێشمەرگەی ڕۆژ" لەپێناو چی و بۆچی؟. ئایا دروستە سامان و پارەی گیرفانی خەڵکی باشووری کوردستان خەرجی هێزێکی چەکداری بکرێ کە ناپێویستە و دابی نەماوە؟. لەوانەیە وەڵامەکە ئەمە بێ کە سەردەمی چەک تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکیای داگیرکەر بەسەر چووە و بۆ**

دژایەتیکردنی باقی داگیرکەرەکان ڕێگەپێدراوە. ئەگەر وایە ئەم چەکدارانەی ڕۆژ تا ئێستا لە کوێی سووریا لەگەڵ ئەم دەوڵەتە داگیرکەرەدا بە شەڕدا هاتوون؟. دیسان ئەگەر وایە بۆچی سی ساڵە بە زۆری خۆتان چەکی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتتان بێدەنگ کردووە؟، ئایا شەڕی چەکداری دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیش بڤەیە؟!

٤- شتێکی تر، وەک ئاماژەی پێدرا ئەمە سی ساڵ زیاترە کە بەشێکی گەورەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە زۆری هێزەکانی باشوور چەکیان کوژاندووەتەوە. گەلۆ چی دەسکەوت و ئەنجامێکیان زیاتر لە سەردەمی چەکداری بەدەست هێناوە؟. ئایا دەوڵەتی داگیرکەری ئێران ڕێگەی پێداون کاری سیاسی هیچ، تەنانەت کاری فەرهەنگی بکەن؟، ئایا لەم ماوەیەدا ڕۆژهەڵات کرانەوەی زیاتری بە خۆوە دیوە یان ئەوەی کە زیادی کردووە سەرکوت و زیندان و سێدارە بووە؟. کەواتە دەبێ بپرسین ئەم بێدەنگکردنی چەکە تا چەندە عەقڵانی بووە و لە کوێدا بە لای بەرژەوەندی کورددا شکاونەتەوەتە؟.

٥- یەکێ لە ماناکانی بانگەوازی چەکدانان ئەمەیە کە هەلومەرج و بارودۆخی چالاکی سیاسی بۆ تەڤگەری ئاپۆیی لەبار و ڕێگەپێدراوە. وەک دەزانین لە ئێرانی تا ئەم ساتەوەختە و لە سووریای پێش

سەرهەڵدانی کیانی ڕۆژاوا تەنانەت ڕێگەی هەناسەدانیش هەر نییە و هەر نەبووە. ئمجا با بێینە سەر تورکیا. جارێ من پێم وا نییە کەسێک هەبێ نەزانێ تەڤگەری سیاسی و جڤاکی ئەمڕۆی باکووری کوردستان بەبێ پشتوانە و پشتیوانی هێزی چەکداری قەت نەیدەتوانی سەرهەڵبدا. دوای ئەمە مەگەر ئێمە نازانین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تا ئێستا چەند هەزار چالاکی سیاسی و جڤاکی کوژراون و تیرۆر کراون، چەند دەهەزار کەس لەبەر کاری سیاسی زیندانی کراون، چەند پارتی کوردی سەر بە تەڤگەری ئاپۆیی داخراون، چەند پارلەمانتار پارێزبەندییان لێ سەندراوەتەوە و خراونەتە زیندانەوە، چەند شارەداری هەڵبژێردراو دوور خراونەتەوە و لە شوێنیان قەیوم دانراون، چەند کەسایەتی سیاسی کورد لە ترسی زیندانیکران ڕێی تاراوگەیان هەڵبژاردووە؟ و... هتد. ئایا ئەم ڕاستییانە بایی ئەوە بەڵگە نین تا مرۆڤ باوەڕ بکات لە تورکیای تا سەر ئێسقان فاشیستدا بەبێ دوو باڵی جەماوەری و چەکداری کاری سیاسی و مەدەنی کارێکی نەکردەیە؟!.

٦- ئەڵبەتە بەو نارێکییانەی من لە ناسیۆنالیزمی سەرەتاتیدا سۆراخی دەبەم لەوانەیە کەسانێک لەم ڕەوتە هەبن کە پێیان وابێ کێشەی دەوڵەتی تورک تەنیا لەگەڵ ئەو لایەنانەیە کە نزیکی

پەکەکەن و تەنیا ئەوان دەکوژێ و زیندانی دەکا. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، گەلۆ هێزەکانی تری وەک پارتی ئیسلامگەرای هوداپار یان پەدەکەی تورکیا کە ڕاستەوخۆ سەر بە پەدەکەی باشوورە، ئەمانە بۆ نابنە دەمڕاستی کورد و کاری سیاسی ناکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە تەڤگەری ئاپۆیی داوای دەکا؟.

٧- بە هەڵکەوت ڕێک لەم ساڵانەی دواییدا کە دەنگی "سەردەمی چەک نەماوە" لەنێو بەشێکی کورددا بەرز بووەوە پێشهاتەکان جارێکی تر نیشانیاندا کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەک و پاراستنی ڕەوا چەندە گرنگە. بۆ نموونە ئەگەر کورد هێزی چەکداری هەبایە کەرکووک بە ساعەتێک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیر دەکرا؟!، یان ئەگەر پاڵپشتی چەکداری نەبایە ڕۆژاوا دەیتوانی هەستێتە سەرپێ؟، ئەگەر کورد هێزی چەکداری پێشکەوتووی هەبایە تورکیا و ئەرتەشی ئازاد دەیانتوانی عەفرین و سەرێکانی داگیر بکەن؟... و هتد. با تۆزێ لە ئاستی جیهانیشدا تەماشا بکەین. سوێد و فینلاند تا پێش شەڕی ئۆکرانیا هەم خۆیان وەک ئاشتیخوازترین دەوڵەتانی جیهان دەردەخست و هەمیش تا ئەمڕۆ هیچ مەترسییەکی ئەوتۆی داگیرکاری لەسەریان نەبووە. ئەگەر سەردەمی چەک نەماوە بۆچی وڵاتێکی وەک سوێد و فینلاند پێشکەوتووترین جۆرەکانی چەکیان

بەرهەم هێناوە؟. تۆ بڵێی لۆمەکەرانی شەڕی چەکداری لەنێو کورددا زۆر ژیرانەتر و وردبینانەتر لە دەسەڵاتدارانی سوێدی بیربکەنەوە؟!!.

٨- لە کۆتاییدا تەنیا ئاماژە بە ڕستەیەکی مەسعوود بارزانی دەکەم کە دەڵێت "دەنگی تفەنگ لای من وەک مۆسیقا وایە"[٢١] و لە بەرانبەردا چەند ڕستەی ئاپۆ وەبیر دێنمەوە تا تێبگەین کێ شەیدای چەکە و کێ شەیدای سیاسەت. ئاپۆ لەبارەی پێویستبوونی شەڕی چەکداری بۆ کورد دەڵێت: "ئەگەر کۆمەڵگا کەوتبێتە دۆخێکەوە لەپێناو بەردەوامبوونی خۆیدا نەتوانێ دامەزراوە سیاسی و ئەخلاقییەکان ئاوا بکات و کارایان بکات، واتە خراوەتە ژێر فشاری چەوسانەوە و سەرکوتکرنەوە. ئەم ڕەوشە دۆخی شەڕە... کاتێ سیاسەت و ئەخلاق ناتوانێ ڕۆڵ ببینێت، تەنها کارێ کە دەمێنێتەوە کۆمەڵگا ئەنجامی بدات بەرگری گەوهەرییە"[٢٢]. ئەو سەبارەت بە باندۆری دەسپێکردنی ئەم شەڕە لەسەر خودی تەڤگەری ئاپۆیی وەها دەڵێت: "گەڕانەوەیەکی

---

٢١- دیمانەیەک لەگەڵ تەلەڤزیۆنی mbc

٢٢- مانیفێستی شارستانێتی دیمۆکراتی، بەرگی ٣، ل. ١٥٢

سیستەماتیک بۆ تێکۆشانی چەکداری ڕاستییەکەمانی ناچار کردبوو بە هۆشیارییەکی پێگەیشتووتر بگات"[٢٣]. هەروەها سەبارەت بە کاریگەری چەک لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەڵێت: ئاپۆ لەبارەی ڕۆڵی شەڕی چەکداری دەڵێت: "بە شێوەیەکی هەمیشەیی پەڕینەوە بۆ شاخ و بەرخۆدانی چەکداری لە ڕووی ئەو دەرئەنجامانەوە کە لێی بکەوێتەوە گرنگە. هەرچی بۆ کوردانە، ئەم هەنگاوە بە واتای سیاسیبوون دێت"[٢٤]. بێگومان دەسکەوتەکانی ئەم دوو جیهانبینییە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ بە ڕوونی دیار و لەبەر چاون. لەم لاوە هێزێکی چەکدار کە مرۆڤی کوردی تا ئاستی بەفیڕۆچوون لە نائاگاییدا هێشتووەتەوە و لەو لاشەوە هێزێکی چەکدار کە کۆمەڵگایەکی لە ئاستی نابوودی و لەناوچوون گەڕاندووەتەوە سەرپێ.

---

٢٣- مانیفێستی شارستانێتی دیموکراتی، بەرگی ٥، ل. ١٥٨

٢٤- مانیفێستی شارستانێتی دیموکراتی، بەرگی ١، ل. ١٧

## بۆ ناچنە بەشەکەی خۆتان؟!

**یەکێ لەو هەناسە هەرە نەگریس و نەگبەتانەی کە ئەمڕۆ بە توندی کار لەسەر جیاکردنی پارچەکانی کوردستان لە یەکتری و پەرتکردنی کورد دەکات هەناسەیەکە کە لە دووتوێی پرسیار و گوزارەگەلی وەک "بۆ ناچنە بەشەکەی خۆتان"، "لە هەرێمی باشوور بچنە دەر"، "بڕۆن لە پارچەکەی خۆتان شەڕ بکەن"، "لێرە چی دەکەن" و هاوشێوەی ئەمانە لەلایەن نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و لە سەرووی هەموویانەوە لەلایەن پەدەکەوە ئاراستەی تەڤگەری ئاپۆیی و بەتایبەت پەکەکە دەکرێ. با هەندێ لە نەگبەتی ئەم بانگەوازە ڕابمێنین و بزانین لە ناخی خۆیدا چی تێدایە.**

**١- ئەم بانگەوازە کاتێ ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی باشوورەوە دەکرێ، چەندە لە ڕواڵەتدا دژوازییەکی گەورەیە، هاوکات لە ناخی خۆیدا هەڵگری ڕاستگۆیییەکی ناخواستە و گێلانەشە. ناسیۆنالیزمی سەرەتایی باشوور و بەتایبەت لە کەسایەتی پارتیدا لە هەڵوێستێکی دژوازدا بەردەوام داوا لە پەکەکە دەکات کە باشوور بەجێ بێڵێ، لەحاڵێکدا ماوەی سی ساڵە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناچار بە مانەوە لەوێ کردووە. ئەم دژوازییەی ڕەفتاری**

پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشوور لەوەدا ڕاستگۆیانەیە کە دەیانەوێ بە هەر شێوازێک بووە تەڤگەری ئاپۆییش وەک ئەم هێزانەی ڕۆژهەڵات بێدەنگ بکەن، بەڵام چۆنکە دەزانن ئەم تەڤگەرە بێدەنگ نابێ ناچارن داوایان لێبکەن بڕۆنە دەرەوە. بە مانایەکی تر ئامانجی ئەم هەناسەیە بەر لە هەموو شتێ خەساندنی بزاڤی مافخوازی پارچەکانی دیکەیە بە مەبەستی قوربانیکردنیان لەپێناو کیانی باشوور یان لەپێناو دەسەڵاتۆکەی خۆیاندا. ئەڵبەتە ئاماژەکانی دیکە نیشانی دەدەن کە زیاتر پێدەچێت لەپێناو دەسەڵاتۆکەی خۆیاندا بێت تا باشوور. یەکێ لە ئاماژەکانی ئەم گریمانەیە ئەو گۆشارە بەرفراوانەیە کە دەیان ساڵە لەلایەن ئەم هێزانەوە دەکرێتە سەر ئەو بەشەی تەڤگەری ئاپۆیی کە لە باشوور چالاکن و هەمووشیان خەڵکی باشوورن.

٢- ئەگەر لە شیمانەکەی سەرەوە گەڕێین و بێینە سەر پرسیارەکە، هەر لە خۆیدا بەر لە هەموو شتێ ئاماژەیەکی چەندبارەی گەورەیە بەوەی کە پرسیارکەرەکان نە کوردستان بە یەکپارچە دەبینن و نە کوردیش بە یەک نەتەوە دەزانن. هەر بۆیە ئەم پرسە نەتەنیا شایانی بەرسڤدانەوە نیە و پێویستە هەموو کوردێکی نەتەوەیی لە بەرانبەری سەرهەڵبدات و بەگژیدا

بچێتەوە، بەڵکوو دەبێ وەک خیانەتێ بە یەکێتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی کوردستان لۆمە بکرێ و ڕێگە نەدرێ هیچ کەس و لایەنێک بەمجۆرە پرسیارانە زیاتر لەمە ئەم گەلە دابەشکراوە دابەش بکاتەوە.

٣- دوای ئەمەش یەکسەر پرسیارێکی دەسپێکی و بەڵام هەرە گەورەی ئەخلاقی دێتە پێشێ کە هەموو کوردێ دەبێ لە خۆی بیکات و ئەویش: گەلۆ ئەو لایەن و هێزانەی کە لەباتی گرتن و دادگاییکردن، بەرپرسە ڕاستەوخۆکانی ئەنفالیشیان تێدا، باڵاترین ئەندامەکانی حزبی بەعسی عێراقی لەسەر ئەم خاکە بەخێو دەکەن، لە ڕووی نەتەوەیی و ویژدانییەوە شایستەگی ئەوەیان تێدایە کە داخوازی "لە کوردستان(بەداخەوە باشوورییەکان تەنیا ئەوێ وەک کوردستان ناو دەبەن و لای ئەوان بەشەکانی تر سووریا و تورکیا و ئێرانن) بڕۆنە دەرەوە بۆ بەشەکەی خۆتان" ڕووبەڕووی کوردێک بکەنەوە؟!

٤- لەڕاستیدا ئەم پرسیارە زیاتر لەوەی نیشانەی دژایەتیکردنی نائاگایانەی ئاپۆئیزم بێ، ئاماژەیەکی گەورەیە لە ناتەواوی عەقڵی پرسیارکەرەکان. هەموو کەسێک دەزانێ کوردستان وڵاتێکی گەمارۆدراوە بە چوار دەوڵەتی داگیرکەر و هەر کەسێکی کورد لە

ئەگەری گوشارهێنانی هەر داگیرکەرێک یان دەبێ دابنیشێ و خۆی ڕادەست بکا، یان بۆ پاراستنی خۆی ناچار دەبێ بەرەو شوێنێکی دیکە بڕوات. دیارە کە هیچ کەسێکی عاقڵ خۆ ڕادەستکردن بە کارێکی ڕەوا نازانێ و لە بژاردەی هەڵاتنیشدا خۆ ناتوانێ بفڕێ بۆ مانگ و بێگومان هەر ناچارە پێ بنێتە پارچەیەکی تری کوردستانەوە کە ماڵی خۆیەتی. ئەم بژاردەیە یەکێکە لە ئاساییترین کردەوەکانی هەموو بزاڤەکانی کورد کە ئەنجامی گەمارۆدراوی جۆگرافی کوردستانە و مێژووی هەموو پارتەکانی کوردستان لێوانلێوە لەم هەڵاتن و دەربازبوون و پەنابردنانە بۆ پارچەکانی دیکە. هەر بۆیە نەتەنیا ئاپۆئیزم، بەڵکوو هیچ تەڤگەر و پارتێکی دیکەی کوردی نابێ و ناکرێ لەم سۆنگەیەوە سەرکۆنە بکرێ.

٥- بەم ڕوونکردنەوەیە دیسان ئەگەر کەسانێک هەبن ئەم پرسیارە بکەن، ئەوانە پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی تەڤگەرە جیاجیاکانی کوردستان بدەنەوە. ئاڵایە هیچ هێزێکی کوردی نییە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ پارچەیەکی تری کوردستان هەڵنەهاتبێ یان پەنای بۆ نەبردبێ و بۆ ماوەیەک لەوێ نەگیرسابێتەوە. پرسیارکەرەکان ئەگەر بە زانینی ئەم دیرۆکە تانە لە ئاپۆئیزم دەدەن و ئەوانی دیکە لە تەشەرەکانی خۆیان بێبەش دەکەن، دیارە ئەم تانەیە

دیسان دەکەوێتە خانەی ئەو دژایەتییە کوێرانە کەزاییەوە کە سەرچاوەکەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردییە. هەر بۆیە تانەچییەکان ئەگەر نیازێکی خێریان هەیە دەبێ لەپاڵ پرسی "ئەمڕۆ لێرە چی دەکەن" پرسیاری "دوێنێ لێرە چیتان دەکرد"یش دابنێن و بەسەر هەموو بزاڤی کوردیدا بیگشتێنن. بۆ وێنە بپرسن بۆچی هێزەکانی دیکە هەفتا هەشتا ساڵە بەردەوام خەریکن بەرەو پارچەکانی دیکە هەڵدێن؟. بپرسن ئایا پارتێکی باشووری سۆراخ دەبەن بە دەیان جار پەنای نەبردبێتە ڕۆژهەڵات؟. بپرسن گەلۆ کام پارتی ڕۆژهەڵاتی هەبووە کە چەندین جار ڕای نەکردبێتە باشوور؟ و... هتد. ئەگەر بەرسڤێکی لۆژیکییان دەست کەوت و لەوان ڕازی بوون و بەوان قانع بوون، ئەودەم ئاپۆئیزم دەبێ و پێویستە بەرسڤ بداتەوە. تا ئەو ڕۆژە ئەم پرسیارە جگە لە فتنەیەکی گەورە هیچی تر نییە.

٦- دوای ئەمانە و تا ئەو کاتەی کە تانەچییەکان وەڵامی پرسیارەکەیان وەردەگرن تکایە با تۆزێک لە هەبوونی هێزەکانی دیکە لە پارچەیەکی دەرەوەی پارچەی خۆیان و هەبوونی تەڤگەری ئاپۆیی لە پارچەکانی تر ڕابمێنن و لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان بکەن. دیارە لێرەدا لە زاری تانەچییەکانەوە دەستەواژەی

"پارچەکانی تر" بۆ تەڤگەری ئاپۆییش بەکار دێنم، دەنا من کوردستان بە یەکپارچە و هی هەموو هێزە کوردییەکان دەزانم. بە هەحاڵ بیرمان نەچووە کاتێ لە سەروبەندی گۆڕانی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ کۆماری ئیسلامی خەریک بوو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدەدا، هێزەکانی باشووری کوردستان کە مێوانی ڕۆژهەڵات بوون و ئەمڕۆ هەر ئەمانن بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن پەکەکە لە باشوور بچێتە دەرەوە، ئەودەم بەردەوام لەنێو ماڵی خۆیاندا گێچەڵیان بە هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەفرۆشت. ئەم گێچەڵانە لە لووتکەی خۆیاندا بوون بە یەکێ لە دڕندانەترین نموونەکانی هاوکاری داگیرکەران، کاتێ هێزەکانی باشوور کەوتنە سەرکوتی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و هاوشانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە بوون بە بەشێ لە هێزی لەباربردنی ئەم هەوڵە کە لەوانەیە لە کاتی خۆیدا بیتوانیایە ببێتە دەروازەیەکی گەورە بۆ پارچەکانی تریش. لە بەرانبەردا تەڤگەری ئاپۆیی لە شەڕەکانی سەردەمی داعش لە شەنگال و کەرکووک ئەوپەڕی هاوکاری دەسەڵاتی باشووری کرد. ئەمە سەرباری ئەوەی کە وێڕای پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیدا ئەم تەڤگەرە تا ئێستا نە دژی دەسەڵات و نە دژی هیچ پارتێکی کوردی لە باشوور تۆزقاڵی هاوکاری دەوڵەتی عێراقی

**نەکردووە و هەروەها سەرباری ئەو خزمەتگوزارییانەش کە ئەم تەڤگەرە بە ناوی شارەوانی بناری قەندیل پێشکەشی دانیشتووانی ئەو دەڤەرەی دەکات...**

## دەستوەردان لە پارچەکانی تر

یەکێ لەو پرسانەی کە بەردەوام شوێنی گلەیی و گازندە و زۆر جار جێی تانە و تەشەری لایەنە جیاجیاکانی کوردە ئەمەیە کە گوایە تەڤگەری ئاپۆیی دەست وەردەداتە پارچەکانی تری کوردستان. ئەم گلەییانە ئەمڕۆ بە ئاشکرا لەلایەن کەسانێکەوە ئاراستە دەکرێن کە بە درێژایی مێژووی خۆیان هەمیشە ڕەنگێکی تۆخ لە دابەشبوون و دابەشکردنی خۆویستانەی ڕۆحی نەتەوەیی لە هزر و گفتار و کردارياندا خودنمایی کردووە. لەڕاستیدا "دابەشبوون و دابەشکردن" یەکێکە لە نیشانە هاوبەشەکانی زۆربەی هەرە زۆری گازندەکانی سەر تەڤگەری ئاپۆیی. ئەگەر داخوازی وەک "لەم بەشە بڕۆنە دەرەوە بۆ بەشەکەی خۆتان" ئەنجامی قەبوولکردن و دەروونیکردنی پارچەبوونی جۆگرافیای کوردستان بێت لە عەقڵییەتی مرۆڤی کورددا، گازندەی "دەستوەردان لە پارچەکانی تر" زیاتر لەوەی پارچەکردنی بەئەنقەستی هێزی دژەداگیربوونی کوردستان بێت، تۆخکردنەوەی سنوورە دەسکردەکان و کێشانی دیوارێکی ڕۆحییە لەناو دڵێ نیشتمان و نەتەوەی کورددا. بە هەرحاڵ با دیسان بە چەند خاڵێک لە گۆشەکانی ئەم تانەیە بکۆڵینەوە تا بزانین لە ناخی خۆیدا هەڵگری نیاز و ناڕێکییەکی چۆنە.

**١- بەشێکی زۆری ئەم تانەچییانە پارتەکانی باشووری کوردستانن کە نەتەنیا بە ئاشکرا لە پەی تۆخکردنەوەی پارچەبوونی کوردستاندان، بەڵکوو زیاتر لەوەش خۆیان بە خاوەنی ڕەسەنی بەشەکەی خۆیان دەزانن و وەک تا ئێستا نیشانیان داوە ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە لەپێناو پاراستنی سەروەری دەسەڵاتی خۆیاندا بە ئاسانی تا ئاستی تاوانی براکوژیش لە هیچ شتێ سڵ نەکەنەوە. نموونەی خودی باشوور لەبەر دەستمانە و دەبینین کە چۆن بۆ دەسەڵاتی خۆیان ئامادەن تەنانەت پارچەکانیش لەنێو خۆیاندا جارێکی تر پارچەپارچە بکەنەوە. بازگەی دێگەڵە لە فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆی ئێمەدا نیشانەیەکی گەورەی ئەم دابەشکردنە ناوخۆیییەیە کە لە هێمایدا پارتی و یەکێتی بە ئاشکرا دەڵێن ئەم ناوچەیە هی منە و نابێ ئەویتر دەستی تێ وەربدا. هەر ئەمەش کرۆکی ئەو ڕاستییە زۆر گرنگ و بەرچاوەیە کە دەیسەلمێنێ گلەیی پارتە کلاسیکەکانی باشوور لە "دەستوەردان"ی تەڤگەری ئاپۆیی لانیکەم لەم بەشەی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ بارگاویبوونی ئەم پارتانە بە تێگەیشتنی "ڕکابەری ناوخۆیی" کە بەداخەوە زۆر جار لە مێژوودا تەنانەت ئاستی ڕکابەریشی دەرباز کردووە و بە گەیشتن تا ئاستی "ڕقەبەری ناوخۆیی" براکوژیشی تێپەڕاندووە.**

٢- مەراقێکی گرنگ کە دەتوانێ بەشێکی گەورە لە تێڕوانینی پشت گازندەی پارتەکانی باشوور لە دەستوەردان ڕۆشن بکاتەوە هەڵوێستیانە بەرانبەر بە دەستوەردانی داگیرکەران و بەراوردی ئەم هەڵوێستە لەگەڵ ڕاوەستەیان بەرانبەر بە تەڤگەری ئاپۆیی. لەڕاستیدا ئەم مەراقە هەبوونی ڕۆحییەتی ڕکابەری یان ڕاستتر بڵێین ڕقەبەری نێوخۆیی لە ناخی ئەم پارتانەدا بە ڕێکوپێکی پشتراست دەکاتەوە. دوو دەوڵەتی داگیرکەری ئێران و تورکیا ڕۆژانە بە ئاشکرا هەموو سەروەری و کەرامەتێکی کیانی سیاسی باشوور دەشکێنن، کەچی دەسەڵات و پارتەکانی باشوور نەتەنیا دەنگ هەڵنابڕن، بەڵکوو لە پێشبڕکێی دۆستایەتی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا تەنانەت پاشقول لەیەکیش دەدەن. ئەڵبەتە لەم نێوەندەدا سیمای پەدەکە زۆر لۆمەییتر و شەرمەزارانەترە. ئەم پارتە و نزیکەکانی هۆکاری دەستوەردانە سەربازییەکانی تورکیا و ئێران دەبەستنەوە بە هەبوونی تەڤگەری ئاپۆیی لە باشوور، بەڵام قەت ناوێرن ئەمە ڕۆشن بکەنەوە کە ڕێگریکردن لە فەرمیبوونی کورمانجی لە باشوور و عێراق، دانانی دەیان بنکەی میت و ئیتڵاعات، تیرۆرکردنی شۆڕشگێڕانی بەشەکانی تری پەنابەر لە باشوور، دژایەتی لەگەڵ ڕیفراندۆم، هاندانی حەشدی شەعبی، داگیرکردنی کەرکووک و... هتد، ئایا ئەمانە بە دەستوەردان هەژمار

دەکرێن یان نا و ئەگەر هەژمار دەکرێن، گەلۆ هۆکارەکانی ئەمانە چین؟!

٣- هاوشێوەی ئەم هەڵوێستەی پارتەکانی باشوور بەداخەوە لەلای هەندێ لە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەیە. وەک دەزانین ئەم پارتە کلاسیکانە تا ئێستا چەندین جار وەک برایەکێ بچووک و گوێڕایەڵ لە تەنیشت هێزە جۆراوجۆرەکانی فارس کە هیچ دەسەڵات و هێزێکیشیان نییە، چاوەڕوان دانیشتوون تا گوێبیستی پرۆژەکانی ئەوان بن بۆ دوارۆژی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە مانایەکی تر لێیان دەپاڕێنەوە بێن و لەسەر چارەنووسی خەڵکی ڕۆژهەڵات بڕیار بدەن، کەچی لەملاوە هەموو پرۆژەکانی پژاک سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بە دەستوەردانی پەکەکە و ئاپۆئیزم لەم پارچەیە پێناسە دەکەن و تەنانەت لاشی لێ ناکەنەوە. ئەمجۆرە هەڵسوکەوتە بە ڕوونی نیشانی دەدا کە بەداخەوە ئەمانەش بە هەمان تێگەیشتنی پارتەکانی باشوور بارگاوین و لە خۆیانەوە ئەم پارچەیە پشکی ئەوانە و هەر ئەوان دەمڕاستی و نوێنەرایەتی دەکەن و هیچ ڕکابەرێکی ناوخۆییشیان پێ قەبوول ناکرێ. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕۆژاواشدا ئەم خەسڵەتە ڕێک بە هەمان شێوەی باشوور و ڕۆژهەڵات لە ڕەفتاری هێزە کلاسیکەکانی

ئەوێشدا جارێکی تر خۆی دوبارە کردەوە تا نیشان بدرێ "ڕکابەری ناوخۆیی" پەتایەکی هاوبەشی هێزە کوردییە کلاسیکەکانە کە نەتەنیا تاکوو ئەم ساتەوەختە بەرینەداون، بەڵکوو بەردەوام خۆی لە ناویاندا دوبارە دەکاتەوە. پارتەکانی هەڵگری ئەم خەسڵەتە لە هەمان کاتدا کە لەسەر شاشەکانی وەکوو ڕووداو و کوردستان٢٤ هاواریان دەکرد پەکەکە خەریکە ڕۆژاوای کوردستان داگیر دەکات، لە شەقامەکانی ڕۆژاوا دەهاتنە سەر شەقام و بانگی سوپای سووریای ئازاد و هاوپەیمانەکانیان دەکرد تا بێن و ناوچەی کوردنشین لە دەستی بەشار ئەسەد ڕزگاریان بکەن. ئەڵبەتە دواتر لە کەسایەتی عەفرین و سەرێکانیدا بە ئاشکرا هەم ڕووی ڕاستەقینەی سوپای سووریای ئازاد و هاوپەیمانەکانی دەرکەوت، هەمیش ئەو دیوەکەی تری نەریتی کلاسیکی "ڕکابەری ناوخۆیی" کە هەمیشە بریتی بووە لە قەبوولکردنی هەژموونی ڕەوانی هێزەکانی گەلانی داگیرکەر.

٤- دوای ئەم تێبینییانە دژاوزییەکی زۆر سەیر کە لەم بارەیەوە لە کرداری هەندێ لەم پارتانەدا دەبینرێ ئەمەیە کە کورد گوتەنی "بۆ ئەوان هەرزانییە و بۆ خەڵکی تر گرانی!". پارتەکانی باشوور بەڕاستی نموونەی ڕاستەقینەی ئەم پەندە کوردییەن. پارتە

سەرەتاییەکانی باشوور وەک زۆربەی بوارەکانی دیکە لەم بوارەشدا دیسان ڕێک ئەوەی کە بۆ خۆیانی بە ڕەوا دەیبینن بۆ تەڤگەری ئاپۆیی بە بڤە و قەدەخەی دەزانن. بۆ وێنە ئەگەر تەڤگەری ئاپۆیی بە دروستکردنی پژاک لە ٢٠٠٣وە دەستی خستبێتە ناو ڕۆژهەڵاتەوە، خۆ یەکێتی و پارتی زۆر زووتر و لەو پرۆسەیەی کە لە ١٩٩١ـەوە دەستیان پێکرد وردە وردە بەشێکی گەورەی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیان لەلای خۆیان بە بارمتە گرت لەپێناو دۆستایەتی خۆیان و دەوڵەتی داگیرکەری ئێراندا. بەڕاستی ئەگەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە پارچەیەک بە دەستوەردان هەژمار بکرێ، ئایا کپکردنی بەشێکی دیکەی هێزی شۆڕشگێڕی هەمان پارچە نابێ ناوی دەستوەردانی لێ بنرێ؟!. بێگومان هەرچەند ئەم دیرۆکە بەرەو دواتر هەڵبدەینەوە وەک توێکڵی پیاز نموونەی زۆری دیکەی لێ ئاشکرا دەبێ، بەڵام پێم وایە ئاماژەیەک بەسە بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی مەبەستەکە. هەمان نەریت و هەمان هەڵسوکەوت لە ڕۆژاواش لە ئارادایە. ئەگەر دروستبوونی یەپەگە و پەیەدە لە ڕۆژاوای کوردستان دەستوەردانی پەکەکە و تەڤگەری ئاپۆیی بێ لە ڕۆژاوا، ئایا دروستکردنی "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریا(ئەنەکەسە)" و چەندین هێزی دیکە لە ڕۆژاوای کوردستان لەژێر ناوی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانیدا

دەستوەردان نییە لە ڕۆژاوای کوردستان؟!. دیسان بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو کەسانەی کە لەوانەیە هێشتا پێیان وابێ ئەم کارەی پەدەکە بەرسڤدانەوەی دەستوەردانی پەکەکەیە، ئەم ئاماژەیە بەسە کە "ئەلپارتی" وەک پاشکۆی پەدەکە لە ڕۆژاوای کوردستان ساڵی ١٩٥٧ و پێش سەرهەڵدانی پەکەکە دامەزراوە. گەلۆ خودی دروستکردنی هێزی "پێشمەرگەی ڕۆژ" دەستوەردان نییە لە کاروباری ڕۆژاوای کوردستان؟. ئەمە بە چاوپۆشی لە شێوازی نزیکایەتی ئەم هێزە لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و چۆنێتی دەستوەردانی لە ڕۆژاوای کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ تورکیا. بەکورتی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لەحاڵێکدا داوای ڕاوەستاندنی دەستوەردانی پەکەکە و تەڤگەری ئاپۆیی لە باشوور و بەشەکانی تریش دەکات کە خۆی نەتەنیا هەمیشە دەستی وەرداوەتەوە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکوو ئەم کارەشیان بە نائەخلاقیترین و نانەتەویترین و زیانبارترین شێوازەکان ئەنجام داوە. لە بەشەکانی پێشووتردا وەک نموونە ئاماژەم بە دەستوەردانە سەربازییەکانی پارتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە چۆن بوو بە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکانی دەیەی ١٣٦٠ی هەتاویدا. ئەگەر بێینە سەر باکوور، پەدەکە بەردەوام ئەم بانگەوازە دوبارە

دەکاتەوە کە باشوور هی ئێمەیە و ئێوە کارتان پێیەوە نەبێ و بچن لە باکوورەکەی خۆتان خەبات بکەن. بەڵام کاتێ سەیر دەکەین دەبینین کە خۆی بە شێوازی جۆراوجۆر دەست دەخاتە نێو سیاسەتی باکووریشەوە. دامەزراندنی "پەدەکە"یەکی تر لە تورکیا یەکێ لە نموونەکانی ئەم دەستوەردانەیە. ئەڵبەتە ئەمە لەچاو ئەوانی دیکە دەستوەردانێکی ئاسایی دەنوێنێ، بەڵام دەستێوەردانەکانی دیکەی پارتی ئەوپەڕی نانەتەوەیبوونی ئەم پارتە پیشان دەدەن. ڕێخستنی کارناڤاڵی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەردۆغان و ئاکپارتی یەکێ لە نموونە هەرە قێزەونەکانی ئەم دەستێوەردانە بوو.

٥- لە کۆتاییدا با بیرمان نەچێ ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بدەین و ئەویش: خۆ تەڤگەری ئاپۆیی کوردستانیبوونی خۆی بە مانای کوردستانی گەورە قەت نەشاردووەتەوە و هەمیشە خۆی بە هێزێکی کوردستانی گەورە پێناسە کردووە. هەر لەسەر ئەم تێگەیشتنەش بووە کە خۆی بە مافدار زانیوە لە هەموو بەشەکان تێکۆشان بکات. بەڵام هەموو هێزە کوردییەکانی دیکە و لە سەرووی هەمووشیانەوە پەدەکە بە ئاشکرا ئێرانیبوون، سووریبوون، تورکیبوون و عێراقیبوونی خۆیان هاوار دەکەن.

**کەواتە ئەگەر دەستوەردان لە پارچەکانی تر بۆ تەڤگەری ئاپۆیی یەک جار ناڕەوا بێ، بێگومان بۆ ئەوانی دیکە و بەتایبەت ئەو تانەچییانەی کە خۆیان پێشەنگی دەستوەردانن لە پارچەکانی دیکە، ئەویش بە نانەتەویترین و نانیشتمانیترین شێوازەکان، سەد جار ناڕەوایە. چۆنکە لەلایەک بەگوێرەی پرەنسیپەکانی خۆیان بۆیان نییە دەستوەردان بکەن و کەچی دەیکەنیش و لەلایەکی ترەوە بە زیانبارترین شێوازی کردەنی ئەم دەستوەردانە دەکەن.**

## ئاپۆئیزم هۆکاری دەستوەردان و وێرانکاری داگیرکەران

هاوتەریبی تانەی "تەڤگەری ئاپۆیی دەستوەردانی بەشەکانی تر دەکات" یەکێ لە کاوێژە هەرە دوبارەکراوەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی بریتییە لە "پەکەکە هۆکاری دەستوەردانی داگیرکەرانە لە بەشەکانی کوردستان". ئارمانجی ئەم تانەیە کە سەرچاوەکەی زیاتر باشووری کوردستانە، خستنی تاوانی دەستێوەردان و وێرانکارییەکانی داگیرکەرانە لە ئەستۆی تەڤگەری ئاپۆیی. ئەم تانەچییانە بەردەوام بە گوزارەگەلی وەک "پەکەکە هۆکاری وێرانبوونی شارەکانی باکوورە"، "بەهۆی پەکەکەوە گوندەکانی باکوور چۆڵ کراون"، "دێهاتە سنوورییەکانی باشووری کوردستان بەهۆی شەڕی پەکەکە و تورکیاوە زیانیان پێدەگات"، "پەکەکە هۆکاری کۆچبەربوونی کوردە"، "شەڕی پەیەدە بووەتە هۆی کۆچکردنی کوردان و چۆڵبوونی ڕۆژاوای کوردستان"، "ئەگەر تەڤگەری ئاپۆیی نەبێ کوڕان و کچانی گەنجی کورد ناکوژرێن و بەند ناکرێن و لە سێدارە نادرێن"، "پژاک بیانوو دەداتە دەست ئێران و ئەویش تۆپبارانی باشوور دەکا"، "تورکیا بە بیانووی پەیەدە هێرش دەکاتە سەر ڕۆژاوا"، "تورکیا بە پاساوی پەکەکە بۆردومانی گوندەکانی باشوور دەکات" و... هتد، دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە ئەگەر تەڤگەری ئاپۆیی نەبایە هیچکام لەمانە

ڕوویاننەدەدا یان ئەگەر ئەمڕۆ نەبێ ڕوونادەن. بە مانایەکی تر تانەچییەکان بە ڕاشکاوی دەیانەوێ بڵێن "بۆچی تەڤگەری ئاپۆیی بیانوو دەداتە دەست داگیرکەران بۆ کاولکردنی کوردستان؟!". بۆ ئەوەی لە ناخیان تێبگەین با دیسان بە دیوی جیاوازدا سەیری ئەم تانانە بکەین و بیانخوێنینەوە.

١- هەندێ لە تانەکانی "پەکەکە هۆکاری وێرانییە" بە ڕواڵەت لە ڕوانگەی کوردستانیبوونەوە هەڵدێن و بە گوزارەیەکی گشتی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە "تەڤگەری ئاپۆیی هۆکاری وێرانکارییە لە کوردستان". کە واتە با لەسەر لۆژیکی ئەم تەشەرانە یەکسەر و بێ ناوبەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو کارەساتانەی کە داگیرکەران بە بیانووی هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردی ئەنجامیان داون و بە دانانی هێمای پرسیاری "بۆ چی" لە بەردەم ناوی لایەنە کوردییەکاندا ئەم دیرۆکە دوبارە بخوێنینەوە تا بزانین بە کوێ دەگەین؟!. بۆ وێنە بۆچی ئێحسان نووری پاشا و کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٣٠دا "شۆڕشی ئاگری"یان بەرپا کرد کە بوو بە هۆکاری دەربەدەری خۆی و خاپوورکردنی سەدان گوند و کوشتنی دەیان هەزار کوردی باکووری کوردستان؟!. بۆچی ساڵی ١٩٣٧ سەید ڕەزا دەستی دایە شۆڕشێک کە دواجار بوو بە هۆی

لەسێدارەدانی خۆی و هاوڕێکانی و قڕکردنی دەیان هەزار کەس لە کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم و کۆچاندنی زۆرەملێی دەیان هەزاری دیکە؟!. بۆچی لە سەرووی هەموویانەوە پەدەکە و یەنەکە، پارتەکانی باشوور شۆڕشێکیان هەڵگیرساند و دەیان ساڵ درێژەیان پێدا تا گەیشتە قڕانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆچاندنی فەیلییەکان و سووتاندنی پێنج هەزار گوند و... هتد؟!. بۆچی کۆمەڵە و دیموکرات لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ ڕۆژهەڵاتیان تووشی سەرهەڵدانێ کرد کە ئەنجامەکەی بوو بە وێرانکردنی سەدان گوند و ڕەشبگیری و کوشتارە هەڕەمەکییەکانی خەڵخاڵی لە سنە و کرماشان و فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟!... . بەڕاستی ئەگەر لەسەر لۆژیکی ئەم تانەچییانە بڕۆین، ئایا ناتوانین ئەم هێمای "بۆ چی"یە لە بەردەم تاک بە تاکی شۆڕشە ڕزگاریخوازانەکانی کورد دابنێین و ئەگەر ئەم پرسیارەمان دانا هیچ شانازی و شەرەفێک بۆ ئەم شۆڕشانە دەمێنێتەوە؟!. ئەسڵەن پێشتر لە شانازی هیچ مانایەکی ئەخلاقی بۆ ئەم بزاڤەی کورد دەهێڵێتەوە؟. ئایا بە ئەمجۆرە تێگەیشتنە هیچ نرخێک بۆ ڕۆحی بەرەنگاری مرۆڤی کورد دەمێنێتەوە؟. من هیچ گومانێکم نییە کە ئەم مەراقانە هەموو هەستێکی زیندوو

و هەموو ویژدانێکی بێدارن. لە کۆتاییشدا ئەگەر بە لۆژیکی عەقڵ و هزر لێی بڕوانین، ئایا دەکرێ مرۆڤ ماسی بگرێ و لاقی تەڕ نەبێ؟!

٢- بێگومان هەرکەسێ لە مانای داگیربوون و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیربوون تێبگا ئەگەر لە سۆنگەی "تاوانبارکردن"ـەوە تەڤگەرەکانی کورد بە هۆکاری وێرانکردن و کاولکردنی کوردستان بزانێ، نەتەنیا وەک بوونەوەرێکی زیندوو، بەڵکوو دەبێ لە ئاساییبونی وەک مرۆڤ گومان بکرێ. چۆنکە ئەمە یاسایەکی ڕەهای سروشتە و هەر بوونەوەرێ کە ڕووبەڕووی مەترسی و ستەم دەبێتەوە یان دەبێ قەبوولی ستەم بکا و بمرێ، یان دەبێ بەرگری و پاراستنی خۆی بکا و هەموو ڕیسکێکیش لەم ڕێگایەدا لەبەر چاو بگرێ. ئەم یاسایە بەتایبەتی بۆ مرۆڤ ڕەهەندێکی ئەخلاقی و ویژدانیشی هەیە و هەموو مرۆڤێکی ستەملێکراو یان دەبێ ستەم قەبوول بکا و وەک کەسێکی مردوو و بێ کەرامەت بژی، یان دەبێ بەرەنگاری ستەم ببێتەوە و لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەشدا تەنانەت تا ئاستی مردن ڕیسکی هەموو نەهامەتییەک لەبەر چاو بگرێ. جیا لەمە بەرنگاربوونەوەی ستەم چەندە نیشانەی زیندووبوونی مرۆڤە، بە هەمان ڕادە هەستانەوەی ڕقی ستەمدیدە لە ستەمکار بەهۆی پێشهاتە خراپەکانی ئەم بەرەنگارییە

گوزارەیەکی گەورەیە لە ئاساییبونی ئەم مرۆڤە. لەسەر ئەم بنەمایە ئەمڕۆ داناسین و لۆمەکردنی تەڤگەری ئاپۆیی وەک گرنگترین هێمای زیندووبوونی نەتەوەی کورد و زیندووترین بەشی ئەم جڤاکە بندەستە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە هۆکاری کاولکاری و هێرشی داگیرکەران، نەتەنیا گوزارەیەکی گەورەیە لە نائاساییبوونی لۆمەکەران وەک بوونەوەرێکی سروشتی، بەڵکوو وەک ئاماژەکانیش دەریدەخەن نیشانەیەکی گەورەشە نائەخلاقیبوونی ئەم کەسانە. بۆ وێنە تەلەڤزیۆنێکی وەک کوردستان٢٤ ڕۆژانە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و بێ ڕوودەربایستی پەکەکە وەک پاساوی یەکەم و کۆتایی هێرشەکانی تورک دەناسێنێ بێئەوەی تەنانەت یەک تانەی بچووکیش لە داگیرکەرانی تورک بدات.

٣- بەشێکی گەورەی گلەیی "پەکەکە هۆکاری وێرانبوونی کوردستانە" ئەو بانگەشانەیە کە لە باشوورەوە ئاراستە دەکرێن و تەنیا باشوور بە کوردستان دەزانن و بە ڕاشکاوی و بێ پەردە هۆکاری کاولکاری داگیرکەران لە باشوور دەخەنە ئەستۆی تەڤگەری ئاپۆیی. ئەوانەی کە ئەم گازندەیە دەکەن لەڕاستیدا جارێکی تر بە جیاکردنەوەی بەشەکانی کوردستان لە یەکتری و

**تاپۆکردن و قۆرخکردنی باشوور لەسەر خۆیان دیسانەوە پێ لەسەر نانەتەوەییبوون و ناکوردستانیبوونی خۆیان دادەگرن. دوای ئەمە بەڕاستی ئەگەر بە لۆژیکی "داناسینی هێزە کوردییەکان وەک هۆکاری کردەوەی داگیرکەران" بیر بکەینەوە و بڕیار بێ هێزە کوردییەکان لەسەر بنەمای هۆکاربوونی وێرانکاری داگیرکەران داوەری و سەرکۆنە بکرێن، ئایا تەڤگەری ئاپۆیی زیاتر هۆکاری وێرانبوونی کوردستان بووە یان ئەو هێزانەی کە هۆکاری سەرەکی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و سووتانی چەند هەزار گوند و کۆڕەو و کۆچاندنی فەیلییەکان و... هتد بوون لە باشوور و ئەمڕۆ بە ئاشکرا هەمان تانە لە تەڤگەری ئاپۆیی دەدەن؟. گەلۆ بەم لۆژیکە لەنێو کورددا هێزێک هەیە تاوانبارتر لە پارتەکانی باشوور؟!.**

**٤- دەکرێ ئەم تانەیە لە گۆشەیەکی دیکەشەوە بخوێنینەوە. هیچ دوور نییە پارتە کلاسیکییەکانی باشوور بیر لەم لۆژیکەش بکەنەوە کە گوایە "ئێرە ماڵی خۆمانە و بە کەسێ چی ئێمە دەبینە هۆی کاولکردنی؟، گرنگ ئەوەیە پەکەکە و هێزێکی دەرەکی تر نەبێتە هۆکاری وێرانبوونی ماڵێ ئێمە". ئەم گریمانەیە لەبەر ئەمە دێنمە پێشەوە چۆنکە بەداخەوە مێژووی ئەم پارتانە نیشانی داوە تێڕوانینی لەم شێوەیە بەشێکی گەورەیە لە سایکۆلۆژییەتی**

**ئەوان. بە هەرحاڵ لە ئەگەری تووشبوون بەم لۆژیکە مرۆڤ ناچارە بچێتە سەر ئیمانی ئەوان و بە لۆژیکی خۆیان لێیان بپرسێ "ئەرێ خۆتان بۆچی واتان کرد، یان بۆچی وا دەکەن؟!". بۆ وێنە من وەک ڕۆژهەڵاتییەک مافی ئەوەم هەیە لێیان بپرسم "ئەو کاتانەی بە دەیان جار ڕاتاندەکرد بۆ ڕۆژهەڵات و جەیشی عێراقی بە شوێنتانەوە بوو، یان بە ئەدەبیاتی خۆتان خاکی ڕۆژهەڵاتتان بەکار دەهێنا بۆ لێدانی ئاسایشی عێراق، بیرتان لەمە نەدەکردەوە کە ڕەنگە ببنە هۆکاری کاولکاری و ماڵوێرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی بەدەستی سوپای عێراقەوە؟". گەلۆ ئەگەر کوردێک سواری ئیمان و لۆژیکی ئەم تانەدەرانە ببێ و بپرسێ "ئایا بارزانییەکان کاتی حەوانەوە لە مەهاباد قەت بیریان لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی بە بیانووی ئەوانەوە هێرش بکاتە سەر کۆماری مەهاباد و ئەو کیانە سیاسییە مەترسی بۆ دروست بکرێ؟"، وەڵامی ئەمان چی دەبێ؟. بێگومان ئەم تانەچییانە هێندە سەرەتایین کە پرسیاری لەم شێوازە ئەگەر بە ئاسانی نەیانخاتە تەڵەی خۆیانەوە، ڕووی ڕاستەقینەی تانە و تەشەرەکانیان هەڵدەماڵێ.**

٥- دواجار لە درێژەی لەو تێبینییە مرۆیی و ئەخلاقییەی کە لە دەسپێکی ئەم بەشەدا خرایە ڕوو، با سەرنجێکیش بخەینە سەر ڕاسەڵەی هاوکاریکردن یان دژایەتیکردنی داگیرکەران وەک هۆکاری وێرانی یان ئاوانی ئەم نیشتمانە داگیرکراوە. بەداخەوە ئەمڕۆ نموونەی زۆر زەق لە بەردەستن کە نیشانی دەدەن ئەگەر دژایەتیکردنی داگیرکەران هۆکاری وێرانکاری بێ لە کوردستان، هاوکاریکردنیشیان لانیکەم بە هەمان ڕادە هۆکاری ویرانییە. بۆ وێنە دەزانین کە یەپەگە بۆ ئەوەی عەفرین وێران نەکرێ لەوێ پاشەکشەی کرد، بەڵام دوای داگیربوون هەموو جیهان بینی کە هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکانی تەڤگەری ئاپۆیی لەگەڵ داگیرکەراندا نەتەنیا ڕێگەی لە کاولکردنی ئەو شارە نەگرت، بەڵکوو بوو بە یارمەتیدەری سەرەکی ئەم کاولکارییە. ئەڵبەتە عەفرین نموونەیەکە لە کاولکاری فیزیکی، ئەمڕۆ نموونەیەکی زۆر خراپتری دیکەشمان لە کاولکاری لەبەر چاوە کە ئەنجامی دۆستایەتییە لەگەڵ داگیرکەراندا. باشووری کوردستان ئەمڕۆ نە وەک بازاڕێکی ئێران و تورکیا، بەڵکوو ڕێک وەک کۆلۆنییەکی سیاسی، ئابۆری و فەرهەنگی و هەواڵگری ئەم دوو وڵاتەی لێ هاتووە کە نەتەنیا بووەتە مایەی پووکانەوەی جڤاکی، بەڵکوو بووەتە هۆکاری بەفیڕۆچوونی مرۆڤی ئەم هەرێمەش. لەم ڕوویەوە ئەگەر

**تەڤگەری ئاپۆیی تۆمەتبار بێ بە هۆکاربوونی وێرانی لەڕێی دژایەتیکردنی داگیرکەرانەوە، بێگومان بەشێکی گەورەی هێزەکانی تر هۆکاری هەمان وێرانی و بگرە خراپتریشن بە تاوانی دۆستایەتی لەگەڵ داگیرکەراندا. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە پێویستە تانەچییەکانی دەرەوەی ئەم هێزانە بە ڕوونی ببینن و لە ڕووی ویژدانییەوە پێش ئەوەی ئاپۆئیزم لۆمە بکەن ئەم هێزانە ڕسوا بکەن...**

## دژی "سەرمایەداری"یە!!

**لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی سەرەتایی هێندە گیرۆدەی دژایەتی بێمانا و ڕقەبەری نالۆژیکییە لەگەڵ ئاپۆئیزمدا کە زۆرجار بەبێ بیرکردنەوە و خوێندنەوە تانەکانی ئاراستە دەکات و لە ئەنجامدا زۆرێک لەم تانە و تەزەکانە لە گاڵتەجاڕی دەچن تا ئەوەی کە تەنانەت قسەیەکی ئاسایی بن. ئەم تانەچییانە گۆیا بەبڕیارن هەموو نەهامەتییەک بخەنە ئەستۆی ئەم تەڤگەرە و هەموو ناکامییەک گرێ بدەن بەم تەڤگەرەوە. یەکێ لەو تانە گاڵتەئامێزانەی کە زۆرجار لەپشت ژێستێکی خوێندەوارییەوە دێتەدەر ئەمەیە کە گوایە "ئاپۆئیزم دژی کاپیتالیزم و سەرمایەداری قسە دەکا و هەر بۆیە ئەم جەمسەرە هاوکاری کورد ناکا و ئەمە بە زیانی کورد دەشکێتەوە!!". بە مانایەکی تر ئەم تانەدەرانە دیسان دەیانەوێ ئۆباڵی بەشێ لە دژمنکاری جیهانی سەرمایەداری بەرانبەر بە کورد بخەنە ئەستۆی ئاپۆئیزم. با بزانین ئەم تانەیە چەندە ڕاستی و چەندە دروستی تێدایە؟.**

**١- خاڵی یەکەم کە پێویستە پێش هەموو باسێک ڕوون بکرێتەوە ئەمەیە کە ئەم دەردی داگیربوونە کە سەد ساڵە ئێمەی کورد بە بەردەوامی پێوەی دەناڵێنین لەڕاستیدا نانێکە ڕۆژاوا خستوویەتە**

چاکی ئێمەوە و قەت نابێ کورد نە لێی خۆش بێ و نەیش لەبیری بکا. لەڕاستیدا بە بۆچوونی من ئەوەی کورد بێ و هەست بە داگیربوون بکا، ئەگەر ڕقی ڕۆژاوا لە مێشکیدا نەبێ، یان کەسێکی نائاساییە، یان بە دروشمگەلی وەک مافی مرۆڤ خەڵەتێنراوە. لە دەرەوەی ئەمە هەموو کوردێکی بەئاگا لە داگیربوونی خۆی پێویستە بەردەوام ڕقی ڕۆژاوای لە مێشک و دڵدا بێ. دوای ئەمە جیهانی سەرمایەداری جگە لە باشوور و لە درێژەی ئەو نەریتەی کە ئینگلیزەکان دایانڕشتووە هیچکات یارمەتی هیچ پارچەیەکی کوردستانی نەداوە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتانی داگیرکەر. لەڕاستیدا ئەو دەسکەوتە ناتەواوەی باشوور و ڕۆژاواش زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ئەنجامی ڕاستەوخۆی هەڵەی سەدام و ئەسەد بووە و ئەو پشتیوانییە بەسنوورەش کە ئەم جەمسەرە لە باشوور و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ڕۆژاوا کردوویەتی پێش هەموو شتێ لێکەوتەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. بەم حاڵەش نموونەکانی یارمەتیدان لەلایەن جیهانی کاپیتالیستەوە بەراورد بە نموونەکانی دژایەتیکردنی کورد هەر هیچ نین و لە بەرچاو نایەن. پێویست ناکا لە دژایەتییەکانی جیهانی سەرمایەداری سەبارەت بە کورد نموونە بێنمەوە، بەڵام بیرهێنانەوەی نموونەکانی عەفرین و کەرکووکی دوای ڕێفراندۆم

بەسە بۆ ئەوەی لە "سنووردابوونی بەگوێرەی بەرژەوەندی" یارمەتییەکانی ئەم جیهانە لە کورد تێبگەین.

٢- بەداخەوە یەکێ لە کەماسییەکان و ئەگەر ڕێکتر بڵێین یەکێ لە لاوازی و نەتوانکارییەکانی تەڤگەرە کوردییەکان بەگشتی و تەڤگەری ئاپۆیی بەتایبەتی بەردەوام ئەمە بووە کە نەیانویستووە یان نەیانتوانیوە ببنە مەترسی بۆ سەر جیهانی سەرمایەداری. من هیچ گومانێکم نییە کە ڕۆژاوا و بەتایبەت ئەورۆپییەکان تەنیا ڕێز بۆ ئەو کەسانە دادەنێن کە یا هێز و زۆریان هەبێ، یا سوودی ئابۆرییان پێ بگەیێنن. بەداخەوە کورد هیچکات نە خواست و هێزی ئەوەی هەبووە تا زیانیان پێ بگەیەنێ و نەیش خاوەن سامانی خۆی بووە تا چاویان لەو سامانە بێت. چۆنکە لە خۆیدا ئەم دەوڵەتانە لەلایەک بە بەهێزکردنی داگیرکەران کوردییان بێهێز کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ خودی کورد هەمیشە لەڕێی داگیرکەرانەوە هاوبەشی سامانی ئابۆری کوردستان بوونە. بە هەرحاڵ تەنیا ڕەنگێ لە دژایەتیکردنی کاپیتالیزم کە لەوانەیە بکرێ بە ڕواڵەت و سیمای بزاڤە جیاجیاکانی کوردەوە ببینرێ ڕەنگی ئایدۆلۆژییە. ئێمە دەزانین تەڤگەری ئاپۆییشیان تێدا، زۆرینەی نزیک لە ڕەهای پارتە

کوردییەکان پاشخوانێکی ئایدۆلۆژی چەپ یان ئیسلامییان هەیە و ئەم ئایدۆلۆژییانە بە ڕواڵەت دژی جیهانی سەرمایەدارین. کە واتە ئەگەر ئایدۆلۆژیکبوون نیشانەی دژایەتیکردنی جیهانی سەرمایەداری ڕۆژاوا بێ هەموو هێزەکانی دیکەش ئەم دژایەتییەیان کردووە و تەڤگەری ئاپۆیی تەنیا نییە. ئەڵبەتە لێرەدا جیاوازییەکی گەوهەری هەیە. پێچەوانەی ئەوانی تر کە تەنیا لە شوێنکەوتەیەکی سەرەتایی ئەم ئایدۆلۆژییانە دەچن، ئاپۆئیزم زیاتر لە ڕەوتێکی زانستی دەچێ کە ئەگەرچی زۆرترین ڕەخنە و ڕاوەستەی لەسەر کاپیتالیزمە، لە زۆر شوێنیشدا ڕەخنەی لە سۆسیالیزم و بەرەی چەپ گرتووە. ئەڵبەتە پڕ ئاشکرایە کە ئەم ڕێبازە، واتە ڕێبازی ڕەخنەکردنی زانستی کاپیتالیزم هیچکات لەلایەن ئەم جەمسەرەوە وەک دژایەتیکردن لێکنەدراوەتەوە و بە ڕۆژانە لەناو خودی وڵاتانی سەرمایەداریدا لە ئارادایە. بەڕاستی ئەگەر وا نەبایە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەبا پێش هەموو شتێ هەموو زانا سۆسیالیستەکان و چەپەکانی خۆیانیان بکردایە دەرەوە یان سەرکوتیان بکردانایە. لەلایەکی تریشەوە گرنگیدان بە کتێبەکانی ئاپۆ لەلایەن ناوەندە زانستییەکانی ڕۆژاواوە خۆی بەڵگەیەکی گرنگە لە ئاساییبوونی ئەم دژایەتییە زانستییە...

٣- سەرباری ئەمانەش با بە گریمانە وا بیربکەینەوە کە ئاپۆئیزم و تەڤگەری ئاپۆیی تەنیا ڕەوتێکی کوردییە کە دژایەتی کاپیتالیزم دەکات و بزانین ئەمە بەڕاستی چەندە هۆکاری دژمنکاری ئەم جیهانەیە بەرانبەر بە کورد؟. بۆ ئەم مەبەستە با پرسیارەکە بە دیوێکی تریدا بخوێنینەوە. گەلۆ دەزگای سیاسەتی ڕۆژاوا یان جیهانی سەرمایەداری چەندە لەسەر ئایدۆلۆژی ئیش دەکات، یان ڕێکتر بپرسین پەیوەندییەکانی چەند بەگوێرەی ئایدۆلۆژی ڕێکدەخات؟. لەڕاستیدا خوێندەواری و خوێندنەوەیەکی زۆری پێویست نییە تا مرۆڤ بتوانێ تێبگا پەیوەندییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری لەگەڵ دەرەوەی خۆیان تەنیا و تەنیا لەسەر بەرژەوەندی بنیاد نراون. بۆ وێنە ڕۆژاوا وەک ئایدۆلۆژی باوەڕی بە ئازادی ئایینی هەیە، کەچی نزیکترین دۆستایەتییان لەگەڵ عەرەبستانێکە کە بە ئاشکرا یەکێ لە وڵاتانی هەرە سەرکوتکەری ئازادی ئایینە. ئەوان باوەڕیان بە سیکۆلاریزم و لائیسیتەیە، کەچی پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ تورکیایەک هەیە کە تا بینەقاقا ئیسلامێکی ئیخوانی پەیڕەو دەکا. باوەڕیان بە بازرگانی ئازاد هەیە، بەڵام لەگەڵ چینی کۆمۆنیستدا بەرفراوانترین پەیوەندی بازرگانی دادەمەزرێنن. باوەڕیان بە دیمۆکراسی هەیە، بەڵام نزیکترین پشتیوانەکانن بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری عەرەب. باوەڕیان بە مافی

مرۆڤە، کەچی چاوپۆشی لە کردەوەکانی ئێران دەکەن کە یەکێکە لە دەوڵەتانی بنپێکەری مافی مرۆڤ. ئەوان باوەڕیان بە تیرۆر نییە، بەڵام بە ئاشکرا لە تیرۆرەکانی ئێران و تورکیا تەنانەت لەنێو خاکی خۆشیاندا چاو دادەخەن و بێدەنگەی لێدەکەن... و هتد. کورت و کورمانجی، لە پەیوەندییەکانی جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا لە دەرەوەی مەراقی "لایەنی بەرانبەر چەندە سوودبەخشە بۆ من" هیچ شتێکی تر مانا و نرخێکی ئەوتۆی نییە. هەر سەبارەت بە کورد چەند نموونەیەکی بەردەست هەن کە دەیسەلمێنن ئەم جیهانە تەنیا و تەنیا بە لۆژیکی سوود و بەرژەوەندی کار دەکا و ئەوەی بتوانێ سوودی پێ بگەیەنێ یان بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ دەتوانێ لە هاوکاری ئەو سوودمەند بێ و ئەمە کرۆکی دوئالیتەی ڕەفتاری ڕۆژاوایە لە سیاسەتدا. با دوو نموونەی دژبەیەک لە دوئالیتەی ڕەفتاری ڕۆژاوا لەگەڵ دۆزی کورددا بێنمەوە تا باشتر لەم ناخە تێبگەین. وەک دەزانین حزبی دیمۆکراتی سەردەمی قاسملوو لە یەکەمین بزاڤەکانی کورد بوو کە خۆی لە ڕۆژاوا نزیک کردەوە. کەچی هەر بە بەرچاو و بە یارمەتی ئەوان شۆڕشی سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ی ڕۆژهەڵات بە خوێناویترین شێوازەکان سەرکوت کرا، ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە لەنێو ماڵی ڕۆژاواییەکاندا تیرۆر کران و بکوژەکانیش هەر بە چاوڕێری

ئەوان ڕایانکرد و هەڵهاتن. نموونەی دووەم، کاتێ ڕۆژاوا بڕیاریدا دژ بە دەوڵەتی سەدام بوەستێتەوە بەشێ لە پارتەکانی باشوور وەک پەدەکە لە لیستی تیرۆری ئامەریکادا بوون. کەچی لە هەمان ئەو ساڵانەدا کە ئەمان لە لیستی ڕەشی ئەو وڵاتەدا بوون نزیکترین هاوکارییان دەکرا و هەر لەڕێی ئەم بەناو تیرۆریستانەوە ئامەریکا یارمەتی کوردانی باشووری دا تا بە نیوچە دەسەڵاتێکی ڕەوای خۆیان بگەن...

کە واتە ئەوانەی کە تۆمەتی دژایەتیکردنی ئاپۆئیزم بۆ سەرمایەداری کاوێژ دەکەنەوە تا پەیڕەوی ئەوە تاوانی دژایەتیکردنی دۆزی کورد لەلایەن ئەم جیهانەوە بخەنە ئەستۆی تەڤگەری ئاپۆیی، زانستە یا نەزانستە هەم چاو لە پاشخوانی ئایدۆلۆژی بزاوتە جیاجیاکانی کوردستان دادەپۆشن و هەمیش جیهانی سەرمایەداری ڕۆژاوا بەباشی ناناسن. دیسان نموونەی بەردەست ڕۆژاڤای کوردستانە. ئامەریکا و هاوپەیمانەکانی لەحاڵێکدا لە باکووری کوردستان بە توندترین سیاسەتەکان دژی تەڤگەری ئاپۆیی دەوەستنەوە، کەچی بۆ پاراستنی هەژموون و باڵادەستی خۆیان لە سووریا ئامادەن لە ڕۆژاڤای کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەیی و سنوورداریش بووە یارمەتی بدەن... .

ئەڵبەتە بەداخەوە ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بە دیوێکی پێچەوانەوە سەیری هاوئاهەنگی و هاوکاری تەڤگەری ئاپۆیی لەگەڵ جەمسەری کاپیتالیست لە کەسایەتی ڕۆژاڤای کوردستاندا دەکات و ئەم "بەهانە بەنی ئیسرائیلی"یە دێنێتەوە کە گوایە ئاپۆئیزم دواجار پشتی لە پرەنسیپەکانی خۆی کردووە و کەوتووەتە باوەشی کاپیتالیزمەوە. لە بەشی داهاتوودا بە وردی باس لە میناکە جۆراوجۆرەکانی بەهانە بەنی ئیسرائیلییەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لەسەر ئاپۆئیزم دەکەین.

# بەهانە "بەنی ئیسرائیلی"یەکان

لە بەشی پێشوودا بە ئاماژەیەکی کورت بەمە درا کە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کە بە ڕەوا یان ناڕەوا هەمیشە ئاپۆئیزمی بەوە لۆمە کردووە کە دژی سەرمایەدارییە، ئەمڕۆ لە کەسایەتی ڕۆژاڤای کوردستاندا قەوانێکی پێچەوانە لێدەدات و بانگەشەی ئەمە دەکا کە گوایە ئاپۆئیزم لە کۆتاییدا خۆی ڕادەستی بەرەی سەرمایەداری کردووە. ئەم سایکۆلۆژییەتە یەکێکە لە ستراتیژییە بەردەوامەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بەرانبەر بە ئاپۆئیزم. لەم دۆخە دەروونییە نارێکەدا مرۆڤ زیاتر لەوەی بەشوێن ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکدا بێت یان نیازی لەقاودانی چەوتییەکی هەبێت، بەبێ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی لەسەر هەموو کردەیەکی بەرانبەرەکەی هێمایەکی گومان و پرسیار دادەنێت. بە مانایەکی تر دۆخێکی "بەهانەی بەنی ئیسرائیلی" ژیان دەکات. لەم بەشەدا بە هێنانەوەی میناکی بەردەست باس لە دیوە جیاوازەکانی ئەم دۆخە دەروونییەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و بەگشتی نەیارانی ئاپۆئیزم دەکەین. یەکێ لە دیوەکانی دۆخی "بەهانەی بەنی ئیسرائیلی" میناکی سەرەوەیە کە مرۆڤ تێیدا بەردەوام لۆمەی ڕەفتاری بەرانبەرەکەی دەکا و کاتێکیش ئەو ڕەفتارەکەی گۆڕی ئەمجا بە ڕستە و پرسیاری وەک "ئەوە تۆ نەبووی تا دوێنێ وات دەکرد؟!"، یان "خۆ تۆ تا پێرێ شتێکی ترت

دەگوت!"، یان "ئەها تۆش دواجار ناچار بووی پاشگەز ببیتەوە" و... هتد، دەکەوێتە تانەدان و گاڵتەپێکردن. هەر وەکوو نموونەی چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی سەرمایەداری یەکێ لە نموونەکانی ئەمجۆرە ڕەفتارە مژاری دەوڵەتی کوردییە. ئەمڕۆ یەکێ لە تەشەرەکانی سەر ئاپۆئیزم ئەمەیە کە ئەی ئێوە تا دوێنێ باسی دەوڵەتی کوردیتان دەکرد، چی بوو لە پڕێکدا گۆڕان، ئەی خوێنی ئەو کەسانەی لەپێناو دەوڵەتدا ڕژان لە ئەستۆی کێ؟! و... هتد. بێگومان ئەمجۆرە ستراتێژییە لەنێو کورددا زۆر بەباشی جێدەگرێ و کۆمەڵگەی نەخوێندەوار و خاڵی لە لۆژیکی متوربەکراو بە هزرێکی غەریزی و سەرەتایی بە دڵ و گیان قەبوولی دەکات. لێرەدا پێویستە بۆ چەند چرکەیەک باسەکە ڕابگرم و لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگدێر و پێناسەگەلی وەکوو نەخوێندەوار، نالۆژیک، سەرەتایی، غەریزی و... هتد ڕوونکردنەوەیەک بدەم نەبادا ببێتە مایەی بەهەڵە تێگەیشتن و هەستکردنی خوێنەر بە جۆرێ لە سووکایەتی. با بە نموونەیەکی بەردەست مەبەستەکەم لە سەرەتاییبوون و نەخوێندەواری و باقی پێناسەکانی هاوشێوە ڕوون بکەمەوە. لەم ڕۆژانەدا کە چەتەکانی حەشدی شەعبی سمێڵی کابرایەکی کاکەییان تاشیبوو، لە تەواوی باشوور بوو بە هەرایەکی گەورە و هەموو ئەو تەلەڤزیۆنانەی کە بەداخەوە

سواری سەرەتاییبوونی خەڵکن کەوتنە ڕووماڵی ئەم بوویەرە، کەسانێکیان دەهێنایە سەر شاشە کە باشترین قسەکەیان بۆ وێنە ئەمە بوو کە خۆزگە بیانکوشتایە و سمێڵیان نەتاشیبا. یانی گیانی مرۆڤێ لە تاڵێ لە سمێڵی ئەو کەسە هەرزانترە. ئەم کاکەییانە دەیان ساڵە گوندەکانیان دەسووتێندرێن و چۆڵ دەکرێن، عەرەب بە ناوی بەعس و داعش و حەشدەوە زەوییەکانیان تاڵان دەکەن و دەیانبەن، دەیان کەسیان لێ دەکوژن و... هتد، کەچی هێندەی ئەم تاڵە سمێڵە لە لایان گران نەبووە و بەرتەکیان نیشان نەداوە!. با لە خەڵکە ئاساییەکە گەڕێین و سەیری سەرەوەی ئەم جڤاکە بکەین. مەسعوود بارزانی لە تەواوی ئەم ساڵانەدا بەردەوام ئاگاداری ئەو ستەمانەی سەرەوە بووە کە سونە و شیعە لە کاکەیی کردوویانە و دەیکەن، بەڵام قەت بۆی گرنگ نەبووە، کەچی ئەمڕۆ بۆ تاڵە سمێڵێ بەیاننامەی دەرکردووە و بەتوندی ئیدانەی کردووە. لەم بەینەدا چینێکی سێیەمیش هەیە کە ڕۆشنبیران و نوخبەکانی کۆمەڵگان و ئەوانیش نە دەخوازن و نەیش دەوێرن خۆیان لە قەرەی ئەم پرسگرێکە و هاوشێوەکانی بدەن و لانیکەم هەوڵی تێگەیاندنی خەڵکەکە بدەن بەشکەم تۆزێ لەم تویێژاڵی و غەریزی و سەرەتاییبوونە دەربێن. لێرەدایە کە قسەیەکی ئاپۆم دەکەوێتە یاد کە دەڵێ(گێڕانەوە بە واتا): ئەگەر بە کوردێک بڵێی

فارسێ، تورکێ، یان عەرەبێ پێی گوتی بێ شەرەف یان بێ نامووس، بێگومان بەگژیدا دەچێ و لەوانەشە هەر بیکوژێ، بەڵام ئەگەر پێی بڵێی ئەوانە خەریکن سامانی وڵاتەکەت دەبەن، هیچ غیرەتی ناجووڵی و ئەسڵەن بۆی گرنگ نییە و لەوانەیە هەر نەزانێ باسی چی بۆ دەکەی!. ئەمە ئەو سەرەتاییبوونەیە کە مەبەستی منە. مانەوەیە لە ئاستی غەریزەدا، لە ئاستی شتە هەرە بچووکەکاندا، لە ئاستی ڕواڵەتە هەرە توێژاڵییەکاندا و بەکورتی لە ئاستی ژیانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئایینی هەرە سەرەتاییدا...

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر مژاری باسەکەی خۆمان کە بریتی بوو لە بەهانە بەنی ئیسرائیلییەکانی ئەم مرۆڤە سەرەتاییە. یەکەمین خەسڵەتی بەهانەگیرەکانی ئاپۆئیزم بریتییە لە بێنرخکردن و سووککردنی هەموو شتێکی ئەم ڕەوتە بە شێوازێ کە بۆ بەردەنگی خۆیان بە ناگرنگ وێنای بکەن. با بە میناک ئەم خەسڵەتە سەرەتاییە شی بکەمەوە. جارێکیان سەرکردەیەکی پارتێکی ڕۆژاوای کوردستان کە لە بەرەی دژبەرانی تەڤگەری ئاپۆییدایە میوانی تەلەڤزیۆنێک بوو. کاتێ گوێی لە گوزارەی "پەیەدە ڕۆژاوای کوردستانی ڕزگار کردووە" بوو، بە تووڕەییەکی

سەیرەوە هاتەگۆ و گوتی "ئەوە کەی ڕزگارکردنە؟!"، پەیەدە کەی و لە کوێ شەڕی بەشار ئەسەدی و کوێی بە شەڕ ڕزگار کردووە؟!!. ئەوەی لە ئارادایە سپاردنی ئەو ناچانەیە بە ئەمانەت لەلایەن سوپای سووریاوە بە پەیەدە تا خۆی لە بەرەکانی دیکە بتوانێ شەڕ بکا. کابرا تەواوی کێشەکەی لەمەدا بوو کە گوایە پەیەدە شەڕی نەکردووە و بە شەڕی چەکداری ڕۆژاوای کونترۆڵ نەکردووە، کە واتە ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیە هیچ گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی نییە!(لەبیرتان بێ کە لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد کە ئەم بەرەیە زۆرجار بە بانگەشەی ئەمەی کە سەردەمی شەڕی چەکداری نەماوە دەکەوێتە لۆمەکردنی تەڤگەری ئاپۆیی)٠ نموونەیەکی تر لە ئەمجۆرە ناگرنگ و بێنرخ نیشاندانەی هەر شتێ کە ڕەنگ و تام و بۆنی ئاپۆئیزمی پێوە دیار بێ لە کاتی باسکردنی بیردۆزییەکانی ئاپۆ خۆی نیشان دەدا. لەم کاتانەدا گوزارەگەلی وەک "ئاپۆ فکرەکانی لە بۆکچین وەرگرتووە"، یان "قسەکانی ئاپۆ هی خۆی نین" یا "کتێبەکانی ئاپۆ دوبارە گوتنەوەی بیرۆکەکانی بۆکچینن" یا "ئاپۆ خۆی گوتوویەتی من شاگردی بۆکچینم" و... هتد کە بەردەوام دوبارە دەکرێنەوە تێری خۆیان بە ئاراستەی ناگرنگ و کەمبەها نیشاندانی ئەم بیردۆزییانە ئاماژەی ئاشکرایان تێدایە. بیانکەگر و تانەچییەکان ئەم قسانە بە جۆرێ لە دڵنیایی کاوێژ

دەکەنەوە وەک ئەوەی پێش ئاپۆ هیچ زانا و ڕۆشنبیرێ هیچ شتێک لەوانەی پێش خۆی فێر نەبووبێ و لە هیچ کەسێکی پێش خۆشی کاریگەری وەرنەگرتبێ و شاگردی هیچ کەسێکی نەکردبێ.

میکانیزمێکی تر کە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی هاوتەریبی بێنرخکردن لە سەری کار دەکا بریتییە لە جەفەنگ و گاڵتەپێکردن بە مەبەستی سووککردنی هزر و هەنگاوەکانی ئاپۆئیزم. بۆ وێنە کاتێ گەریلایەک شەهید دەبێ، لەباتی ئەوەی بە جۆرێ ڕایبگەیێنن کە مرۆڤی کورد ڕقی لە داگیرکەر و کوژەر هەستێ، بە ڕستەگەلی گاڵتەئامێزی وەکوو "گەنجێکی دیکەی کورد کرا بە قوربانی برایەتی گەلان" گوزارشتی لێدەکەن تا تانەیەکیان لە تەڤگەری ئاپۆیی وەشاندبێ و لە خوێنی گەرمی ئەم شەهیدەدا تۆزێ خۆیان فێنک کردبێتەوە. بیرمان نەچێ ئەمجۆرە قسانە تەنیا لە ئاستی جەفەنگدا نامێننەوە و وردە وردە بەرەو دروستکردنی جڤاکێک دەڕوا کە تێیدا بەرخۆدان دژ بە داگیرکاری سووک دەکرێتەوە، لەڕێی تاوانبارکردنی هێزی ئەم بەرخۆدانەوە پاکانە بۆ داگیرکاری دەکرێ، کوشتوبڕ و خوێنڕشتنی کورد بەدەست داگیرکەرانەوە نەتەنیا لای مرۆڤی کورد هەستێکی ڕقئامێز لەهەمبەر داگیرکەر دروست ناکا، بەڵکوو ئەم ڕقە بە ئاراستەی هێزی بەرخۆدانی ناوخۆیی پێچەوانە دەکاتەوە

و... هتد. نموونەیەکی تری ئەم گاڵتەجاڕییە لەم دواییانەدا لەبارەی ڕێپێوانێکدا هاتە ئاراوە کە خەڵک تێیدا وەک هێمای خۆڕاگری ماکێتی پێڵاوی گەریلایان بەرز کردبووەوە. ئەمە بوو بە گەپ لەنێو لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا کە گوایە پەکەکە بانگەشەی بازرگانی بۆ پێڵاوی تورکی کردووە و ئابۆری تورکیای بووژاندووەتەوە. ئەمە لەحاڵێکدا زۆردەمێکە بانگەشە و ڕێکلامی کاڵای تورکی بووەتە نەریتی ڕۆژانەی زۆرێک لەو تەلەڤزیۆنانەی کە خۆیان وەکوو پێشەنگی کوردایەتی بە خەڵک قاڵب دەکەن و کەچی ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکان تا ئێستا یەک دێڕیان وەک ڕەخنە لەسەر نەنووسیون.

بەهانەیەکی تر کە لەڕاستیدا لە بەهانە زیاتر ناڕێکییەکی بێشەرمانەی ئەخلاقییە، ئەمەیە کە لایەنەکان بیانوو لە تەڤگەری ئاپۆیی دەگرن بەهۆی ئەو کارانەی کە خۆیانیش ڕێکاوڕێک ئەنجامی دەدەن یان ئەو ڕاوەستە و هەڵکەوتانەی کە خۆیانیش ڕێکاوڕێک تێی دەکەون. بۆ وێنە لەلای ئەمانە زۆر ئاساییە کە ئێران بەرانبەر بە بۆردومانی باشوور لەلایەن تورکیاوە ڕابوەستێ و ئاسایشی عێراق و باشوور بە ئاسایشی خۆی بزانێ، بەڵام ئەگەر ئێران بە درۆ یان بە ڕاست دژی داگیرکاری

تورکیا لە ڕۆژاوا هەڵوێست بگرێ، هاواریان هەڵدەستێ کە ها... نەمانگوت ئێران هاوپەیمانی پەکەکەیە، هانێ ئەوەتا نابینن ئێران چۆن پشتیوانی لێ دەکا؟!(هەردووی ئەم دوو هەڵوێستانە لە مانگی ٧ی ٢٠٢٢دا ڕوویانداوە). با لە بواری دیکەدا نموونە بێنینەوە. کەس نییە ئاگای لەم ڕاستییە نەبێ کە بە درێژایی تێکۆشانی کورد دژی داگیرکەران بەشێکی گەورەی ئەم کاروانە لەو گەنجانە پێکهاتووە کە بەگوێرەی یاساکانی وڵاتانی ئەورۆپی بە منداڵ هەژمار دەکرێن و نابێ بڕۆنە جەنگ. بۆ وێنە خودی جەلال تاڵەبانی لە سێزدە ساڵیدا تەقلی پارتی بووە و مەسعوود بارزانیش هەمیشە شانازی بەوە کردووە کە لە چواردە ساڵیدا بووەتە پێشمەرگەی پارتی. بەڵام دەبینین کە زۆر جار هەر ئەم هێزانە و بەتایبەت لایەنگرانی ڕێبازی بارزانی پەکەکە تاوانبار دەکەن بە بەکارهێنانی منداڵانی کورد لە شەڕدا. ئەڵبەتە ئەم بەهانە بەنی ئیسرائیلییانە هەڵگری زۆر لایەنی ناڕێکتریشین کە لێرەدا چۆنکە تەنیا مەبەستم هەژمارکردن و ڕیزکردنیانە ناچمە سەر ئەو ناڕێکییانە، بەڵام وەک ئاماژە من چەند جارێ سەرنجم داوە کە پرسی منداڵە گەریلاکان ڕێک لەو کاتانەدا دەکرێنە ڕۆژەڤ کە شەڕێکی گەرم و قورس لەنێوان پەکەکە و سوپای داگیرکەری تورکدا دێتە ئاراوە. یان بۆ وێنە هەر ئەم تەلەڤزیۆنانەی کە لەسەر گەریلا منداڵەکان بە جۆرێ دەیکەن

**بە هەرا وەک ئەوەی لە پارلەمانی سوید بن و لەسەر گرووپێکی تیرۆریستی وەک داعش قسە بکەن، هیچکات لێیان نەبینراوە سەبارەت بە بەسیجکردنی منداڵانی دە و دوازدەی ساڵەی کورد لەلایەن ئێرانەوە ڕۆشنگەری بکەن...**

**ناسازگاری یەکێکی ترە لە ڕێبازە هەرە خراپەکانی بەهانەگرتنی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لە تەڤگەری ئاپۆیی. لەم ناسازگارییەدا ناسیۆنالیزمی سەرەتایی هەر ئەوە نییە کە بڵێ قسە هەر قسەی خۆم بێ و قسەی کەس قەبوول نەکا، بەڵکوو تەنانەت ئەگەر بە قسەشی بکەن ئامادە نییە بەرانبەرەکەی قەبوول بکا. یەکێ لە نموونە هەرە نارێکەکانی ئەم ناسازگارییە کە لە میانەی دانووستاندنەکانی دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی هاتە ئاراوە پرسی سەرۆکایەتی ئەم کۆنگرەیە بوو لەلایەن مەسعوود بارزانییەوە. ئەو لەلایەکەوە ئامادە نەبوو قەبوول بکا سەرۆکایەتی کۆنگرە بە دەنگدان و هەڵبژاردن بێت، لەلایەکی ترەوە بەو بیانووە سەیرەی کە گوایە هاوسەرۆکایەتی نەریتیکی دروستکراوی پەکەکەیە ئامادە نەبوو لەگەڵ لەیلا زانا بکرێ بە سەرۆک. ئەڵبەتە ئەم نەریتی ناسازگارییە تەنیا بەرانبەر بە ئاپۆئیزم پەیڕەو ناکرێ و ناسیۆنالیزمی کلاسیکی کوردی زۆرجار**

لەناو خۆشیدا گیرۆدەیەتی. درەنگکەوتنە چەند مانگییەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لەدوای هەموو هەڵبژاردنێکی باشوور، مشتومڕە بەردەوامەکانی ئەم هێزانە بۆ هەڵبژاردنی بەربژێری سەرکۆماری عێراق لەنێو خۆیاندا، دانووستانە چەندین ساڵەکانی جیابوونەوە و یەکگرتنەوەی زۆرێک لە پارتەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات نموونەی بچووکی دیکەی ئەم ڕێبازی ناسازگارییەن.

پەڵپگرتنی بەردەوام کە لە خۆیدا نیشانەیەکی گەورەی دژوازی دەروونییە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تانەچییەکانی سەر ئاپۆئیزم. ئەوەی لەم پەڵپگرتنانەدا گرنگە نە ڕەوایی و لۆژیکیبوونی سکاڵاکانە و نە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئاپۆئیزمە بەرانبەر تانە و بەهانەکان، بەڵکوو تەنیا مەبەستی گرنگ لێیان ئەمەیە کە ئەم تەڤگەرە لەچاو خەڵکی بخەن، تاوانبار نیشانی بدەن و بیخەنە خانەی لۆمەبوونەوە. بۆ وێنە وەک ئەوەی خۆیان ئەوسا هەر لەنێو شارەکاندا شەڕیان کردبێ، دێن و دەپرسن بۆ ناچن لە شارەکانی خۆتان شەڕ بکەن، کەچی لەکاتێ شەڕی شارەکاندا دێنەگۆ کە پەکەکە هەموو شارەکانی وێران کرد، خەڵکی باکووری ڕەنج بەخەسار کرد، گشتی ئاوارە کردن و... هتد. بۆ وێنە دەڵێن پژاک پەکەکەیە و لەگەڵی دانانشین چۆنکە دەست

وەردەداتە ڕۆژهەڵات، بەڵام کاتێ پژاک سەبارەت بە بوویەرێکی ڕۆژهەڵات لێدوانێک دەدا، یەکسەر لەبیریان دەچێ پژاک هەمان پەکەکەیە و دەکەنە هەرا ئەی بۆچی پەکەکە لێدوانی لەم بارەیەوە نەداوە. من چەندین جار هاوشێوەی ئەم بەهانە بەنی ئیسرائیلییەم سەبارەت بە هەدەپەش گوێ لێ بووە. بە زانینی ئەوەی کە پێشتر هەدەپەیان وەک باڵی پەکەکە پێناسە کردووە، خۆیان لە لێدوانی هەدەپە دژ بە ئێران دزیوەتەوە و بەهانەیان گرتووە کە بۆچی پەکەکە لەسەر فڵانە کردەوەی دەوڵەتی ئێران بێدەنگی هەڵدەبژێرێ؟!...

لەڕاستیدا دەسپێک و کۆتای هەموو بەهانەکانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بەرانبەر بە تەڤگەری ئاپۆیی بریتییە لە بەردەوام دانانی هێمای پرسیار لە بەرپێ و دانانی نیشانەی سەرسوڕمان لە بەردەم ئەم تەڤگەرەدا. لەم ڕێگایەشدا ئەوەی قەت بۆی گرنگ نییە ئەمەیە کە ئەم گومان و پرسیارانە چۆن وەڵام دەدرێنەوە و تەنیا ئامانج لێیان لیخنکردنی ڕوانگەی خەڵکە سەبارەت بەم تەڤگەرە. هەر بۆیە تەنیا ڕێگایی ئاسایی و لۆژیکی شرۆڤەکردنی ئەم بەهانە و تانانە بریتییە لە ڕووبەڕووکردنەوەیان لەگەڵ مێژووی ڕەفتاری خودی بیانکەگیران و تانەدەراندا. بە مانایەکی تر

هیچ شرۆڤە و شیکارییەک بە قەدەر گێڕانەوەی ئەم تانە و گومان و بەهانە و پرسیارانە و هاوکات گەڕانەوەیان بۆ خودی پرسیارکەران و تانەدەران و بیانووگران ناتوانێ بە ڕوونی مەبەست و ناخیان ئاشکرا بکات. پێداگری ئەم بەشەش لەسەر هێنانەوەی میناکەکان هەر لەم سۆنگەیەوەیە. کە واتە با دیسان لە میناکەکانی ئەم بەهانە سەرەتاییانە ورد ببینەوە. من هەندێ جار بینیومە بەهانەگیرەکان بە شێوەیەکی زۆر منداڵانە بەهانەی ئەمە دەگرن کە بۆ وێنە بۆچی پەیڤی کوردستان بە ناوی پارتگەلی وەک "پەیەدە" و "هەدەپە"وە نییە و نەبوونی ئەم پەیڤە وەک بەڵگە دێننە بۆ سەلماندنی ئەمەی کە تێکۆشانی ئەم پارتانە بۆ کورد و کوردستان نییە. بەڵام قەت خۆیان لە قەرەی ئەم ڕاستییە نادەن کە پەیڤی قەدەخەکراوی "کوردستان" کە سەردەمانێ تەنانەت بێژەکردنی دەبووە هۆی کوشتن و زیندانیکردنی خەڵکی کورد لە باکوور، ئەمڕۆ بەهۆی تێکۆشانی هەدەپە و هاوبیرەکانییەوە توانراوە دوبارە زیندوو بکرێتەوە. بیانووگرەکان بیانوو لە پەیەدە دەگرن کە گوایە بە بەکارهێنانی "باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا" لەباتی "ڕۆژاوای کوردستان" دەیەوێ ناوی کوردستان بسڕێتەوە، بەڵام ڕوونی ناکەنەوە کە لەلایەک خۆیان هەر باوەڕیان بە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات و... هتد نییە و سەد ساڵە بە پاشگری سووریا و ئێران

و... هتد ناویان لێدەنێن و لەلایەکی تریشەوە بەشێ لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێوەبەرییە وەک ڕەقا و منبج هەر بەشێک نین لە ڕۆژاڤای کوردستان و سەپاندنی ناوی کوردستان بە سەریاندا نە ڕەوایە و نەیش کردەنییە. لەم ڕۆژانەدا کابرایەک لەم بەهانەچییانە وەک ئەوەی تازە پێی نابێتە سەر ئەم زەمینە ڕەخنەیەکی توندی نووسیبوو لەسەر هەڵگرتنی وێنەی ئاپۆ لە ڕێپێوانەکاندا و ئەو دروشمانەی کە بۆی دەدرێن. بۆ وێنە لەسەر دروشمی "بێ سەرۆک ژیان نابێ" نووسیبووی مانای ئەم دروشمە ئەمەیە کە ئەگەر ئاپۆ مرد ئیتر دەبێ تەواوی کوردیش بمرێ. وەک ئەوەی پەکەکە دەرماڵی پێ گرتبێ و واژۆی لێ سەندبێ کە دوای مردنی ئاپۆ تۆ یەکەم کەسی کە دەبێ بمریت، بێ ناوبەر ئەمەشی زیاد کردبوو کە "من یەکێ کە نامەوێ بمرم". لەڕاستیدا من پێم وایە ئەمە گەمژەیییەکی گەورەیە کە مرۆڤ نەزانێ هەر لە یارییەکی فۆتبۆڵەوە بگرە تا بانگەشەی هەڵبژاردن، تا ڕێپێوانی پرۆتستۆیی، تا کارناڤاڵ و پێشوازیکردن، تا ڕێوڕەسمی خاکسپاری، تا کۆنسێرتی هونەری و... هتد، لە هەر بزاوتێکی بەکۆمەڵی مرۆییدا هەڵکردنی ئاڵا، بەرزکردنەوەی وێنەی سەرکردەکان و ئاوێتنی دروشم بەشێکی گرنگ و پێویستە لە حەماسەت و ڕۆحی بەکۆمەڵبوونی ئەو بزاوتە. ئەمە سەرباری ئەمەی کە ئاپۆ ئەمڕۆ

سیمبۆلی هەرە گەورەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردییە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا. ئەڵبەتە بەداخەوە زیانبارتر لەم نەفامییە ئەم دەرفەتەیە کە فەزای مەجازی لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ گەمژەکان دەیڕەخسێنێ. یەکێ لە ستراتیژییەکانی ئەم گەمژانە بەردەوام دروستکردنی هاوشێوەیی و لێکچوونە لەنێوان هێماکان، دروشمەکان و کردەوەکانی ئاپۆئیزم لەگەڵ ئەوانەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکاندا. بۆ وێنە کابرایەک لە فەیسبۆک لە کۆمێنتی لێدوانی کەجەکە بە بۆنەی عاشوورای شیعەکان بە گاڵتەوە نووسیبووی" بژی ئایەتوڵا ئۆجالان" تا بە خەیاڵی خۆی بیسەلمێنێ ئۆجالان لە ئاخوندەکانی ئێرانەوە نزیکە. ئەمجۆرە دژایەتیکردنە کوێرانە ڕقئامێزە تەنیا تایبەت نییە بە نەخوێندەوارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵکوو زۆر خوێندەواری بە ڕواڵەت ئاکادەمیسیەنیش تێیدا بەشدارن. بۆ وێنە لە نموونەیەکی تری ئەم دواییيانەدا کابرایەک بە ناو دوکتۆر کەماڵ سلێمانی کتێبێکی نووسیوە لەسەر پەکەکە. لەم کتێبەدا بەتوندی ڕەخنە لە مامەڵەکردنی ئەم تەڤگەرە لەگەڵ ڕێبەرایەتی ئاپۆ دەکات. بەڵام لەباتی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی و بەراوردی ئەمجۆرە مامەڵەکردنە تەنیا ئەمەی پێ کراوە کە لەباتی بەکارهێنانی واژە کوردییەکانی "سەرۆک، ڕێبەر، سەرۆکایەتی یان ڕێبەرایەتی"، لەپاڵ ناوی ئۆجالان دا وشەی تورکی "ئوندەر و

ئوندەرلیک" بەکار بێنێ تا بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەم پرسە لە مێشکی خوێنەردا هەرچی قیزەونتر وێنا بکات. من زۆر کەسانی وەک ئەم کابرایەم بینیوە کە بانگەشەی لێکدانەوەی زانستی بیردۆزییەکانی ئاپۆیان کردووە و کەچی لەجیاتی هەڵسەنگاندنی زانستی تەنیا ئەوەیان پێ کراوە کە ئەم گومانە پووچە بدەن بە گوێی خەڵکدا کە گوایە ئەو شتانەی ئاپۆ دەیاننووسێ هی خۆی نین و دەزگای میت بۆی دەنووسێ و دەیانداتێ تا بە ناوی خۆیەوە بڵاویان بکاتەوە!. لەڕاستیدا مرۆڤ بە بینینی ئەو لێشاوە نەفامەی کە بە تێگەیشتنێکی سەرەتایی لە ناسیۆنالیزم بەردەوام لەسەر شاشەکان و لەنێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت تانە لە ئاپۆئیزم دەدەن و بەهانەی بێبنەمای لێدەگرن، زیاتر لەوەی بەزەیی بە تەڤگەری ئاپۆییدا بێت، بەزەیی بە دۆزی ڕزگاریخوازی کورددا دێت کە ئەمڕۆ بە شێوازێکی دژواز و پارادۆکس بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە زیاتر لە پێش تووشی سەرەتاییبون بووەتەوە...

بێگومان ئەگەر لێرەدا بمەوێ نموونەکان ڕیز بکەم تانە و بەهانەکان کۆتاییان پێ نایەت و پێم وایە ئەم میناکانەی کە تا ئێستا هاتوون بە ڕۆشنی دەتوانن بەشێکی زۆر لە ناخی تانە و بەهانەکان دەربخەن. ئەوەی بەرچاو و ڕوونە ئەگەرچی بەشێکی

دیاری تانە و تەشەر و بەهانەکان لە نائاگاییيەوە دێن و ئەنجامی چەواشەبوونن، بەڵام بەشە گەورەترەکەی لەڕاستیدا لە ناویژدانییەوە سەرچاوە دەگرن. ناویژدانی بەمەی کە تانەدەران خۆیان دەزانن درۆیە و دەیکەن، وەک ئەو نموونەیەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد کە گوایە بیردۆزییەکانی بۆ دەنووسن و کتێبەکانی هی خۆی نین. ئەم بزاڤە سەرکۆنە دەکەن لەسەر هەمان ئەو کارانەی کە خۆیان بە زیادەوە کردوویانە و دەیکەن، وەک هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا. بە ئاشکرا لە بەرژەوەندی داگیرکەران دەدوێن، وەک ئەوەی کە پەکەکە منداڵان دەکاتە چەکدار. ڕاستەوخۆ لە زمانی داگیرکەرانەوە دەدوێن، وەک ئەوەی کە پەکەکە تیرۆریستە. لۆمەی ئاپۆئیزم دەکەن بەهۆی ئەو کارە نەکراوانەی کە خۆیان نایکەن و ناهێڵن ئەویش بیکات، وەک دروستکردنی یەکێتی لەنێو کورددا. گومان دروست دەکەن نە بۆ داواکردنی ڕوونکردنەوە، بەڵکوو بۆ لیخنکردنی مێشکی جڤاکە، وەک ئەوەی کە گوایە پەکەکە دەستکردی میتە. پرسیار دەکەن نە بۆ وەرگرتنی وەڵام، بەڵکوو بۆ ڕەشکردنە لەچاوی خەڵکیدا، وەک ئەوەی کە ئاپۆیی لە شەنگال چی دەکەن... و هتد. بەکورتی تێڕامانێکی زۆری ناوێ تا مرۆڤ تێبگات کە ئەم بەهانانە ڕێکاوڕێک لە هەمان ئەوانە دەچن کە بەنی ئیسرائیل بە درێژایی مێژوو لە

پێغەمبەرانیان دەگرت نە بۆ تاقیکردنەوە، نە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، نە بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکان، بەڵکوو بۆ پاکانەکردنی کەماسییەکان و بۆ شاردنەوەی هەڵەکانی خود، بۆ بەردەوامبوون لە ڕێبازە کلاسیکەکانی پێشووی و بۆ ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی. لەسەر ئەم بنەمایە جارێکی تر پێویستە ئاماژە بەمە بدەم کە ئارمانجی سەرەکی ئەم نڤیسارە نە نکۆڵیکردنە لە کەموکۆڕی و شاشییەکانی ئاپۆئیزم بە هەموو باڵەکانییەوە و نە پاکانەکردن و نەیش پشتیوانیکردن لێیەتی، بەڵکوو زیاتر لە هەموو ئەمانە لەقاودانی تانە و بەهانە ناڕاستەکانی بەرانبەری ئەم بزاڤەیە وەک هەنگاوێکی بچووک بە مەبەست و بە ئاواتی ژیرانەتر و بەویژدانترکردنی کۆمەڵگەی کوردی. ئەم نووسینە هەروەها بەبێ هیچ گومانێک هەموو ڕەخنەیەکی عەقڵانی و ویژدانی لە ئاپۆئیزم وەک تەواوکەری خۆی دەبینێ و پێی وایە جیا لەوەی ئەم ڕەخنانە لەلایەن بەردەنگی خۆیانەوە وەڵام بدرێنەوە یان نا، دواجار هەنگاوگەلێکی باشن بە ئاراستەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فرەڕەهەندتر.

# پەراوێز و بانگەوازێک

بە بۆچوونی من یەکێ لە دیوە هەرە لاواز و ناتەواوەکانی جڤاکی کوردی کە لە هەمان کاتدا یەکێکە لە دیوە هەرە شاراوەکان و هەرە پارێزراوەکانی ئەم جڤاکە لە ڕەخنە و ڕەخنەدان، بریتییە لە چۆنێتی ڕەفتار و ڕاوەستە و ڕامانی چینی نوخبە و ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە پرسی داگیربوونی کوردستان و دۆزی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و لەنێو ئەم دوو هاوکێشەیەشدا چۆنێتی ڕامان و ڕاوەستەی ئەم توێژەیە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی داگیربووندا. پەیوەست بە پرس و دۆزی داگیربوونی کوردستان ڕۆشنبیرانی کورد بە دیاریکراوی دەبن بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم، ئەو بەهرەمەندانەن کە بە ئاشکرا هاوکار و خزمەتکاری دەوڵەت و گەلانی داگیرکەری کوردستانن. من لێرەدا بەو پێناسە و مانا گشتییە نادروستەی کە بە شێوەیەکی کلاسیکی لە ڕۆشنبیر دەکرێ ئەم چینە بە ڕۆشنبیر ناو دەبەم، دەنا بە بۆچوونی خۆم ئەم چینە لە کەسانێکی بەهرەمەند ئەولاوە هیچی تر نین و قەت ناکەونە چوارچێوەی چەمکی ڕۆشنبیرییەوە. ئەم چینە لەڕاستیدا چینێکی بلیمەت و نوخبەن کە بەهرەیەکی هاوبەش جیا لە بەهرە تایبەتەکانی خۆیان هەموویان کۆ دەکاتەوە کە ئەویش بریتییە

لە "بەهرەی جاشایەتی". ئەگەر ئەمانە وەلا بنێین، دەستەی دووەم ڕۆشنبیرانی حزبین. ئەمانەش بەهۆی پابەندی و گیرۆدەبوون لە بازنەی بیرکردنەوەی حزبەکەی خۆیاندا بەشێکی گەورە لە خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیرییان لەدەست داوە. ئەم ڕۆشنبیرانە لەڕاستیدا لەباتی ئەوەی هێزێکی ڕۆشنگەری ئاراستەکەر بن لەناو پارتەکەیاندا، هەمیشە وەک ماشینێکی ئاراستەکراوی بانگەشە و پاساوهێن و پاکانەکەری حزب بەکار هێنراون. لەم ڕوویەوە ڕۆشنبیری حزبی لانیکەم هێندەی سیاسییەکان لە هەموو کردارێکی پارتەکەی خۆیدا بەشی هەیە و دەبێ هەمیشە مژارێک بێ لە مژارەکانی ڕەخنەکردنی هەم پارتی کوردی و هەم شەقامی ڕۆشنبیری کوردی. بەڵام مەبەستی من لەم بەشەدا بە دیاریکراوی لایەنێکی سێیەمی ڕۆشنبیرانی کوردە کە بریتین لەو کەسانەی کە گوایە ژیانێکی لە دەرەوەی ڕەوش و فەزای پارتایەتی دەژین و خۆیان وەک سەربەخۆ پێناسە دەکەن. بەداخەوە ئەم چینەش لە هەردوو بواری چۆنێتی ژیانکردن لە دۆخی داگیربووندا و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکاریدا جێدەستێکی پڕڕەنگ و باندۆرێکی بەرچاویان لەنێو جڤاکی کوردیدا نەبووە و تا ئێستاش نییە. بە گوتنێکی دیکە چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخی داگیربوونی کوردستاندا گەلێ

گەلێ کەماسی پێوە دیارە. یەکێ لە کەماسییەکان کە بە دیاریکراوی مەبەستی سەرەکی ئەم نڤیسارەیە بریتییە لە "چۆنێتی چاودێریکردنی سیاسەتی کوردی و بە دیاریکراوی حزبی کوردی لە ڕووی ویژدانییەوە". کاتێ دەڵێم لە ڕووی ویژدانییەوە، بە دیاریکراوی مەبەستم "ڕاستبوونی ئەخلاقی"یە.

وەک دواتر بە میناک زیاتر شی دەکەمەوە بەداخەوە ڕۆشنبیری سەربەخۆی کورد لە ڕەخنەکردن و شرۆڤەی گۆڕەپانی سیاسەت و پارتایەتی کوردیدا لە ڕووی ویژدانییەوە هیچکات نەیوێراوە بە ئاشکرا بە ڕەش بڵێ ڕەش و بە سپیش بڵێ سپی و هەمیشە ئەگەر دەنگێکیشی هەڵبڕیبێ یەکێکی لە ناڵ داوە و یەکێکی لە بزمار نەبادا قسەکانی بە لای لایەنێکدا بشکێتەوە. بە گوتنێکی ڕێکتر هیچکات هێزە جیاوازە پەیوەندیدارەکان بە دۆزی ڕزگاری کوردستان لەلایەن شەقامی ڕۆشنبیری کوردییەوە لەگەڵ یەکتریدا بەراوردێکی ئەخلاقی نەکراون. هەر ئەمەش یەکێک بووە لەو هۆکارە گرنگانەی کە نەیهێشتووە کۆمەڵگەی کوردی کە تا ئێستا نەیتوانیوە ڕزگارکەری کۆتایی خۆی بدۆزێتەوە، لانیکەم بتوانێ سوارچاک و دەمڕاست و خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی لەم بوارەدا بناسێ. لەڕاستیدا دیارینەکردن و نەپەژراندنی لایەنێک وەک

سوارچاک و سەرکێشی یەکەمی دژایەتیکردنی داگیرکاری سەر کوردستان لەلایەن گەلی کوردەوە تاکوو ئەم ساتەوەختەش یەکێکە لە کەلێنە هەرە گەورەکانی جڤاکی بندەستی کورد لە کاروانی تێکۆشانیدا بەرەو ڕاکردنی ئەم بندەستییە. ئەڵبەتە لێرەدا کاتێ دەڵێم ڕۆشنبیرانی کورد بزاڤە جیاجیاکانی کوردستانیان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد نەکردووە، مەبەستم قەت ئەمە نییە کە ئەوان بێن و بڵێن بۆ وێنە ئەم هەڵوێستە سیاسییە دروستە یان هەڵەیە، تاکتیکی فڵانە شەڕ دروست داڕێژراوە یان نادروست، بەڕێوەبردنی فڵانە دانووستان هەڵە بووە یان نا، فڵانە ڕێگەچارە بۆ دۆزی کورد گونجاوە یان گونجاو نییە، فڵانە ئایدۆلۆژی چارەسەری کێشەی کورد دەکات یان ناکات و... هتد. چۆنکە من پێم وایە ئەمجۆرە ڕەخنەکردنانە کارێکی پسپۆڕانەیە نە ڕۆشنبیرانە. کاری پسپۆڕ هەڵسەنگاندنی دروستی و نادروستی کارەکانە لەباری زانستی و لۆژیکییەوە بەپێی ئەو پسپۆڕییەی کە هەیەتی، لەحاڵێکدا ڕۆشنبیر ویژدانێکی جڤاکییە کە پێویستە لەسەر بنەمای بەها و نرخەکانی جڤاکی خۆی و بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو جڤاکە ڕاستی و ناڕاستی کارەکان لە باری ویژدانی و ئەخلاقییەوە هەڵبسەنگێنێ. ئەڵبەتە ئەمەش قەت بە مانای ئەمە نایەت کە هەموو ڕۆشنبیران دەرگەی عەقڵی خۆیان

دابخەن و نەوێرن شیکاری و شرۆڤەی خۆیان لەسەر پرسەکان بخەنە ڕوو. ئەوەی ڕێکاوڕێک مەبەستی منە و دەمەوێ بە ڕۆشنی بیڵێم ئەمەیە کە ئەرک و کاری سەرەکی و پیشەیی ڕۆشنبیر ئەمەیە کە بەپێی بەها و نرخ و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای خۆی لە ڕووی ئەخلاقی و ویژدانییەوە هەموو هەڵسوکەوتێکی نێو جڤاک بدا لە بێژنگ و سەرەتا ڕاست و ناڕاستە ویژدانییەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە، ئمجا بەپێی پسپۆڕییەکەشی دەتوانێ لەسەر دروست و نادروستە عەقڵانییەکانیش قسەی خۆی هەبێ. بە مانایەکی تر من لەم باوەڕەدام کە ڕۆشنبیر لەپێشدا نە هزری جڤاک، بەڵکوو دەبێ ویژدانی جڤاکەکەی خۆی بێ. وەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێکرد بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەی کوردی و پەیوەندیدار بە دۆخی داگیربوونی کوردستان یەکێ لە بوارەکانی ڕوونکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستییەکان لە ڕووی ویژدانییەوە بریتییە لە بەراوردکردنی لایەنە جوداکانی بزاڤی سیاسی و دژەداگیربوونی کوردستان لەگەڵ یەکتریدا و ئاشکراکردنی ئەمەی کە کامە لایەن بە ڕێگای ڕاستی ویژدانیتردا دەڕۆا و کام لایەنیش سەبارەت بە گەل و نیشتمان ناویژدانی دەکا، یان لانیکەم سەبارەت بەم نیشتمانە کامە هەڵسوکەوت ئەخلاقییە و کامەیان نائەخلاقی. ئەمە ئەو ئەرکە گەورە ویژدانییەیە کە ڕۆشنبیری کورد

بە پاساوی خۆسەربوون هەمیشە خۆی لێ دەشارێتەوە و لەم ڕوویەوە هەمیشە بەشێک بووە لە ناتەواوییە دەروونییەکانی ڕەوتی دژەداگیرکاری کۆمەڵگەی کوردی. بە مانایەکی تر ڕۆشنبیری ئێمە لە خوێندنەوەیەکی تەواو هەڵەدا ڕەخنەکردنی عەقڵانی و ڕەخنەکردنی ویژدانی لێ تێکچووە و ئەم دوو بوارە وەکوو یەک سەیر دەکا، لەحاڵێکدا ئەوەی یەکەم کارێکی پیشەییە و مرۆڤ سەربەستە بیکا یان نەیکا، بەڵام ئەوەی دووەم ئەرکێکی ویژدانی و پێویستییەکی ئەخلاقییە. با بە چەند میناکێکی زۆر سادە لە بواری جیاوازدا مەبەستەکەم ڕۆشنتر بکەمەوە.

وەک ئاشکرایە مێژووی ئێمە پڕە لە شەڕی براکوژی. زۆرێک لەم شەڕانە وەک وێنە شەڕی کۆمەڵە و دیمۆکرات لە ڕۆژهەڵات شەڕی ڕکابەری هیزە جیاوازەکانە. بێگومان ڕۆشنبیر لە ئاست ئەمجۆرە براکوژییە دەتوانێ بەپێی نیشانەکان بکەوێتە سەرکۆنەکردنی هەرکام لەم دوو لایەنە، یان دەتوانێ بە پاساوی وەک ناوبژیوانی نواندن یان بێئاگایی لەم ڕووداوە بێدەنگی لێ بکا. بەڵام ئایا ئەم ڕۆشنبیرە دەتوانێ سەبارەت بە شەڕی پارتی لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەنێو ماڵی خۆیاندا شانبەشانی سوپای ئەو وڵاتە بێدەنگ بێ؟!. بێگومان هەمووو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەزانێ ئەم دوو

کارەساتە لە گەوهەردا زۆر لەیەک جیاوازن. جیاوازن بەمەی کە یەکەمیان ڕقەبەری نێوان دوو هێزی نەزان و سەرەتایی و دواکەوتووە دژ بە یەکتر و ئەوەی دووەم خیانەتی ئاشکرای هێزێکی خائینە لەڕێگەی هاوکاریکردنی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستان دژ بە هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردی لەو پارچەیە. لێرەدایە کە من دەڵێم ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە ببێتە تەرازوویەکی ویژدانی بۆ جڤاکەکەی خۆی. ڕەنگە نموونەی یەکەم ڕەخنە هەڵبگرێ یان هەڵنەگرێ و لەوانەیە ڕۆشنبیر بۆی هەبێ ڕەخنەی عەقڵانی لێ بگرێ یان نەگرێ، بەڵام لە نموونەی دووەمدا ئیتر ئەوەی پێویستە ئامادە بێ ویژدانی ڕۆشنبیرە کە بە دەنگی بەرز بڵێ کام لایەن ڕاستە و کام لایەن ناڕاستە. چۆنکە ئەم پرسە پێچەوانەی پرسی یەکەم پرسێکی ویژدانی پەتییە و ڕۆشنبیر هیچ بۆی نییە خۆی لێ بدزێتەوە... .

با نموونەیەکی تری بەراوردی بێنمەوە تا تۆزێ زیاتر لە کەماسییەکانی ڕۆشنبیری سەربەخۆی کوردی لە بواری بەراوردکردنی ویژدانیدا نزیک ببینەوە. لە وڵاتێکی وەکوو عێراقدا وێڕای کەموکۆڕییەکان هەر چۆنێک بێ سیستەمێکی نیوە و ناچڵی بە ڕواڵەت دیمۆکراتیک بوونی هەیە کە تۆزێک لە لاساییکردنەوەی

دیمۆکراسی و بەڕێوەبردنی هاوبەشی تێدا بەدی دەکرێ. لەم سیستەمەدا سەرکردەیەکی وەک مەسعوود بارزانی بۆی هەیە لەگەڵ هەر لایەنێکی شیعە و ناکوردیدا هاوپەیمانی پێک بێنێ و لە چوارچێوەی یاساکانی ئەم فیدراڵییەتەدا گەمەی سیاسی خۆی بکات و ڕۆشنبیری کوردیش دەتوانێ بە ئەرێنی یان نەرێنی ڕەخنە لەم گەمە سیاسییە بگرێ و بە ئەرێنی یان نەرێنی لێکدانەوەی بۆ بکات. بەڵام کاتێ ئەم کەسە کە زۆر جاران خۆی بە سەرۆکی هەموو کورد و کوردستان دەزانێ، لە باشوورەوە دەچێ بۆ باکوور و دەکەوێتە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ یەکێ لە دڕندەترین دژمنانی کورد لە کەسایەتی ئەردۆغان و ئاکەپەدا، ئیتر خۆسەر لەمەی بەرانبەرە کوردەکەی کێ بێ، لەوە دەردەچێ کە خەریکی گەمەیەکی سیاسی ئاسایی بێ و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێگەیەکی ناویژدانی پەتییەوە. کەچی شەقامی ڕۆشنبیری کوردی هەر وەک بڵێی ئەم کارە گەمەیەکی ئاسایی هەڵبژاردن بێ لە وڵاتێکی دیمۆکراسیدا، هیچ کاردانەوەیەک بەرانبەر بەم خیانەتە گەورەیە نانوێنێ. ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە هەڵوێستی لۆمەکردن و شەرمەزارکردنی ڕۆشنبیرانی فارس بەرانبەر بە سازمانێکی وەک موجاهدین کە تەنیا تاوانی ئەوە بوو لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەدا بە ناچاری پەنای بردە لای سەدام، دەتوانین بە ئاسانی تێبگەین

**کە چینی ڕۆشنبیرانی کورد لە چۆن کەلێنێکی گەورەی ویژدانیدا دەژین سەبارەت بە پرسە نیشتمانییەکان!. با میناکی سێیەم لە پرسی هاوکاریکردنی پارتە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا بێنمەوە. ئێمە دەزانین کە کوردستان بە جۆرێ دابەش کراوە کە پارچەکان لە گەمارۆیەکی هەمیشەیی دەوڵەتانی داگیرکەردان و هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری پارتە کوردییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەمیشە ئاستێک لە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا هەر هەبووە. بێگومان ئەمجۆرە پەیوەندییە ناچارییە چەندە تاڵیش بێ، تا ئەو شوێنەی کە لەسەر لێدانی ڕاستەوخۆی پارچەکانی تر و یەکێتی ڕۆحی نەتەوەیی نەبێ ڕێژەیەک لە لۆژیکی هەر تێدایە و ڕۆشنبیری کورد بەپێی تێگەیشتنی خۆی دەتوانێ شرۆڤە و شیکاری بۆ بکا و بڵێ لە ڕووی لۆژیکییەوە چەندە دروستە و چەندە نادروستە. بەڵام وەک بەشێ لە پارتەکانی باشوور و پاشکۆکانیان لە بەشەکانی تر بە ئاشکرا کردوویانە و دەیکەن، کاتێ ئەم پەیوەندییە دەگۆڕێ بۆ هاوکارییەکی نزیک و پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی داگیرکەران بە مەبەستی دژایەتیکردن و لێدانی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندی پارچەکانی دیکە و تەنانەت پارچەکەی خۆشیان، دیسانەوە دەبینین چاوی ویژدانی ڕۆشنبیری کورد لە ئاست ئەم**

پەیوەندییەدا ترسنۆکانە کوێر دەبێ و ناتوانێ ببێتە بەرسڤێکی ویژدانی و ئەخلاقی لە ئاست ئەم نارێکییە گەورە و کوشندەیەدا. بە ڕای من مژاری چۆنێتی پەیوەندی سیاسەتی کوردی لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر یەکێکە لە گرنگترین مژارەکانی پەیوەندیدار بە درێژەکێشانی داگیرکاری لەسەر کوردستان کە پێویست بوو سەدان ڕۆشنبیر لەسەری ڕاوەستن و دەیان کتێب و سێمینار لە بارەیەوە بنووسن و ڕێکبخەن، بەڵام لانیکەم من تا ئێستا نەمدیوە هەنگاوێکی ئەوتۆی شیکارانە لەسەر کەلەمناسی یان پاتۆلۆژی ئەو پەیوەندییانە هەڵگیرابێ کە بە ئاشکرا مانای پەیوەندییان تێپەڕاندووە و دەربازی خیانەتێکی پەتی بوونە. چما ڕۆشنبیری سەربەخۆ نازانێ کام پەیوەندی کام حزبی کوردی لەگەڵ کام دەوڵەتدا لەسەر بازاڕیکردن و بە زیانی کام پارچەی کوردستانە؟!. گەلۆ کوێی لەقاودانی ئەمجۆرە ڕاستییانە زیان بە سەربەخۆیی ڕۆشنبیر دەگەیێنێ؟!. ئایا هاوارکردنی ئەمەی کە کام لایەن خۆخۆرتر بووە لەوانی تر، کام پارت زیاتر لەوانی دی هاوکاری داگیرکەرانی کردووە دژ بە نەتەوەی دایک و هەزاران پرسیاری بەراوردی دیکەی لەم شێوازە سەبارەت بە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی بایی ئەوە ناهێنێ ڕۆشنبیری کورد سەربەخۆیی خۆی لەپێناویدا بخاتە بەر مەترسی؟!...

بەداخەوە ئەم کەمتەرخەمییە ویژدانییە بێوێنەیەی ڕۆشنبیری کورد تەنیا لە ئاست نارێکییەکانی سیاسەتی کوردیدا نەبووە و نییە و تەنانەت ئەو نارێکییانەش دەگرێتەوە کە لەنێوان سیاسەت و شەقامی ئاساییدا هاوبەشن. میناکێکی دیکە لەو نارێکییانەی کە ڕۆشنبیری سەربەخۆی کورد تا ئێستا لە ڕووی ویژدانییەوە خۆی لە قەرەی نەداوە نارێکییەکە لە جۆری نموونەکەی پێشووە و پەیوەندارە بە پرسگرێکی چۆنێتی پەیوەندیگرتن لەگەڵ داگیرکەراندا، بەڵام بەم جیاوازییەی کە لێرەدا نارێکییەکە پارتی سیاسی کوردی دەرباز کردووە و تەشەنەی کردووە بۆ نێو جڤاک و سەر شەقامی کوردی. وەک دەزانین بە درێژایی سەدەی ڕابردوو جیهانی ڕۆشنبیری کوردی سەبارەت بە جاشایەتی کە هەمیشە وەک پرسگرێک و کێشەیەکی نارێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووە هیچ هەڵوێستێکی ڕۆشنگەرانە و دژبەرانەی نەنواندووە و ئەمەش بە ڕای من یەکێکە لە نیشانەکانی خوێنساردی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی سەبارەت بە نیشتمانەکەی. با بڵێین ئێمە بەم خوێنساردییەی ڕۆشنبیران سەبارەت بە پرسی گشتی جاشایەتی ڕاهاتووین و وەلای بنێین، بەڵام ئەمڕۆ نەگبەتییەکی گەورەتر لە ئارادایە کە مرۆڤ ناتوانێ چاوی لێ دابخا کە ئەویش بریتییە لە سیخوڕیکردن بۆ داگیرکەران

وەک یەکێ لە قیزەونترین و پیسترین جۆرەکانی جاشایەتی. ئەمڕۆ هەموو کەسێ دەزانێ کە لە تەواوی کوردستان و بەتایبەتی لە باشوور سیخوڕی بۆ داگیرکەران ئیدی لە بوویەر دەرچووە و بووەتە دیاردەیەکی ترسناک و ئەگەر وەهاش بڕواتە پێش دوور نییە ببێتە نەریتێکی ناڕێکی گشتگیر. ئەم سیخوڕییە لە هەموو بوارەکاندا بوونی هەیە و لەوە تێپەڕیوە کە تەنیا لە ئاستی ناوخۆییدا بێ و زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان تەنانەت بۆ داگیرکەرانیش سەبارەت بە یەکتری سیخوڕی دەکەن. لەمەش زیاتر داگیرکەران تەنانەت توانیویانە لە ئاستی شەقامی کوردیشدا سیخوڕی کورد بۆ خۆیان دروست بکەن. لەم دووسێ ساڵی دواییەدا نە هاوکاری هەواڵگری لەگەڵ ئێران و تورکیا سەبارەت بە شوێن و تەڤگەری گەریلا و تێکۆشەرانی کورد لە باشوور شتێکە نکۆڵی لێ بکرێ و نەیش تێوەگلانی بەشێک لە خەڵکی سڤیل لەم هاوکارییە قیزەونە شتێکە شاردنەوە هەڵبگرێ. کارەساتێکی ئەخلاقی و ویژدانی گەورە کە لەڕاستیدا مەرگەساتێکی کۆمەڵایەتیشە. بەڵام بەداخەوە چینی ڕۆشنبیرانی کورد وەک کەوێ سەری خۆی خستبێتە ژێر بەفرەوە تاکوو ئێستا سەبارەت بەم ناڕێکییە ئەخلاقییە لە بێدەنگییەکی قووڵدا دەژیت. بەڕاستی تێگەیشتن لە ناخ و لە هۆکاری ئەم بێدەنگییە یەکێکە لە مەراقە

هەرە گەورەکانی من. گەلۆ ئەگەر ڕۆشنبیری کورد بە پاساوی سەربەخۆیی ناتوانێ بە ئاشکرا بڵێ کام حزب جاشایەتی و سیخوڕی دەکا و کام حزب نایکا، خۆ دەکرێ لەسەر ئەمە بێتە دەنگ کە کۆمەڵگایەک بە تۆڕێکی گەورە لە سیخوڕی ناوخۆیی تەنراوە!. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ڕۆشنبیری کورد کە پێویستە لەسەر هەموو شتێک بێتە دەنگ، لە بەرزترین ئاستی خوێنساردیدایە سەبارەت بە گەل و نیشتمانەکەی؟!...

بە هەرحاڵ، هەرچەندە من لەم بەشەدا مەبەستم بوو بە دیاریکراوی لەسەر کەمتەرخەمی نواندنی ڕۆشنبیری کورد لە بواری هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی هێزە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتریدا ڕاوەستە بکەم، بەڵام کورد گوتەنی قسە قسە دێنێ، کە واتە با تا لێرەداین لە درێژەی میناکەکەی پێشوودا نموونەیەکی تریش لە بواری جڤاکیدا بێنمەوە تا بزانین کە ئەم کەمتەرخەمی و خوێنساردییە لە بوارەکانی دیکە و بەتایبەت سەبارەت بە پرسە جڤاکییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی بە وێنایەکی بەرچاو لە ئارادایە. ئەمڕۆ یەکێ لە نارێکییە هەرە گەورەکانی جڤاکی کوردی کە بەڕاستی شەرمەزاری و نەگبەتییەکی گەورەیە بۆ هەموو کورد بریتییە لەو لێشاوی گەشتیارانەی باشوور بۆ وڵاتانی ئێران و

**بەتایبەتی بۆ تورکیا. تەنیا لە نموونەیەکدا لە جەژنی قوربانی ساڵی ٢٠٢٢دا ١٠٨ هەزار بلیتی گەشتکردن لە باشوورەوە بەرەو تورکیا فرۆشراوە. ئەم دیاردە جڤاکییە گوزارەیەکی ئاشکرایە لە شەیدابوونی نەگبەتئاسای ئەم جڤاکە بندەستە بە دژمنان و داگیرکەرانی خۆی. بەڕاستی من وەک ڕۆژهەڵاتییەک کە لە نزیکەوە ئەم شەهوەتە گەورەیەی خەڵکی باشوور دەبینم لە گەشتکردن بەرەو شارە فارسەکانی ئێران، ئەم نارێکییە لە چاومدا هێندە ناسروشتی دەنوێنێ کە وام لێدەکات ئەم دیاردەیە وەک یەکێ لە لۆمەییترین و شەرمناکترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی گەلی کوردی بزانم... . بە هەرحاڵ دیسانەوە لێرەشدا ئەوەی لە ئارادایە گوێخەفتنی ڕۆشنبیری کوردە لەمەڕ ئەم شەرمەزارییە گەورەیەدا. بەڕاستی ڕۆشنبیری کورد ئەگەر لە ڕەخنەکردنی ویژدانی پەیوەندییە ئابۆرییەکانی دەسەڵاتی باشوور لەگەڵ ئێران و تورکیادا مەترسی ئەوە دەبینێ کە بە لایەنگری یان دژایەتیکردنی لایەنێک لە لایەنە کوردییەکان تۆمەتبار بکرێ، خۆ لە ڕەخنەکردنی تەوژمی کاروانەکانی گەشتیارانی ئەم هەرێمە بۆ ئەم دوو وڵاتە مەترسییەکی ئاوەها لە ئارادا نییە. ئەدی بۆ لەم بارەیەوە نایێتە دەنگ؟!...**

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لەوانەیە نکۆڵی یان پاساوێکی تریان هەبێ بۆ ئەم کەمتەرخەمییە. لەحاڵێکدا کە زمان نزیکترین چەمکە لە ڕۆشنبیرەوە و ڕۆشنبیر دەبێ بە شێوەیەکی ئاسایی پێشەنگی هەموو تەڤگەرێکی جڤاکی بێت بۆ پاراستن و گەشەدانی زمان، کەچی تاکوو ئێستا هیچ هەڵمەتێکی فەرهەنگی بۆ پاراستنی زمانی کوردی لەلایەن چینی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆوە نەبینراوە، ئەم چینە هیچ دەسپێشخەرییەکی بۆ هۆشیارکردنەوەی جڤاکی کوردی سەبارەت بە گرنگی زمانی دایک لەدار نەخستووە، بۆ گەیاندنی ستەمی زمانی داگیرکەران دژ بە زمانی کوردی بۆ جیهانی دەرەوە تا ئێستا هیچ سەفەربەرییەکی ڕێک نەخستووە... و هتد. بەڕاستی ئەگەر هەڵمەت و دەسپێشخەری و کامپانیا بەتایبەت سەبارەت بە زمان کاری ڕۆشنبیران نییە بۆچی هەر ئەم ڕۆشنبیرانە چەند جارێ بە دیوە نەرێنییەکەدا هەر لەم بوارەدا هەنگاویان هەڵگرتووە. بۆ وێنە ئێمە لەبیرمان نەچووە کە دوای سەرهەڵدانی کیانی باشوور چۆن ڕۆشنبیران دەکەوتنە کۆکردنەوەی واژۆ و ڕێکخستنی کامپانیا و دەرکردنی بەیاننامە سەبارەت بە مژاری فەرمییەتی زمان کە بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی زاراوەگەرایی تۆخی ئەم ڕۆشنبیرانە بوو!...

هەرچەند لەوانەیە بە هێنانەوەی هەندێ میناکی وەک ئەم نموونەی کۆتاییيە باسەکەم لە مژاری سەرەکی دوور خستبێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەم نموونانە دەتوانن سەبارەت بە پێگە و سەنگی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ لەنێو جڤاکی کوردیدا بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشن. بە هەرحاڵ با لە کۆتاییدا جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر باسە سەرەکییەکەی ئەم بەشە کە ئەویش بریتی بوو لەمەی کە ئەو ڕۆشنبیرانەی خۆیان وەک سەربەخۆ پێناسە دەکەن لە تێگەیشتنێکی هەڵەدا پێیان وایە چۆنکە سەربەخۆن نابێ هیچ بەراوردێکی ویژدانی لەنێوان حزبە کوردییەکاندا بکەن. هەر ئەم نەوێرییەش بووەتە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم دۆخە نەگبەتییەی کە کورد پەیوەندیدار بەم حزبانە تێیدا دەژی. ئەم ڕۆشنبیرانە لەڕاستیدا زانستە یان نەزانستە شاردنەوەی ڕاستییەکانی جڤاکی خۆیان پێ باشترە تا ئەوەی لەلایەن هەندێ کەسەوە بە لایەنگری تۆمەتبار بکرێن. بێدەنگکردنی ویژدانی خۆیان پێ باشترە تا ئەوەی لەلایەن خەڵکی ئاسایی یان لایەنگرانی حزبەکانەوە داوەری بکرێن و پەیوەندیدار بە دۆزی کورد من ئەمە بە نارێکییەکی گەورەی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی دەزانم. لێرەدا با جارێ تر ئەمە بەرجەستە بکەمەوە کە مەبەستی من لە بەراوردکردن قەت بەراوردکردنی دروستی و

نادروستی کردار، ڕێباز، سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ئەم لایەنانە نییە لە ڕووی لۆژیکی و عەقڵانییەوە، بەڵکوو بەراوردکردنێکی ویژدانی پەتییە کە هەموومان وەک مرۆڤ تێیدا هاوبەشین و بە ئاسانی لێی تێدەگەین، بەم جیاوازییەی کە دەنگی ڕۆشنبیر دەنگێکی بڵندتر و وریاکەرەوەیە کە پێویستە لەم بارەیەوە بەرز بکرێتەوە. هەر بۆیە من لەو باوەڕەدام کە ڕۆشنبیرانی کورد نەتەنیا وەک ئەرکێکی ڕۆشنبیری، بەڵکوو وەک ئەرکێکی نیشتمانی لەسەر شانیانە کە بە ئاشکرا و بە ڕوونی جڤاکی بندەستی کورد لەمە بەئاگا بێننەوە کە کام هێز لە ڕووی ویژدانییەوە نزیکترە بە دۆزی ڕەوای کورد. بەکورتی مرۆڤ سەبارەت بە هەر دۆزێک قەت ناتوانێ ڕەخنە لە ڕەفتاری کەسێک بگرێ کە دڵسۆزی ئەو دۆزە نییە و هەروەها ناشکرێ هەنگاوەکانی کەسێک سەبارەت بە شتێک لە بێژنگی عەقڵ بدرێ و لە ڕووی لۆژیکەوە هەڵسەنگاندنی دروستی و نادروستییان بۆ بکرێ لەکاتێکدا هیچ گرێدراوییەکی ئەخڵاقی و ویژدانی پێوە نییە. هەر بۆیە بەتایبەتی لە پرسی داگیربوونی کوردستان و لە دۆزی ڕزگاریخوازی کورددا پێویستە مرۆڤ خاوەنی ڕاستەقینەی دۆزەکە لە ڕووی ویژدانییەوە دەستنیشان بکا و ئەمە ئەو ئەرکە ویژدانی و ئەخلاقییە ونکراوەیە کە ڕۆشنبیری کورد تاکوو ئێستا لێی دوور بووە و هێشتاش خەریکە خۆی لێ

**دەدزێتەوە. ئەمە یەکێکە لە پرسە هەرە درەنگماوەکانی جڤاکی کوردی لە کاروانی تێکۆشانی خۆیدا کە بە ڕادەیەکی زۆر لە چاوی ئەم جڤاکە بندەستە بە شاراوەیی ماوەتەوە و بە هەڵکەوت دەبێ لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە ڕۆشن بکرێتەوە...**

**٢٠٢٢/٩/٢**

# BIRAYETIYA GELAN Û TANEYA BIRAYAN

## ( APOÎZM Û TANEYÊN NASYONALÎZMA SERETAYÎ )

## JÎRO ZAGROS